گۆتفرید یۆهانس میوللەر

# دزەکردنە ناو
# کوردستانی داخراو

لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕانی
عوسمان عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠١١

٩١٠,٤٠٩٥٦٦٧ میووللەر، گۆتفرید یۆهانس
م ٤٣٣ دزکردنە ناو کوردستانی داخراو/ نووسینی گۆتفرید یۆهانس میوللەر؛ وەرگێڕانی عوسمان عەبدوڵڵا هەلچەبجەیی.
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠١١.
١٧٨ل: (١٤,٨٥×٢١ سم)، زنجیرە: ١٣٧. وێنەدار.
١- گەشتنامە- کوردستانی عیراق.
ئـ. ناونیشان. ب. زنجیرە.

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیقساڵح**

**زنجیرە:** ١٣٧
**کتێب:** دزەکردنە ناو کوردستان
**دانەر:** گۆتفرید یۆهانس میوولەر
**وەرگێڕ** (لەئەڵمانییەوە): **عوسمان عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی**
**پیتچنین و هەڵەگری:** وەرگێڕ
**خەت و رووبەرگ:** ئەحمەد سەعید
**لەقاڵبدان:** لاس
**تیراژ:** ٥٠٠
**نرخ:** ٤٠٠٠ دینار
**ژمارەی سپاردن:** ١٩٥٤ی ساڵی ٢٠١١ی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان
**شوێنی چاپ:** سلێمانی، چاپخانەی شڤان

**سەرچاوە:**
Gottfrie Johannes Muller, Einbruch ins Verschlossne Kurdistan,Buchcover der Ausgabe von 1937.

**هەموو مافێك پارێزراوە.**

## بنکەی ژین

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید)
تەلەفۆن: ٢-٣١٩٤٧٣١ ئاسیا: ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆرەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ س. پۆست: ١٤
**ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com ماڵپەڕ: www.binkeyjin.com**

## پێشەکیی وەرگێڕ

ئەم کاری وەرگێڕانە سەرەتا وەك پێویستییەك بوو، بەرێکەوت بەڕێز فەیرۆز حەسەن عەزیز، مامۆستا لە بەشی مێژووی کۆلیجی زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی سلێمانی داوای لێ کردم بەشێکی کتێبی ( Einbruch ins verschlossene Kurdistan) لە نووسینی ڕۆژهەلاتناس و گەڕیدەی ئەڵمان "گۆتفرید یۆهانس میوللەر"ی بۆ بکەم بە کوردی، بۆ ئەوەی لە کارە ئەکادیمیەکەیدا وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی کەڵکی لێ وەربگرێ و بیکاتە پاڵپشتی ڕاو بۆچوونەکانی خۆی.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٣٧ لە چاپخانەی فیلادلفیای شاری شتووتگاردی ئەڵمانیا لەچاپ دراوە. کتێبەکە بە شێوەی ئەلفوبێی کۆنی ئەڵمانی نووسراوە. پاش وەرگێڕانی ئەو بەشەی، کە مامۆستا فەیرووز بۆی دیاری کردبووم، کتێبەکەم بەتەواوی خوێندەوە، بایەخی لەڕووی مێژووییەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و بەپێویستم زانی وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەم کتێبە جگە لەوەی کە وەك چیرۆك و بەسەرهاتی گەشتیارێکی بێگانەیە، تاموچێژێکی تایبەتیشی بۆ خوێنەر هەیە، هەروەها دەکرێ وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لە گەلێ لایەنی زانستییەوە سوودی لێ وەربگیرێ.

گەلێ گەڕیدەو ڕۆژهەلاتناس ڕوویان لە کوردستان کردووە و بەناو کوردستاندا گەڕاون. بەگشتی زۆریان بۆ کاری سیخوڕی و هەواڵگریی سیاسی هاتوون، هەندێکیشیان لەگەڵ ئەو کارەیاندا، یا ڕاستەوخۆ ویستوویانە خزمەتێك بە کورد بکەن و هەندێ زانیاری لەبارەی نەژادو ڕەسەنی نەتەوەی کورد و زمان و ئەدەبی کوردییەوە، بەتایبەت فۆلکلۆر و

گۆرانی، کۆ بکەنەوە و ڕووی ڕاستی کۆمەڵایەتی و باری ژیان و گوزەرانی کورد بنووسنەوە و بە جیهانی بناسێنن. بەڵام بەداخەوە زۆریان بەهۆی ئەوەوە کە پێشتر بە پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە هاتوون، هەندێکیان پێش چوونە ناوەوەی کوردستان، کۆمەڵێك زانیاریی هەڵە و دوور لەڕاستییان پێ بووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕاستیەکان نەدرکێنن و جارجاریش بیانوو و پاساوی نادروست بۆ دیاردەکان بهێننەوە.

لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، هەندێ باری سەرنج و تێبینیم لەلا گەڵاڵە بوو، لێرەدا چەند نموونەیەکی دەخەمە بەر چاوی خوێنەران، بەڵگەی ئەوەن نووسەری ئەم کتێبە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی تایبەت و کارێکی زۆر نهێنی گەیشتووەتە کوردستان، لەبەر ئەوەی لە لاپەڕە ١٣دا دەڵێ: لە قودس هاوڕێیەکی ئەڵمانی چاوەڕێی دەکردین. هەروەها لە لاپەڕە ١٩دا دەڵێ: لە بەغدا چووینە ئەو هوتێلەی کە خۆمان دیاریمان کردبوو، "هوتێل نوعمان"، یا لە بڕگەیەکی تردا دەڵێ: لەو هوتێلە دەسمان کرد بە وەڵامدانەوەی نامەکان. لەلایەکی کەوە، هەڵگرتنی جگەرەی (تلیاك) و بێهۆشکەر و حەبی دژەژار لە گیرفاندا و بەخشینی بە کەسانێك لەکاتی پێویستدا، بۆ گەشتیار و گەڕیدەیەکی ئاسایی جێی سەرنج و پرسیارە.

جگە لەوە، چەند خاڵێك هەیە ئەوە دەسەلمێنن کە "یۆهانس میوللەر" نووسەرێکی تواناو ورد نەبوە؛ بە واتایەکی تر، مەبەستە سەرەکیەکەی کاری گەشتیاری و نووسینی بەسەرهات و گەشتنامەیەکی ئەدەبی نەبوە، بۆیە کەوتووەتە چەند هەڵەیەکەوە" لەوانە زۆر زۆر بەکەمی نەبێ مێژووی سەردان و ڕۆژ و مانگ و ساڵی گەشتەکسسسانی بۆ بیابانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت بۆ شار و لادێکانی کوردستان دیاری نەکردوون، ئەمە جگە لەوەی لە کات و ماوەی نێوان گوند و شارەکاندا هەڵەی زۆری کردووە، هەروەها

**شارەزاییی‌یەکی ئەوتۆی لە جۆری پارەی مامەڵەپێکراوی ئەو سەردەمەی کوردستاندا نەبوە و ناوی پارەی باوی بەکارهاتووی نەزانیوە.**

**بە هەر شێوەیەك بێ، ئەم کەموکورییانە لە بایەخی ئەم کتێبە کەم ناکەنەوە و دەکرێ خوێندنەوەی ورد و بۆچوونی زانستیانە بۆ ناوەڕۆکی زۆربەی بڕگەکانی بکرێ و کەڵك لە زانیاریەکانی وەربگیرێ، بەتایبەت ئەوانەیان کە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و داب و نەریتی کوردەوارییەوە نووسراون. هەروەها دەشێ بیروڕاکانی لەبارەی شێخ مەحمودی حەفید و دەسەڵاتەکەیەوە هەڵسەنگاندنی تایبەتی لەڕووی سیاسییەوە بۆ بکرێ، لەکاتێکدا نووسەر بیروڕاکانی شێخ مەحموود بەرانبەر بە داگیرکەران و لەت‌وپەتکردنی کوردستان وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بەوردی تۆمار کردووە.**

**لەکۆتاییدا هیوام وایە بەم وەرگێڕانە توانیبێتم پاداشتی خزمەتی نووسەرێکی ئەڵمان بەرامبەر بە نەتەوەکەم بدەمەوە و خوێنەری کوردی پێ ئاشنا بکەم و ئەم وەرگێڕانە جێیەك لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێتەوە، دڵنیاشم لەوەی هیچ کارێك بەبێ کەموکورتی و لە هەڵە بەدەر نابێ، بۆیە لەو لایەنەوە داوای لێبوردن لە هەموان دەکەم.**

**عوسمان عەبدوڵڵا**
٢٠٠٩/١٢/١٠

## کورته ژیاننامەیەکی گۆتفرید میوللەر

گۆتفرید میوللەر، لە ١٩١٤/٤/١٠دا لە دێی گشفێندەی خواروی ئەڵمانیا وەك دووەم منداڵی باوك و دایکی لەدایك بووە، باوکی زیندروو بووە و پارچەزەوییەکی هەبوە بۆ دابینکردنی ژیانی خێزانەکەی.

١٩٢٠–١٩٢٦: لە قوتابخانەی میللیی هەمان دێ خوێندوویەتی.

١٩٢٦–١٩٢٩: لە ئامادەیی بازرگانی پیشەیی/ بواری بازرگانیی شتومەك خوێندوویە لە هەمان دێ و لەو بوارە کاری کردووە. حەزی دەکرد لە بواری پزیشکیدا بخوێنێت، بەڵام لەبەر کەمدەرامەتی نەیتوانیوە ئەو ئاواتەی بهێنێتە دی.

١٩٣٠–١٩٣٥: لە بواری بازرگانیدا، لە چەند کۆمپانیایەك کاری کردووە و لە ڤییەنا بووەتە نوێنەری بەشی مۆدەی جلوبەرگی پیاوان لەسەر ئاستی نەمساو ئیتاڵیا.

١٩٣٥–١٩٣٦: بە پاسکیل گەشتێکی –بە ڕێی وشکایی و دەریاییدا– کردووە بەرەو ڕۆژهەڵات، تا گەیشتووەتە قاهیرە و سەری لە هەرەمەکان و (بەیت لەحم) لە فەلەستین و بەغدا داوەو توانیویە بگاتە ناوچەرگەی کوردستانی داخراو (کە مەبەست لەم کتێبەی بەردەستە). ئەم کتێبە ساڵی ١٩٣٧ بڵاو کردووەتەوە، کە بە پیتی کۆنی ئەڵمانی نووسراوە و باسی ئەو گەشتەی کردووە کە پێی گەیشتووەتە کوردستان.

١٩٣٧–١٩٣٨: بانگێشتی سەربازی کراوە، لە سەربازیدا فێری سوارچاکی و ئەسپو عەرەبانە لێخوڕین بووە. پاش تەواوبوونی ماوەی سەربازیەکەی، بە پلەی ئەفسەری ئیحتیات کۆتایی بە کارەکەی هێناوە.

**١٩٣٩–١٩٤٠: بازرگان لە ڤییێنا، سوارچاك و بەشداری کێبڕکێ گەورەکانی سوارچاکی، کاتێك جەنگی دووەمی جیهانی بەرپا بووە، بانگێشت کراوە بۆ سەربازی. لەو ماوەیەدا برایەکی لە شەڕدا کوژراوە.**

**١٩٤٠–١٩٤٢: بووەتە مامۆستا بۆ ڕاهێنانی سەربازی. کاری ڕاهێنانی سەرباز بووە بۆ شەڕی ڕووسیا، بەتایبەتی لینینگراد. نیوەناچڵ لە بواری فێربوونی فڕۆکەوانیدا خوێندوویە و مەشقی کردووە.**

**١٩٤٥–١٩٤٨: گەورەترین پڕۆژەی مسۆگەرکردنی نەوتی کوردستان بۆ سوپای ئەڵمانی (پڕۆژەی ماموت)، ئەم کارە نهێنییە لای دەزگای هەواڵگریی ئینگلیز ئاشکرا بووە، لەگەڵ "ڕەمزی نافع"ی کورددا لە گرتووخانەکانی عێراق گیراوە و کراەتە ژووری تاکەکەسی و ژووری ئیعدام. چەند جارێك هەوڵی هەڵهاتنی داوە. پاش کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی بەر بووە، بەسەرهاتی ئەم هەوڵەی لە ساڵی ١٩٥٩دا بە کتێبێك بە ناوی (لە ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوودا) بڵاو کردووەتەوە. ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی و ئینگلیزی و تورکی. سەرنەکەوتنی لەم کارەدا و ڕزگاربوونی لە ژووری ئیعدام ب پاڵپوەتە هاندەری سەرەکیی بۆ بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دامەزراوی ئاشتی.**

**١٩٤٨–١٩٥٠: ساڵی ١٩٤٨ ئازاد کراوە لە بەندیخانە، گەڕاوەتەوە بۆ لای خۆشەویستەکەی و خێزانی دروست کردووە. وەك نوێنەری کۆمپانیایەکی دڵنیایی کاری کردووە و لە هەمان کاتدا ئابووریی میللیی خوێندووە.**

www.zheen.org

**١٩٥١–١٩٥٤: دەبێتە نوێنەری کۆمپانیای سمنس لە شتوتگارت، خۆشگوزەرانی ئاسودەیی ناداتە ئەو،خولیای ئەوە دەبێت ئەو بڕیارەی کە لە بەندیخانەدا دەیدات(گەر ڕزگارم ببێ مەرجە تەنیا بۆ ئاشتی کاربکەم) .**

١٩٥٥–١٩٥٧: زیاتر هەوڵی داوە بۆ ئەنجامدانی کارێك بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، لەگەڵ "ئەبراهام بۆلژاك"دا چەند سیمنارێکی لە ئەڵمانیا و سویسرا و ئینگلتەرا و سوید و دانیمارك و فنلەندە بۆ ئەو مەبەستە ڕێك خستووە. مولك و ماڵەکەیی پێشکەشی دوو پیرەژنی جوولەکە کردووە. لەبەر سەرقاڵیی بە کاری خێرخوازییەوە ژنەکەی لێی جیا بووەتەوە.

١٩٥٧: لە شتوتگارت گوێی بۆ هەژاران و بێکاران و سۆزانیەکان گرتووە، پەیمانی پێ داون یارمەتییان بدات.

١٩٥٧/٩/١٨: لەگەڵ هاوڕێکانیدا (برادەرانی ئاشتی)ی وەك کۆمەڵەیەکی تۆمارکراوی ڕێپێدراو دامەزراندووە، بۆ یارمەتیدانی مرۆڤی بێکار و بێدەرەتانان؛ بۆ ئەو مەبەستە دوو خانووی بەکرێ بۆ گرتوون و خواردنی بۆ دابین کردوون.

١٩٥٨: بە یارمەتیی گۆتفرید میوللەر شانۆی کۆنی شاری شتوتگارت دروست کراوە.

١٩٥٨–١٩٥٩: لەکاتێکدا باسی ئەوە کراوە کە گەندەڵی لە دامەزراوەی برادەرانی ئاشتیدا هەیە، پەرستارێکی زۆر شارەزا لە بواری کارکردندا لەگەڵ بێکاراندا، بۆ کارکردن چووەتە ناو دامەزراوەکە، بووەتە یارمەتیدەرێکی زۆر گەورە بۆ گۆتفرید میوللەر بۆ ئەوەی کاتی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی هەبێ، ئەم ساڵە چەند ئۆردووگایەکی کردووەتەوە لە بەرلین و نۆینبێرگ و میونشن و کارلسرِوە و فرانکفۆرت.

١٩٦٠: خانوویەکی لە بادن بادن بەکرێ گرتووە، کردوویە بە یانەی بەیەکگەشتن و تێگەشتن. زۆربەی هاوڕێکانی ویستوویانە ڕۆڵی سیاسی ببینن، ڕازی نەابێ نەبوە، بۆیە ناکۆك بووەو لە ئەنجامدا داوایەکی لەسەر

گۆتفرید میوللەر تۆمار کردووە، گوایە ئەو پارەنەی وا وەرگیراون بۆ مەبەستەکەی بەکار نەهێنراون.

١٩٦٠–١٩٦٣: ساڵێکی بەردەوام لە هاتوچۆی دادگادا بووە، لە ئەنجامدا بە تۆمەتی گەندەڵی گیراوە، لە بەندیخانەدا لەگەڵ دوو دزی بازاڕدا بەند کراوە، دەست بەسەر شتومەکی نووسینگەکەیدا گیراوە، بەم کارانە زۆر بێزار بووە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی کێشەکەیدا هیچ شتێك بەسەر گۆتفرید میوللەردا ساغ نەبوەتەوەو ئازاد کراوە.

١٩٦٤: ١٩٦٤/٧/٧ لەلایەن دادگای کارلسرِوەوە بڕیاری بێتاوانیی بۆ دەرکراوە.

١٩٦٤–١٩٦٦: بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە لە مێشکیدا گێنگڵی خواردووە: ((بۆچی یەکێك تاوانێك بکات زۆربەی جار دووبارەی دەکاتەوە))، بۆ ئەم مەبەستە زۆر پرسیاری کردووە لەو تاوانکارانەی کە ئازادکراون. زۆربەی وەڵامەکان لەوەدان ((ئێمە منداڵیمان ئاسوودە نەبوە. ژیانی سەختی منداڵیمان و کەمدەستی و ناخۆشیی ژیان هاندەری سەرەکیی تاوانەکانن)). ئەم گوێگرتنەی بووەتە هۆی دامەزراندنی چەند ئۆردووگایەکی ئاشتیی منداڵان لە چەند شارێکی ئەڵمانیا و خۆی لەم شارەوە بۆ ئەو شار سەرپەرشتیی کردووە.

١٩٦٦–١٩٦٨: لە شاری میونشن بیرۆیەکی هەبوە بۆ سەرپەرشتیی کارەکانی. ١٩٦٨ کۆمەڵەی ئاشتی بووەتە کۆمەڵەیەکی هاوبەشی سنووردار و توانایی و دەسەڵاتی کۆمەڵەکە بەرفراوان بوون.

١٩٦٩: کاتێك لە شاری شتایناخ ئۆردووگای ئاشتیی منداڵان دامەزراوە، بیری لە دامەزراندنی ئەم جۆرە ئۆردووگایانە کردووەتەوە بۆ منداڵانی جیهان.

www.zheen.org

۱۹٦۹–۲۰۰٦: له شاری شتایناخەوه ئاشتی ڕووی کردووەتە هەموو جیهان. ڕۆژانە وەڵامی نوسراوەکانی داوەتەوە و بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی، سەری له زۆربەی وڵاتانی جیهان داوە، له سەردانێکی (ئۆرشەلیم)دا له ئیسرائیل ماڵی ئاشتیی منداڵانی دامەزراندووە بۆ منداڵانی جوولەکە و عەرەب.

۱۹۷۳: هاوسەرگرتن بۆ جاری دووەم، لەگەڵ یەکێك له پەرستارەکانی لای خۆیدا، لەم هاوسەرەی دوو منداڵی به ناوی "سەمۆئێل و ناتان"ەوە بووە. سەری له ئۆگەنداو سۆمال و نامیبیا و تۆگۆ داوە له ئەفریقیا و دێی ئاشتی و چەند پڕۆژەیەکی مرۆڤایەتیی له هەندێکی ئەو وڵاتانە دامەزراندووە. سەری له ئەمریکاو کۆلۆمبیا و هەموو ئەوروپا داوە. تایوان و ڕووسیا له پلانی سەردانەکانیدا بوون. له تەمەنی ۸٤ ساڵیدا سەری له تۆگۆ/ ڕۆژئاوای ئەفریقا داوە. له ۸۹ ساڵیدا سەری له کوینگس بێرگ (لیننگراد)ی ڕووسیایش داوە.

۱۹۹٥: سمۆئێلی کوڕی وەك کارمەند کاری کردووە له کۆمەڵەی ئاشتی و لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی بووەتە بەڕێوەبەری گشتی، هەروەها دایکی سمۆئێل لەو تەمەنە زۆرەدا ئەندامێکی چالاکی بەئەمەکی کۆمەڵەکە بووە.

۲۰۰٦/٤/۱۰: یادی ۹۲ ساڵەی جەژنی لەدایکبوونیی گێڕاوە. تا تەمەنی ۸۷ ساڵی به چالاکی له کۆمەڵەکەدا کاری کردووە. ۲۰۰۷/۹/۱٦ یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئاشتی کراوەتەوە.

له چالاکیەکانی دامەزراوی ئاشتی:

سەلام– بە واتای ئاشتی، دامەزراوی برادەرانی سەلام، لێپرسراوێتیی سنووردار

کارەکانی سەلام له ئەڵمانیاو دەرەوەی ئەڵمانیا:

www.zheen.org

سەلام لە ئەڵمانیا

سەلام لەئۆگەندا

سەلام لە ڕوسیا

یارمەتیی سەلام لە ئیسرائیل

سەلام لە تۆگۆ

سەلام لە میرلاند و نیوئینگلاند

سەلام لە کۆڵومبیا

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پێڕست


لەگەڵ برادەراندا بە شەست مارکەوە بە پاسکیل بەرەو ڕۆژهەڵات ١٥
بەغداد و شاری پیرۆزی کازمییە .................................... ٢٥
لە ئاگر و گڕەی بیاباندا .................................................. ٤٨
بەرەنگاریی فڕاندن و ژەهردەرخواردان– دواتریش ڕزگار بووین . ٦٩
لای پاشای کوردان ....................................................... ١٠٠
وەك هاوڕێی پاشا لە وڵاتە داخراوەکەیدا ........................... ١١١



بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## لەگەڵ برادەراندا

### بە شەست مارکەوە بە پاسکیل بەرەو ڕۆژهەڵات

زۆر لەمێژبوو لەدڵەوە حەزم دەکرد گەشتێکی ڕۆژهەڵات بکەم، ئەو شوێنەی کە زۆرم لەسەر خوێندووەتەوە، وا هەست دەکەم دیومە و دەیناسم و زۆر دەمێکە خۆم بۆ ئەم گەشتە ئامادە کردووە. من ئێستا ئامادەم ئەو ئاواتەم بەدی بهێنم. هەرچی بارێکی نائاسایی هەیە، ناتوانن ڕێگر بن بۆ ئەو مەبەستە. لە هەموولایەك دەنگوباسی شەڕە!!!

لە (بولگاریا) هەواڵی هەوڵێك دەبیستین بۆ ڕوودانی کودەتایەك، لە تورکیا هەواڵی هەوڵی تیرۆرکردنی کەمال پاشا هەیە. لە یۆنان شۆڕشێکی گەورە دەستی پێ کردووە و ئیتاڵیاش دەستی بە شەڕ کردووە دژی وڵاتە ژێردەستەکانی. لە میسر نائارامی و ئاژاوە هەیە. فەلەستین و سووریاش ئارام نین. بەکورتی: لە هەموو لایەکەوە بڵێسە و کڵپەی شەڕو ئاگرە، ((دەڵێی مەنجەڵێکە بەسەر ئاگرەوە)).

لەناو ئەو هەموو دەردەسەری و گرێبارانەدا، وا من کەڵکەڵەی ئەم گەشتە نائاساییەم کەوتووەتە سەر. هۆیەکانی گواستنەوەی وەك شەمەندەفەر یا ئوتومبیل لە بەردەستی مندا نین و بۆم نالوێ و بە نامۆی دەزانم لە کابینەیەکی کەشتیەکدا جێیەك بگرم، هەر بەو شێوەیە، لە هۆتێلێکی باشیشدا کە بە شوێنی خەوی خۆمی نابینم.

گەر من بمەوێ شارەزایی و زانیاری لەبارەی ئەم جیهانەو سەرنشینانیەوە بەدەست بهێنم، دەبێ خۆم ڕابهێنم تا بتوانم خۆم بۆ ژیانێکی

نائاسایی ئامادە بکەم، تا بتوانم لە سروشتی بەریندا بمێنمەوە. من ئەو بڕیارەم دا کە گەشتەکەم بە پاسکیل دەست پێ بکەم. خۆم ئامادە کردووە بۆ ئەم گەشتە و دەبێ ئێستا پاسکیلەکەم ئامادە بکەم:

پێویستیەکانی پاسکیلەکەم لە ئامێری یەدەك (الادوات الاحتیاطیة) بار دەکەم، جلوبەرگی پێویست و زیادە و جلی ژێرەوەش، دەرمانێکی زۆرو چادرێکی ئاسایی و هەندێ شتی پێویستی تر. هەروەها ئۆکۆردیۆنە خۆشەویستەکەم کە ناوی (ڕیگینا)یە، ناتوانم لێی جیا ببمەوە، دەبێ لەگەڵ خۆمدا بیبەم و پەشێمانیش نیم، چونکە ئەو زۆر جار خەمی نامۆیی ڕەواندوومەتەوە. زۆر جار لە کاتە ناهەموارو نامۆیی‌یەکاندا دڵخۆشی کردووم. هەڵگرتنی دەمانچەیەك کارێکی مەترسیدارە، لەوانەیە پێم بزانن و تووشی دەردەسەری و چەند مانگێك زیندانیم بکات. بەڵام ئەوەی ببزوێ دەباتەوە!

لە یەکێك لە ڕۆژە خۆشەکانی ئەیلوولدا دەستم بە گەشتەکەم کرد. بێگومان لەگەڵ هاوڕێ دێرین و دڵسۆزەکەمدا کە هەمان بیرو بۆچوونی هەبوو، من و ئەو لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بووین، بۆ یەکتری خەمخۆر بووین.

ئەو پارەیەی کە پێمانە، شتێکی ئەوەندە نییە شایانی باس بێ. (٦٠) شەست مارکی (ڕایش) بۆ ئەو بڕەی کە ڕێ درابوو بۆ گەشتی دەرەوە، هەروەها هەمان ژمارە قورساییی باری پاسکیلەکە بە کیلۆگرام، واتە (٦٠) کیلۆگرام، قورسیی ئەو کەلوپەلانە بوو کە پێمان بوون!

سەرەتا بەرەو وڵاتێکی نامۆ شتێکی ئاسان نەبوو، چونکە من کەسێکی نیشتمانپەروەرم و خەمی وڵاتەکەم دەخۆم، بە تایبەتی کە خۆم بەدەستی خۆم بمەوێ یەخەگیری مەترسییەکی گەورە ببم. پراگ، ئەو شارە کۆنەی سەر (مۆڵداو) و(دانووب)، شارێکی زۆر خۆشە، (بوداپێست)، هەردوکیان لە جوانیدا دڵفڕێن و سەرنجڕاکێشن.

شاخی (حەوت شاخان) لەلایەك من دڵتەنگ دەكات و لە لایەكی تر خۆشبەخت دەبم بە جوانی هەڵسوكەوتی ئەو ئەڵمانیانەی كە لەوێ دەژین. (بوخارێست) شتێكی كەم لە ژیانی ڕۆژهەڵاتی نیشان دەدات. دەریای ڕەش لە بەردەمماندایە. یەكەم سواربوونی كەشتیمان لە (كۆستانتس)وە كە لە بوڵگاریایەوە، بەرەو توركیا دەڕۆین. لە كازیوەدا بەناو سروشتی بێهاوتادا دەڕۆین بەرەو (بۆس پۆرۆس). ئێستا نزیكی (گۆی ئاڵتوونی)* ی بەندەری كۆستەنتینۆپۆڵس** بووینەتەوە. ئەو شتانەی وا دەیانبینین، دەمانهەژێنن و سەرمان سوڕ دەمێنێ. شتە دیارەكانی ئەم شارە زۆربەیان مزگەوت و منارەن، هاواری كۆنترۆڵی گومرگەكە بە ئاگای هێناینەوە، ئێمەی هێنایەوە ناو ڕاستیەكەی ڕۆژهەڵات.

چەند شەمەندەفەرێك لەم شارەدا هاتوچۆ دەكەن. بۆ جاری دووهەم سواری كەشتی بووینەوە. دوێنێ نەمانتوانی بە (دەردەنیل)دا تێپەڕین، چونكە باسی ئەوەیان دەكرد گوایە مینڕێژ كراوە، بەڵام ئەمڕۆ ڕێیان بە كەشتیەكان دا تێپەڕن. هەرچۆنێك بوو سواری كەشتییەكی پیس‌وپۆخڵی توركی بووین، بە هەڵم كاری دەكرد، ناوی (ئینە بۆلوو) بوو. لە شەوێكی تەم‌ومژدا بەناو مێرنەگەدا ڕەت بووین.

---

*گۆی ئاڵتونی یا شاخی زێڕین Golden Horn زمانەیەكە لە وشكاییی بەشە ئوروپییەكەی توركیا لە *گەرووی* بۆسفۆر كە شاری ئەستەمبووڵ (ئیسلامبووڵ، قوستەنتینیە،بیزەنتیە)ی لە سەر دروست بووە. (فیرۆز)

** كۆستەنتینۆپۆڵ هەمان شارە كە بە بیزەنتیەش ناسراوە، لە ساڵی ٤١٠ ی زاینەوە دوای كەوتنی شاری ڕۆما بوو بە پایتەختی ئیمپراتۆرێتیی ڕۆمی خۆرهەڵات تا ساڵی ١٤٥٣ زاینی كە كەوتە دەستی توركی عوسمانی لەلایەن سوڵتان محەمەدی فاتیحەوە، دواتریش بوو بە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بەناوی (ئیستانبوڵ) یا ئەستانەوە. (فیرۆز)

www.zheen.org

پاش ئەوەی دەبوایە دوو ڕۆژ لەگەڵ سەدان مرۆڤی بزێوو چاوچنۆکدا بەسەر بەرین، سەرەڕای ئەوە لەلایەن مێش و مەگەزو کێچ و ئەسپێوە میوانداریيکی باش کراین. پاش ئەو دەردەسەریە گەیشتینە (سمێرنا)* .

بینینی پاشماوەی شارەکانی (ئەفیسۆس و پیرگامۆس) یادگارێکی لەبیرنەچوون، کاتێك ئێمە لەو شارە بەندەریە گەڕاینەوە بۆ لای ئەو خێزانەی کە ببوون بە ناسراومان، پێیان گوتین کەشتیەکەمان (ئینە بۆلوو)، ئەو کەشتیەی کە دەبوو پێی بپەڕینەوە، ئەمشەو زریان و ڕەشەبا لێی داوە و خۆی و سەرنشینەکانی ژێر ئاو کەوتوون... ئێمەیش هەناسەمان لێ بڕا. ئایا ئەمە چ ئاگادارکردنەوەیەکە لەلایەن خوداوە؟!

دیارە ڕۆژێکی دەوێ بۆ ئەوەی بپەڕینەوە بۆ ئەوبەر، بۆ ئەمەش پارەیەکی زیاترمان دەوێ –پاش چەند کاتێك دەگەینە نیوە دوورگەی ڕۆدۆس (ئەمە بە واتای نیوە دوورگەی گوڵان) بەناوبانگە بە گوڵی زۆری جوان. پاش نزیکی دوو هەفتە بەرەو میسر بووینەوە، واتا بەرەو ئەفریقا.

ئێمە لە ئەسکەندەرییەوە بە پاسکیل بەرەو پایتەخت (قاهیرە) لێ دەخوڕین، وشەی (ڕۆژهەڵات) بەلای ئێمەوە ئەم واتایە دەبەخشێ و بە هەموو مانایەك پێمان دەگا. ئا لێرەدا پیس وپۆخڵییەکی زۆرمان دەبینی، ناخۆشی و هەژاری بووبوونە هۆی نەخۆشییەکی زۆر.

خوا نەکات مرۆڤ لەم ڕۆژهەڵاتە تووشی نەخۆشی ببێ. لە هەموو لایەکەوە دوامان دەکەوتن، دەبوایە خۆمان لە خەڵکە سواڵکەرو بەدبەختەکان کە بەخشیشیان داوا دەکرد، ون بکردایە. جاروباریش لێدانمان دەخوارد،

www.zheen.org

---

* شاری سمیرنا ئێستا بە شاری ئیزمیر Izmir دەناسرێ، دەکەوێتە ناوەڕاستی کەنارەکانی تورکیا لەسەر دەریاچەی ئیجە. (فیرۆز)

**یاخود تفیان تێ دەگرتین، قسەی ناشرینیان پێ دەوتین، وەك ((یلعن ابوك)) (نەفرەتی خودا لە باوکت)، ((ابن الكلب)) (کوڕی سەگ).**

**لە قاهیرە خۆمان لەناو شارێکی خوێناویدا دەبینین، زۆرجار خۆپیشاندان دەبێ، پۆلیس بەرەنگاریان دەبوەوەو ترامیك بە تەواوی دەشکێنرا. بە سەردانێکی کورت چووینە هەرەمەکان لە (صفارة) و (مەمفیس)*، پاشان زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ ئاسیا. لەڕێی ئیسماعیلییەوە گەیشتینە (کەناڵی سوێس) و هەر ئەو ڕۆژەش (پۆرسەعید).**

**تەنها چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ جەژنی سەری ساڵ (کریستمس). پاش ئەو هەموو ڕۆژە گەرمانە، ئەمڕۆ کەمێك با هەیە، کاپتنی کەشتیەکە بیر لەوە دەکاتەوە لەم وەزعی دەریاچەیەدا لە یافا لەنگەر بگرێ، یاخود بەردەوام تا حەیفا بڕوا. لە ئەنجامدا لێرە ماینەوە. لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەینە وڵاتی پیرۆز (شاری قودس) (بیت المقدس).**

**ڕۆژێکی زۆر سەخت و ناخۆش چاوەڕێمان دەکات، لە ڕۆژێکی وا ڕەشەبادا بەم پاسکیل و بارە قورسانەوە بە ناوچە شاخاویەکانی (تور)دا بڕۆین– هەرچۆنێك بوو لە کۆتاییدا گەیشتینە شاری (قودس).**

**لێرە هاوڕێیەکی ئەڵمانی چاوەڕێمانە، لەم نزیکانەدا نشینگەیەکی تازەمان دەست دەکەوێ، بۆ ئەوەی لەوێشەوە بە ئاسانی سەر لە ناوچەکانی تر بدەین. لەم ئێوارە پیرۆزەدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەڵمانیدا پێکەوە پیاسەمان دەکرد، تا چووینە ناو (بیت لحم)، جێی لەوەڕگا (شوان و مەڕو بزن.. هتد. شوێنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا) تا لە کڵێسەی لەدایکبوون نزیك بووینەوە، پاشان**

www.zheen.org

* بە هەرەمی جیزەش ناسراوە کە پێك هاتووە لە سێ هەرەمی گەورە (خۆفۆ، خفرع، منکورع) لە ٣٠ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شاری قاهیرەیە. (فیرۆز)

چووین بۆ ئەو کڵێسە بچووکە ئەڵمانییە بۆ ئەوەی ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی مەسیح لەوێ بگێڕین. ئایا مرۆڤ ئەو ساتە گرنگانەی کە لەم زەویەدا بەسەریان دەبا، هەرگیز لە بیری دەچنەوە؟ لای من نەخێر!

پاش ئەوەی گەیشتینە فەلەستین، سەری ساڵ ڕووداوێکی سەیر لە برادەرە بەڕێزەکەم –ئەوەی کە لە گەشتەکەدا لەگەڵمدایە– ڕووی دا، تووشی لەرزوتایەکی زۆر قورس بوو، هەروەها چەند ناڕەحەتییەکی تر. ئەو دکتۆرەی وا چارەی دەکرد، دەستنیشانی نەخۆشیەکەیی بەوە کرد، کە تووشی (تیفۆئید) بووە. ئەو بەدبەختە پێنج هەفتە لە خەستەخانە مایەوە. پاش ئەوەی کەمێ چاك بووەوە، دەبوو یەکسەر بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، واتە بۆ ئەڵمانیا. دەبێ بەدڵشکاوییەوە لێی جیا ببمەوە!

بەڵام من زیاتر حەز دەکەم بە مەرامەکەم بگەم و لە گەشتەکەم بەردەوام بم! پرسیار لەوەی کە ئەم گەشتە بە پارەیەکی ئاوا کەم چۆن دابین دەبێ، کارێکی ئاسایی نەبوو. سەرەڕای هەموو بەرگرییەك، بە هەر شێوەیەك بێ تا ئێرە گەیشتووین، تکتێکی کەشتیم بۆ هاوڕێکەم کڕی، تا بەڕێی دەریادا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆربەی کات لەگەڵ هاوەڵەکەمدا لە چادرەکەماندا دەخەوتین.

مرۆڤ لەکوێ بیەوێ کارێك ئەنجام بدا، لەوێش ڕێیەك هەر هەیە و بە هەر شێوەیەك بێ بۆی ڕێك دەکەوێ. هەندێك لەو شتانەی کە کەمێك نرخیان هەبوو، فرۆشتمن: وەك (پاسکیل، چادر، داودەرمان، شتومەك و چەند پێویستییەکی وردی تر). بەمجۆرە من هەندێك (پارەم) لەگەڵ هەندێك وردە شتدا دەست کەوت. هەروەها هاوڕێ فەلەستینیەکەم چەند پاوەندێکی وەك یارمەتی پێشکەش کردم. ئێستا من دەتوانم بڕیار بدەم!

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەی قووڵاییی شارستانێتیی ڕۆژهەڵات نەزانێ، ناتوانێ لە خەیاڵدا وێنای بکا، چۆن دەتوانێ لەم ناوچە ناڕەحەتەدا بە هەرزانی بژی! لەڕاستیدا مرۆڤ چەند (فینیکێك-فلس)ی بۆ ڕۆژێك بەسە، گەر خۆشگوزەرانیی ئەورووپا لەبیر خۆی بەرێتەوە.

پاشان توانیم بیسەلمێنم من بەڕاستی حیسابم بۆ کردووە.

دەتوانی تەنها بە چوار (فینیك) خواردنێکی عەرەبی بخۆی. چەندەها ڕۆژە ئێمە بە مشتێك خورمای وشك خۆمان تێر دەکرد، تەنها دوو (فینیك)ی تێ دەچوو. تەنها دە فینیکمان بۆ سواربوونی تەکسی پێویست دەبوو، بۆ پێڵاوو پاککردنەوە و بۆیاخکردن تەنها سێ فینیك بەس بوو.

بە ئۆتۆمبیلێکی (زۆر نایاب و چاکی ساڵۆن) هەزار کیلۆمەتر بە بیابانی سووریادا بڕوا و بێتەوە، تەنها شەش مارکی ئەڵمانی (ڕایش)ی تێ دەچێ. ئەمانە تەنها هەندێك نموونەن!

ئەوەی ئەم گەشتەی بۆ من ئاسان دەکرد، ئەوە بوو کە ڕۆژهەڵاتیەکان زۆر خانەخوێ و خانەدان و میواندۆستن، بەتایبەتی لێرە من زۆر بەختەوەرم، زۆربەی هەفتەکان میوان بووم لای خەڵك، من نەمدەتوانی دڵی ئەو خانەخوێیانە بشکێنم کە خوڵکیان دەکردم و دەیانویست لایان بمێنمەوە. گەر خوێنەر بیر لەم ژیانە سادەیە بکاتەوە و بزانێ ژیان بەم شێوەیەیە، ئەوسا دەتوانێ تێ بگا من چۆن توانیومە ئاوا بە پارەو پوولێکی کەم بژیم.

دەبێ مرۆڤ ئەوەش بزانێ چەند سەختە بەو پارە کەمەی وا لە گیرفانیدایە، هەوڵ بدا گەشتێکی ئاوا بکا بۆ ڕۆژهەڵات، تەنانەت جێی بیرلێکردنەوەش نییە. ئای بۆ ئەو کەسەی وا لە هەڵس وکەوت و زمانی ئەمان دڵنیا نەبێ، چۆن بەر زللەیان دەکەوێ و هەندێ جار زۆر دەکەوت لەسەرمان،

زۆر بێشەرمانە لێمان تووڕە دەبوون. یەکێك پەلەی بوایە، هاواری بەسەرماندا دەکرد، دەبوو یا خۆمان لێ لابدایە، یا پشتگوێمان بخستایە.

چ گرفتێکی سەختە بۆ گەشتیارێك لە وڵاتی نامۆییدا پارەی لێ ببڕێ! بەڵام کە دێیتە ئەم ڕۆژهەڵاتە و تێکەڵ بە سروشت و خەڵکە سادەکەی دەبی، هەموو ناخۆشییەکی ژیانت بیر دەچێتەوە، منیش زۆر لەو گرفتانەدا ژیاوم و هەموویم بە چاوی خۆم چێشتووە، لەبەر ئەوەی من هاوەڵەکەم لە دەست چوو، زۆر کەسم ناسی، یەکێك لەوانە "Sepp" (زێپ) بوو، قوتابییەکی زانکۆی (تیرۆڵ) بوو. ئەویش هەمان مەبەستی هەبوو کە زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات گەشت بکا.

لەوە دڵگران نەبووم ئەم لاوچاکە ئیمانداره کە حەزی لە گەشت بوو، لەم گەشتەدا لەگەڵ خۆمدا بێ، من دەتوانم بڵێم، ئەو بووە هاوەڵێك کە بە ڕاستی هەموو مانایەکی هاوڕێیەتیی تێدابوو. ئەو ڕۆژە خۆشانەی وا لەگەڵ ئەودا، هەروەها ئەو ساتە ناخۆشە پڕ لە کارەساتانەی کە پێکەوە بەسەرمان بردن، هەرگیز بیر ناچنەوە. بە ڕاستی لە ناڕەحەتیدا زۆر توانا و هێمن و لەسەرخۆ بوو.

ڕوانگەی ڕەوتەکەمان بەرەو باکوور بوو، ئێمە هەفتەیەك چاوەڕێ بووین، تا ئەو شۆڕشەی کە لە سووریا سەری هەڵدابوو، کەمێك ئارام بێتەوە. بارێکی نائاسایی لە دیمەشق ڕاگەیێنرابوو. پاش وەرگرتنی ڤیزای سووریا کاتێك باری نائارامیەکە هەڵگیرا، توانیمان بچینە ناو (دیمەشق)[*]، دەمانویست لەوێشەوە بڕۆین بۆ (میزۆپۆتامیا).

www.zheen.org

[*] مەبەست لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی گەلی سووریایە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی "صبحي برکات"ی سەرۆك کۆماری سووریای سەر بە فەرەنسیەکاندا، کە سەرئەنجام بە دەست لەکارکێشانەوەی پۆنسۆ Ponsotی نوێنەری باڵای فەرەنسا لە سووریا کۆتایی هات. (فیرۆز)

جارێکی تر لە چایخانەیەکی یۆنانیی نزیکی ڕووبارەکە، وەك قاز دانیشتبووین و خەریکی خوێندنەوەی هەواڵەکان بووین لەسەر ئەم وڵاتەی دراوسێ کە لە سەروومانەوەیە [مەبەست تورکیای ئەتاتورکە].

لەناکاو لۆرییەك بە خێرایی تێپەڕی و منیش بازم دایە دەرەوە، لەسەر شەقامەکە بە هەموو تینێکمەوە فیکەیەکی توندم بە پەنجەکانم بۆ لۆریەکە لێ دا. لەڕاستیدا شۆفێرەکە گوێی لێ بوو و وەستا. منیش خێرا ڕامکرد بۆ لای، وەك چۆن بیرم لێ دەکردەوە ئاوابوو: (ئۆڤەر لاند). ڕێگەکەم بەسەر وڵاتاندا بەرەو بیابانە. ئوتومبیلێك بۆ بەغدا دەڕوات!!!

ئێمە سوار بووین، پاش سەعاتێك سنووری فەلەستینمان بەجێ هێشت. ئێستاش بەرەو شاخی نارەحەتی (مۆئابیت) دەڕۆین کە بەرەو ئەردەن درێژ دەبێتەوە. پاشان بیابان دێت کە بێکۆتاییە. ئەوەی لەم کاتەدا سەرقاڵی بووین، ئەوە بوو دەبێ ڕێی لەمەودوا بۆ کوێمان بەرێ؟

هێشتا هیچ زانیاریەکمان لەبارەی (بەغدا)وە نییە. بەڵام ئەوە هەیە ئێمە بڕیارمان داوە لە داهاتوودا بێ ئەوەی کۆڵ بدەین، زۆر سەرکەوتوانە ئەم گەشتە تەواو بکەین.

ئەوەی کە چاوەڕوان بووم زیاترمان ئەنجام دا، هیچ کاتێك بە خەیاڵمدا نەدەهات من لەگەڵ "زێپ"دا ئەو شوێنە کە باسی دەکرێ. (کوردستان)، هەروەك یەکەم کەسی نامۆ پێی تێبنێم! من ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە، ئەوە وەك خەوێکی خۆش وایە.

کەم کەس هەیە بزانێ ئەو شوێنەی وەك جەنگەڵ وایە، ئەو خەڵکە سەرەتاییەی کە لە ناوەوەی کوردستان دەژین، چین و چۆنن. لەوانەیە زۆربەی خەڵك، گەر ئەم گەشتە سەرسوڕهێنەم بخوێننەوە، سەر ڕاوەشێنن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم دڵەڕاوکێیەم، دەمەوێ بڵێم ئەوەیە کە ئەم کتێبە ڕۆمانێکی خەیاڵی نییە بەڵکوو، بابەتێکە لەڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە و هەمووی بەسەرهاتی خۆمە دەیگێڕمەوە.

سەرباری ئەوە، من ئامۆژگاریی خوێنەران دەکەم خۆیان سەرێك لەوێ بدەن، بۆ ئەوەی خۆیان هەموو شتێك ببینن و ڕاستیی قسەی لێکۆڵەرەوەکانیان بۆ بسەلمێ کە بە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە گەیشتوونەتە ئەو شوێنە، بەڵام بە هیچ جۆرێك نەگەڕاونەتەوە.

سەربارەی ئەوە هەر یەکێ بچێتە کوردستان، دەبێ دووئەوەندە زیاتر وریا بێ لەوەی کە دەچێتە ناو عەرەبەکان*، چونکە من و برادەرەکەم ئاوامان دەکرد. ئەمە نەك هەر بۆ ئێمە، هەروەها کەسێکی نامۆ چەند ساتێکیش پاش ئێمە نەیتوانیوە پێ بنێتە ئەم تاریکییەی کوردستان، بەتایبەتی چیاو کێوەکانی.

پاش ئەو هەموو ناڕەحەتی و ماندووبوونەی ئەو ڕۆژانەمان کە نەك یەك جار، بەڵکوو هەزاران جار، مردنمان بە چاوی خۆمان بینی، ئەگەر جارێکی دی بە تەندروستییەکی باشەوە گەڕامەوە بۆ وڵاتی خۆم، گەڕانەوەکەم وەك سەرسوڕمانێك دەبینم.

عەرەبەکان بەمە دەڵێن (Fatum)** (سوپاسی خوداو محەمەد– پێغەمبەرەکەیان– دەکەن). ئێمە پێی دەڵێین پلانێکی چاك و ئامادەیی و ئاگاداریی چاك، سوپاس بۆ خودا بۆ ئەو هەموو یارمەتییەی کە پێشکەشی کردین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* لەم بۆچوونانەوە دەردەکەوێ نووسەر پێش لەوەی بێتە ناو کوردەکانی کوردستان، زانیاریی چەوت و هەڵەی لەسەر کورد هەبوە. (فیرۆز)

** وشەی بەم شێوەیە لە زمانی عەرەبیدا نیە، نازانرێت نووسەر مەبەستی لە Fatum چییە؟ (فیرۆز)

## بەغدا و شاری پیرۆزی کازمییە

چل سەعات زیاترە من و "زێپ" ئەم گۆرانیەی ناو ئەم ئوتومبیلە کە بەناو بیاباندا ڕێ دەکات، دەبیستین. پاش ڕۆژێکی هەتاوی خۆش‌و مانگەشەوێکی جوان. بە هێوری لەنزیکی دەریاچەی تەبەریە (طبرية) سەر کەوتین.

*پاش* چەند ساتێك لە سنووری نێوان فەلەستین و شاڕێی ئوردون وەستاین بۆ کۆنترۆڵکردنی پاسپۆرتەکانمان و هەندێکیش کاری چاکسازیی ئاسایی لە ئوتومبیلەکەدا، ئەم ئوتومبیلەی کە چەندین سەعات بە ڕۆژو بە شەو بەناو بیابانی سووریادا دەڕۆیشت و هاڕەی دەهات. جگە لەو ڕێگەو جێگایەی ئەو ئوتومبیلانەی پێش خۆمان، هیچی ترمان نەدەدی.

بە ڕۆژ لەبەردەم خۆری بیاباندا وشك دەبووینەوەو شەویش لەسەرماندا لەرزمان لێ دەهات، ئێمە ئەم گەشتەمان کرد، تەنیا بەتانییەکی تەنکمان پێ بوو، جلێکی سووکیش کە بۆ ئەم ناوچەیە دەشێ. ئەو بڕیارەی کە بەم بیابانەدا سەفەر بکەین، زۆر کتوپڕ بوو، هەروەك زۆربەی ئەو مەترسیانەی کە لەم ڕێیەدا دوچاری دەبووین و بەسەرماندا دەهاتن.

هەرچەندە زۆر شەکەت بووین، بەڵام بیرمان لە نوستن نەدەکردەوە، چونکە ئەم ئوتومبیلە بە خێرایی بەسەر تەپۆلکە لمەکاندا دەڕۆیشت و هەر هەڵبەزو دابەزی بوو، ئێمەی لەگەڵ خۆیدا بەرز دەکردەوە و دادەبەزاندەوە، زۆر ئازاری دەداین. ئەمە ئەوەندە درێژەی کێشا تا ئێمە ڕاهاتین. لەناو لۆریەکدا کە هیچی تێدا نەبوو، تەنیا سەیری ئاسمانمان دەکرد، لە تیشکی زیوینی مانگ ورد دەبووینەوە، تیشکی مانگ لەم ڕۆژهەڵاتەدا هەموو شتێك دەدرەوشێنێتەوە.

ڕۆژی دووهەمی گەشتەکەمان لەم بیابانەدا، کەمێك هۆشمان هاتەوە، ئارامی بە ئەندامەکانی لەشماندا بڵاو بووەوە، چونکە دەبوو ئەمڕۆ

www.zheen.org

پێشنیوەڕۆ بە ئامانجی خۆمان بگەین. بەسەر (فوڕات)دا پەڕینەوە و بەناو چەند دێیەکی ناو مێرگدا تێپەڕبووین، پاشان جارێکی تر بە بیابانێکی ناخۆشدا ڕێمان کرد. نیگاکانمان وەك چۆن چاوەڕوانیمان دەکرد،

هەر ئاوا بەرەوژوور دەیڕوانی، تا بەرەو گردۆڵکە گەرمەکان دەبووینەوە، ڕێگەکە وردە وردە بەرەوژوور دەبوەوە.

لە کۆتاییدا باوەڕمان هێنا کە چەند خاڵێکی بریقەدار لە ڕوانگەماندا دیارە، بەخێرایی گەورە دەبوون. لەڕێگەی دووربینەکەمانەوە زانیمان ئەو گومەزە پرشنگدارانە هیی مزگەوتەکانن، لەڕێی شۆفێرەکەمانەوە توانیمان بزانین ئەوە شاری پیرۆزی (کازمییە)یە، ئەمە جێی پیرۆزی محەمەدیەکانی (مەزهەبی شیعە)یە، ئێمە بە کەوانەیەکی گەورە بەدەوری ئەم شارەدا ڕۆیشتین.

کاتێك من زۆر سەیری گومەزو منارەم دەکرد، بە بیرمدا هات ئێمە نزیك بە مەبەستەکەمان دەبینەوە، بەغدا لە بەردەم ئێمەدایە، ئەو شارەی کە خاوەنی (هەزارو یەك شەوە)یە لەنێوان ڕەنگی سەوزو قاوەیی و داری بەرزی خورمادا. جاروبار ڕەنگی شینی چەند خانوویەك دەر دەکەوێ و لەنێوانیشیاندا چەند خانوویەکی تر هەن، هەر بە ڕەنگی پەلکە زێڕینە و گومەزی ڕەنگاوڕەنگ، ئەمانەش مزگەوتن.

ئەم گومەزانە هێندە سەرسوڕهێن و ڕەنگاوڕەنگن! هەروەك مرۆڤ چۆن بە خەیاڵ بیر لە ڕۆژهەڵات دەکاتەوە، ئاوا بوو. ئاسمان بەسەر گومەزەکاندا بەبێ هەور ڕەنگی شینی تۆخ بوو، هەروەك کاتێدرایەك (Dom) بەسەر ئەفسانەی ئەفسانەکاندا.

www.zheen.org

لە لۆریەکە دابەزین و زۆر خۆشحاڵ بووین کە لەسەر پێی خۆمانین، ئەو جوانییە چاوەڕواننەکراوەی شەقامەکان، ئەوەی کە زیاتر جوانیی شەقامەکانی ڕازاندبوەوە، ئەو جلوبەرگانە بوون کە ژنان بە خشڵی

ڕەنگاوڕەنگەوە پۆشیبوویانن، خۆشییەکی تایبەتیان بە ئێمە دەبەخشی و بە پێکەنینەوە ڕوانیمانە لۆریەکەی بیابان و ماڵئاواییمان لێ کرد.

سواری ئوتومبیلێکی جوان و ڕەحەتی کرێ بووین، بۆ ئەوەی بمانباتە ئەو هۆتێلەی وا خۆمان دەمانویست (هۆتێل نوعمان) لەوێ خۆمان لێ کردەوە، مەبەستمان بوو بەلای کەمەوە دوو هەفتە لێرە بمێنینەوە تا هەموو بریقە و جوانییەکی ئەم شارە ئەفسانەیی‌یە بچێژین.

وا ئێوارە داهات، خۆرەکە هەروەك دەریایەکی ڕەنگاوڕەنگ خۆی خل دەکاتەوە بەرەو قووڵیی بیابان.

لەگەڵ یاوەرەکەماندا "ئیبراهیم"، کە ئێمە بۆ ماوەی مانەوەکەمان داوامان کردبوو و ئینگلیزییەکی زۆر باشی دەزانی، بە پیاسە چووینە ناو بەشی نوێی شار (شەقامی تازە). پاش چەند ساتێك بۆ زۆر جادەی تر چووین، چایخانەو قاوەخانەیان تێدا بوو. ئێرە خەڵکێکی زۆری لێ بوو. کورسیی چایخانەکان بەرزو درێژی لاکێشەیی بوون، فەرشی چاکی ئێرانییان لەسەر ڕاخرابوو، مێزێکی زۆر بچووك لەبەردەمیاندا دانرابوو (تەپڵەك)، بۆ دانانی قاوە یا چا بەکار دەهات. هەرچەندە ئەم قەنەفە لاکێشانە جوان و خاوێن داپۆشرابوون، بەڵام سەر زەویەکە زۆر پیس و بە ئاردەدار داپۆشرابوو.

مرۆڤ بێ‌ئاگایە لە تیۆری پاك‌وخاوێنی، (تف ڕۆنەکردنە سەر زەوی) لە ڕۆژهەڵات نازانرێ!!! گوێ بۆ هیچ ئامۆژگارییەك ڕاناگیرێ. ژیان لە چایخانەکاندا لە بەیانییەوە تا شەوێکی درەنگ زۆر بەگوڕە، هەموو کاتێك قەرەباڵغە. دانیشتوانەکەی زۆر بە ناڕێك‌وپێکی جل‌وبەرگیان پۆشیوە، کلاوێکی سەیری عیراقییان لەسەر دایە، خێڵەکی (بدوی)ی زۆریش دانیشتوون، لە ناوچە بیابانەکانەوە هاتوون. کاتێك چووینە ناو ئەم

چایخانەیە، زۆر سەیریان دەکردین، ئەمانە بۆ شت کڕین هاتوون و دەیانەوێ لێرە ئاگاداری هەواڵە تازەکان بن.

ئەم خێڵەکیانە عەبایان لەبەردایە و بەر پشتوێنەکەیان خەنجەری پێوەیە، ڕەنگی زیوییە و نەخشی بە شێوەیەکی هونەری لەسەر کراوە، بە دەستەسڕێکی گەورە پێچراوە بە مووی بزن دەوری دراوە، بە (عەگال) شەتەك دراوە، (پێی دەوترێ– غطرة).

لەنێوان ئەم دانیشتوانە زۆرەدا، ئەو شاگردەی کە بەدەم خەڵکەوەیە، خێرا خێرا ئەملاوئەولا دەکات، بۆ ئەوەی داوای خواردنەوەی دانیشتوان جێبەجێ بکات، کەم جار لەنێوان ئەم هەموو شتانەدا گوێت لێی دەبێ ورتەیەك بکات، قوڵتەقوڵتی زۆری "نێرگەلە"و نەوەستانی دەنگی تەقەتەقی یاریی بەخت (تاوڵە)یە کە لێرە زۆر باون.

من و زێپ و ئیبراهیم لە سووچێکی ئەم چایخانەیەدا دانیشتووین، لێرەوە دەتوانین هەموو ژیان و کاروباری ڕۆژانەی ئەم خەڵکە ببینین و ڕەچاوی دەکەین. کاتێك لەگەڵ ئیبراهیمدا بە ئینگلیزی قسە دەکەین، هەموو چاوەکان بە دزییەوە تێمان دەڕوانن. کەم نین ئەوانەی بەسەرسوڕمانەوە سەیرمان دەکەن و دەیانەوێ گوێیان لێمان بێ کاتێك ئێمە بە دەنگی بەرز و بە زمانی عەرەبی داوای چا دەکەین. زۆر شتێکی ئاساییە مرۆڤ لە چایخانەکانی (بەغدا) دەتوانێ تەنها یەك جار پارە بدات کە نزیکەی شەش فینیك دەبێ. مرۆڤ بەم بڕە پارەیە دەتوانێ پێشنیوەڕۆ یا پاشنیوەڕۆ لەوێ دابنیشێ و بخواتەوە، چەند خواردنەوەی بوێ*.

دوو خولەکێك نەبوو دانیشتبووین، شاگردەکە هات و چای بۆ دانان و جگەرەی پێشکەش کردین. لە وەڵامی پرسیارەکەی ئێمەدا، پەنجەی بۆ

* ڕەنگە تەنها خواردنەوەی چای مەبەست بێ. (فیرۆز)

زەلامێك ڕاكێشا، لە سووچێكی ڕوو بە ئێمە دانیشتبوو، بە پێكەنینەوە سڵاوی لێ كرد و پاشان لای مێزەكەی ئەو دانیشتین. ئەو پیاوە لە ئاستە بەرزەكانی كۆمەڵدایە. خۆشحاڵ بوو بەوەی كە دوو "ئەڵمانی" لە شوێنێكی ئاوا دوورەوە هاتووین و سەر لە شاری بەغدا دەدەین، یەكسەر خواردنەوە و نێرگەلەی بۆ داوا كردین. ئێمەش زۆر بە خۆشحاڵییەوە بەكارمان هێنا.

كاتێكی زۆر لەگەڵ ئەم بەڕێزەدا قسەمان كرد، زەلامێكی زۆر زیرەك و فەرمانبەرێكی گەورەی دەوڵەت بوو، نەك هەروەك میوانێك هەڵسوكەوتی لەگەڵدا كردین، بەڵكوو زۆر شتی نوێ و كۆنی لەبارەی بەغداوە بۆ باس كردین.

زۆر لەوە گرنگتر، بەهۆی ئەوەوە چەندین دەرگای ئامانج و هیوامان بە پیاوماقووڵ و ئەشرافی ئەم شارە و لێپرسراوانی عیراقەوە لەپێشدا كرایەوە، زۆربەی كات ئێمە گەلێك هەلی وامان بۆ ڕەخساوە، میواندارییمان لەلایەن عەرەبی عیراقەوە بۆ كراوە، بەتایبەتی بۆ ئەوەی ئێمەی ئەڵمانی بناسن.

پاش ئەو سەفەرە ناخۆشەی بیابان، مایەی خۆشحاڵییە كە ئێستا لە جێیەكدا بە ئاسوودەیی بخەوین. كاتێك خۆم لەناو ئەو جێگە نەرمەكەدا بەڕاكشاوی دەبینی، لە گەرمەی خەودا بووم و خەویشم دەبینی، دڵم زۆر خۆش بوو.

سەرلەبەیانی خەبەرمان بووەوە، هێزو گوڕو تینمان پێدا هاتەوە. ئەمڕۆ دەمانەوێ سەرێك لە ناوجەرگەی شار بدەین، كە دەكەوێتە سەر دیجلە. هەر كە لە هۆتێلەكە دەرچووین، خۆمان لە ناوچەی تازەی بەغدادا دەبینینەوە- جادەكەی كیلۆمەترێك درێژەو زۆر پانە و ئۆتۆمبیلی زۆری پێدا تێدەپەڕێ.

ئەوەی وا زۆر سەرنج ڕاكێشە، ئەوەیە كە زۆر ئۆتومبیلی نوێی تێدایە. عەرەبی عیراق ئەوانەی كە خەڵكی بەغدان، حەز دەكەن هەموو شتێكیان

www.zheen.org

بفرۆشن و بێ پارەو بێ دەرامەت بن، بەڵام ئوتومبیلێکی جوانیان هەبێ و خەڵك پێیان بڵێن "ئەفەندی".

مرۆڤ عەرەبانە لەنێوان ئوتومبیلەکاندا دەبینێ کە یەك بەدوای یەکدا دەڕۆن، هەریەکێك لەوانە بە دوو ئەسپی جوانی ڕەسەنی عەرەبی ڕادەکێشرێ، سەرەڕای هەندێك پاسی بچکۆلەی هەرزان. لێرە عەرەبانە زیاتر لە هەموو شتێك لە گواستنەوەدا بەکار دەهێنرێ و جێی ترام دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی، هەروەك شتەکانی تر لەم شارەدا– زۆر زۆر هەرزانە. ئێمەش بانگی عەرەبانچیمان دەکرد و سواری عەرەبانە دەبووین، بە دوو ئەسپی جوانەوە بەستراوە. یەکەم سەفەرمان بە عەرەبانە بەناو بەغدادا کرد.

جادەکان زۆر ڕەنگاوڕەنگن و خەڵکێکی زۆر بەنێوان ئەوانەی وا جلی نوێیان لەبەردایە، ئەفەندیەکان، ئەملاوئەولا دەکەن. هەروەها مرۆڤ زۆر منداڵی بێگانە دەبینێ، وەك هیندی، فارس، جوولەکە و مناڵی دیکەی ڕۆژهەڵاتی. پاش ئەوەی کاتێکی زۆر لەناو عەرەبانەکەوە سەیری ژیانی خەڵکمان کرد، لەبەردەم چێشتخانەیەکی عەرەبیدا دابەزین، خواردنە عەرەبییەکان هەر لە ڕێڕەوەکەدا بەبێ داپۆشین لەسەر خەڵووز ئامادە دەکران.

ئێمە داوای "گەس"مان کرد، ئەمە گۆشتی مەڕە و بە شیش برژاوە و وەك شتەکانی تر زۆر زەڵاتەی توونی لەگەڵدا بوو، چەقۆ و چنگاڵ لەم چێشتخانە عەرەبییەدا ناناسرێن، مرۆڤ دەبێ ئەم خواردنانە بە دەست و شارەزایانە بکاتە پاروو، کە بە نان دەکرێ و پێی دەڵێن (خبز)، بیپێچێتەوەو بیکاتە دەمی. لەبریی خواردنەوە تەنها ئاو هەیە.

پیاوێك لەم چێشتخانەیەدا بوو بە هاوڕێمان، زانیمان خوشکەکەی ناوی "فاتمە"یە، پێش چەند ساڵێك لە (ڤییەنا) خوێندنی تەواو کردووە. داوای لێ

www.zheen.org

کردین سەرێك لە خوشکەکەی بدەین، چونکە ئەو بە تایبەتی بەو سەردانە خۆشحاڵ دەبێ، گەر جارێکی کە لەگەڵ ئەڵمانییەکدا بە ئەڵمانی قسە بکات.

ئایا دەشێ ئەم میواندارییە خۆشحاڵ بکا، یەکسەر ئەم میوانداریییەمان پەسند کرد و بەزوویی بووینە هاوڕێی، زۆر جاریش کاتمان لەلای ماڵە خنجیلانەکەی ئەم خوێندکارە جوانە، بە خواردنی زۆر چاك و مۆسیقای ڕۆژئاوایی‌یەوە، بەسەر دەبرد.

ئەوەی لەم دوو مرۆڤە خۆشەویستەدا بەدیمان کرد، کاتێك بە شەمەندەفەر لە دەوروپشتی بەغدادا دەگەڕاین، دڵنیایی و بەخشندەیی و میهرەبانی بوو.

یەکەم ئێوارە بەناو جادەکاندا دەگەڕاین، زۆر کەم ڕووناك بوون، تەنها لە تیشکی مانگەوە ڕووناك دەبوەوە، هاتوچۆی تێدا کەم بوو، جادەکانی دەوروپشتی دیجلە، زۆر بێدەنگ و ئارام بوون. جاروبار حەپەی سەگێکی بەڕەڵامان دەبیست، کە لێرە ژمارەیان زۆرە. چەند پیاوێکی عەرەب لە هەموو سووچێکدا دەبینین، جلی ڕەشیان لەبەردایە- ئەمانە پاسەوانی شەون، کەمەربەندەکەیان خەنجەری پێوەیە و هەروەها تفەنگیان بەشانەوەیە.

زۆر کات بەبێ دەنگی لە ڕۆخی دیجلە دەماینەوە، ئەمبەرو ئەوبەری دجلە ژیان دەبەخشن بە بەغدا، لە هەردوو قەراغی ڕووبارەکەوە تیشکێك لەنێوان دارخورما بەرزەکانەوە خۆی نیشان دەدات، شەوێکی زۆر جوانە، وەك ئەفسانەیەك وایە. ئێمە ئێستا لەژێر دارخورمایەکی گەورەداین. زۆر بە ئارامی شنەبای ئێواران دێ. خانوە بچکۆلانەکان کە بەخۆڵ دروست کراون، مرۆڤ و ئاژەڵ پێکەوە لەناویاندا دەژین. ئێمە لەژێر ئەم باخە ئەفسووناویەداین و لە دوورەوە لە یەکێك لە چایخانەکانەوە بۆنی قاوەی عەرەبی دێ. ئەمەش خۆی تێکەڵ دەکات بەو میلۆدییەی کە لەبەردەمی ئێمە هاژەهاژی دێ، ئەم دیجلەیەی کە لە پیسیدا ڕەنگی زەرد بووە.

www.zheen.org

پاشان گەڕاینەوە بۆ ناو شار، لەبەردەم قاپییەکی نیوە کراوەدا وەستاین، دووکەڵێکی توند و بۆگەنێکی پیس ڕووبەڕوومان دەبوەوە، جەمال کازمی هاوڕێمان وەڵامی تێڕوانینەکانمی دامەوە و پێی وتین بە هێواشی و بە بێدەنگی لەگەڵیدا بچینە ژوورەوە.

دەبوو بتوانم چەند چرکەیەك چاو بنووقێنم تا بزانم ئێمە لە شوێنێکی بچکۆلەداین، ژوورێکی زۆر ئاسایی‌یە، ئاگردانێکی کراوە لە ناوەڕاستیدایە، لەوێ قاوە دەبرژێندرێ.

چەند پیاوێکی جگەرەکێش لە شێوەی نیوە بازنەدا لەسەر فەرشێکی پیس دانیشتبوون، جاروبار ورتەیەکیان لێوە دێ، بێدەنگ بەخۆشییەوە گوێیان لە پیاوێك گرتووە، جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردایە. ئەمە یەکێکە لەوانەی کە زۆر دەگمەنە و چیرۆکی ئەفسانەی بەغدادی باسی دەکات (واتە یەکێکە لە حیکایەتخوانەکانی بەغدا)*.

هەرچەندە کەم لەم پیاوە جل ڕەنگاوڕەنگە تێدەگەیشتین، بەڵام هەست بەوە دەکەین باسی چیرۆکە ئەفسانەیی‌یەکانی هەزارو یەك شەوە دەکا. پاش نیوەشەوێکی درەنگ ئەم شوێنی حیکایەتخوانەمان بەجێ هێشت و گەڕاینەوە بۆ هۆتێلەکەمان. بەیانیی داهاتوو بیرمان لەم ئەفسانانە دەکردەوە، تا لێکیان بدەین.

ئیبراهیمی یاوەرمان چاك شارەزای بەغدایە، هەروەها ئەو جێگەیەی کە دەمانویست سەری لێ بدەین، باش شارەزا بوو، ئەو بۆ هەموو بڕیارێك

www.zheen.org

* حیکایەتخوان بە دیالێکتی بەغدادی دەبێتە (الحکواتي)، کەسێکە زیاتر شەوان لە چایخانەکاندا، بەر لەوەی کە ڕادیۆ هەبێ، چیرۆکی عەرەبیی وەك داستانی (هەزارو یەك شەوە) یا (عەنتەرو عەبلە)ی بۆ دانیشتوانی چایخانەکە خوێندووەتەوە. (فیرۆز)

ئامادەیە. ئەو شوێنە کە لە زۆر کۆنەوە لە کەناری دیجلەدایە، زانکۆی بەناوبانگی بەغدایە[*]. بەداخەوە ئێستا ئەم جێو کۆشکە کۆنە بەڕێوەبەرایەتیی گومرگە، لەجیاتیی ئەوەی ببێ بە جێیەك بۆ هاندەران و (گەشت وگوزار).

بەڵام ئیبراهیم خۆی دەزانێ چۆن دەتوانین بچینە ئەوێ، هاوڕێیەکی چاکی هەیە لەو بەڕێوەبەرایەتیی گومرگە، دەتوانێ یارمەتیمان بدا. من هەندێك پارەی بەخشیشم کردە دەستی، پاش ئەوەی چەند پلیکانەیەك سەر کەوتین و لە شوێنێکی زۆر تاریك هاتینە خوارەوە کە خەریك بوو دەڕووخا و زۆر تەسك بوو، وەستاین لە لای ڕۆژئاوای ئەم زانکۆیە کە لە هەموو جیهاندا بەناوبانگە.

ئیبراهیم دەڵێ ئەمە هیی کاتی "هاڕوونە ڕەشید"ە. بەڵام دەتوانیی ئەم زانکۆیە بۆ سەردەمی هەزارو یەك شەوە بگێڕینەوە. بە خێرایی و بە نهێنی وێنەیەکی ئەم خانوەم گرت، سوورەتێکی "قورئان" بەگەورەیی لە پێشەوەی لای ڕۆژئاوای لە چوارچێوە گیرابوو، وەك فەنەر هەڵواسرابوو.

ئیبراهیم، لە گەڕانەوەماندا دەیگوت ناوی ئەو هەزارویەك شەوەیە لەوەوە هاتووە- هاڕوونە ڕەشید[**] یەکێکە لەو سەرۆکە زاڵمانەی کە هەر

---

[*] زانکۆی بەناوبانگی بەغداد لە کەناری دیجلە، مەبەستی لە (مدرسة المستنصرية)یە کە لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی "مستنصر بالله"دا دروست کراوە. (فیرۆز)

[**] وەك لە پەراوێزی پێشودا ئاماژەی پێ درا ئەم زانکۆی بەغدایە بۆ "هارون الرشيد" ناگەڕێتەوە، بەڵکوو هیی سەردەمی خەلیفەی عەباسی "المستنصر بالله"یە و بە فەرمانی "نظام الملكي سەلجوقی دروست کراوە کە ئەو کاتە سەرەك وەزیرانی دەوڵەتی عەباسی بووە، بە مەدرەسەی مستنصریە ناسراوە، بەرزترین دامەزراوەی زانستی سەردەمەکە بووە لە سەدەی شەشی کۆچیدا. (فیرۆز)

www.zheen.org

شەوەی ژنێکی خواستووە، ئەو شەوەی تا بەیانی لەگەڵدا بەسەر بردووەو لە ڕۆژی داهاتوودا کوشتوویەتی.

بەڵام ژنێك کە ناوی "شەهرەزاد" بووە، توانیویەتی خۆی لەم خوێنڕێژییە ڕزگار بکا. کاتێك نۆرەی ئەم هاتووە بۆ شووکردن، ئەو ژنە چیرۆکی وەهای بۆ گێڕاوەتەوە کە بەلایەوە زۆر سەرسوڕهێن بووە و تەواو نەبوە، لە شوێنێکی وادا بڕیویەتی کە زۆری بەلاوە گرنگ بووە و بەڵێنی داوە شەوی داهاتوو بۆی تەواو بکات.

شەهرەزاد هەزار شەو چیرۆکی بۆ گێڕاوەتەوە، چیرۆکەکان هێندە سەرنجڕاکێش بوون، هاروونە ڕەشید ١٠٠١ شەو گوێی لێ گرتووە، شەهرزاد بەمە خۆی لە مردن ڕزگار کردو هاروونە ڕەشید لە پاداشتی ئەوەدا لێی خۆش بوو. چەند گەشتێکی خۆشمان لەگەڵ فاتمە و جەمال کازمی هاوڕێماندا کرد بۆ شوێنەکانی بەغدا (ڕافیدەین*، عەگەرگووف***، بابل) هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

بەڵام ئەو ڕووداوەی کە دەبێ هەمیشە بیری لێ بکەمەوە ئەوەیە: جارێکیان من و زێپ چووینە دەرەوە بۆ پیاسە بە درێژاییی دیجلە، شنە بای ڕووبارەکە چەند خۆش بوو! شارە گەرمەکە بەرامبەرمان بوو. یاوەرەکەمان چووبوو بۆ بازاڕ بۆ شت کڕین و ئێمەش چەند ساتێك خۆمان خەریك کرد. لەناکاو هەستم کرد ئێمە لە گەرمەی قسەکردنماندا لە ڕووباری دیجلە لامان

بنکەی ژین
www.zheen.org

* لە بەغدا شوێنیك نییە بە ناوی الرافدینەوە. نازانرێ نووسەر مەبەستی چییە؟ (فیرۆز)

*** عگرگوف، شوێنەوارێکی کاشیەکانە بە ناوی (دورکوریکالزۆ)، بەناوی شایەکی کاشیەکانەوە (کوڕی کالزۆ) ناو نراوەو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دووهەم بەر لە زاین. (فیرۆز)

داوە و بە ڕێیەکی هەڵەدا ڕۆیشتووین. خۆمان لە ناوچەیەکی زۆر ناهەمواردا بینییەوە، بە کۆلیت و لقی دارخورما و زەل دروست کرابوون، زۆر بۆنی دەهات و بەڕادەیەك پیس و پۆخڵ بوو لە باسکردن نایێ. لەگەڵ ئەوەشدا، شێوەیەکی سەرسورهێنی دابووە جەنگەڵەکە. وەك چۆن من سەیری هەردوولام دەکرد و زەلامم لە پێش و پاشمانەوە دەدی، زۆر بەباشی ورد دەبوونەوە، وەزعەکە باش نەبوو.

هەولّم دا ڕێگەچارەیەکی دەرچوون بدۆزمەوە کە یا بەرەو دیجلە بڕاوەتەوە یان بگەڕێتەوە، بە تایبەتی گێلی بوو بۆ ئێمە. ئەو ڕۆژە دەمانچەکەم لەگەڵ خۆمدا نەهێنابوو، لەماڵەوە بەجێم هێشتبوو. ئێمە بۆ سەردانی شوێنی ئاوا جلوبەرگی کۆنمان (شڕمان) لەبەر دەکرد.

زۆری پێ نەچوو بڕیارم دا چۆن لەم وەزعە دەربچین، لەپڕ یەکێك لەدواوە لەقەیەکی لێ دام، بەر پەراسوەکانم کەوت. بە وریایی و خێرا لام کردەوە، کابرام گرت. یەکێك لەو بەربەریانە بوو— کە لەبەرچاودا بوون.

((شو بدك (schbedak) * مع السلامة، یالله، یالله))، پێم وت: ((تۆچیت دەوێ؟ بڕۆ خۆت ون کە، بەڵام تۆزێك خێرا!))

کە من بە زمانی ئەو قسەم کرد، پاش تاوێك خۆی هێمن کردەوە. من دەمەوێ زیاتر بڕۆم، ئەمەیان بۆ جاری دووهەم کاری تێ کردم. لە چاوتڕووکانێکدا شەقێکم تێ هەڵدا، هەروەك ((چەور کرابێ)) گەڕایەوە و بەخێرایی کلکی بردە ناوەوەو سەرو کەللەی کەوتە سەر زەوی و ((گەوزا))،

www.zheen.org

* شو بدك، وشەیەکە بە زاراوەی عەرەبیی لوبنانی واتە چیت دەوێ؟ ئەم وشەیە لە عیراق لە زمانی ڕۆژانەدا بەکار ناهێنرێ، لەباتیی ئەو وشەی (شترید) بەکاردێ. کەواتە نووسەر ئەم وشەیەی لە فەلەستین فێر بووە. (فیرۆز)

زۆر پیس بوو، پێنج چرکە بە ڕاست و چەپ لێمان دا، زێپ لەگەڵمدایە، کابرا لەم سیناریۆیەدا تەنها شەقی دەخوارد و ئێمەش بە خێراترین ڕێگەدا بە خێرایی خۆمان ون کرد. پاش ئەوەی لە مەترسی دەرچووین، سەیرێکی یەکتریمان کرد، دەستی یەکتریمان گوشی، بەدەنگی بەرز زۆر پێ کەنین.

بەڵێ، بەڕاستی هەقمانە پێ بکەنین، چونکە کۆمەڵێك کە چل تا پەنجا گەنج دەبوون، یەکسەر هەر لەڕێوە توانیمان دە تا دوازدە لەو برایانەی کە دەیانویست ئێمە دەست بەسەر بکەن، لێدانێکی باشیان لێ بدەین و بەخێرایی ڕابکەین.

هەموو جارێك ئەو گومەزە ئاڵتوونیانە سەرنجم ڕادەکێشن، ئێمە لە ئوتومبیلی بیابانەکەوە چاومان پێیان کەوتبوو، جوانیی ئەوان وام لێ دەکەن لەو شوێنانە نزیك ببمەوە و بچمە ناویانەوە، هەرچەندە چوونە ناوەوەی ئەو شوێنە زۆر مەترسیدارە، مرۆڤ دەبێ لەبەر موسڵمانەکان وەك مردن حیسابی بۆ بکات.

دەچینە ناو شاری پیرۆزی کازمییە. ئەمە هیی شیعەکانە، ئەمانە سەرسەخترین و بەباوەڕترینی هەموو باوەڕەکانی تری ئیسلامن، بێ ئەوەی سەرمان سوڕ بمێنێ، وەك هەمیشە ڕۆیشتین. زێپ و من کڵاوێکی عیراقیمان بەلای چەپی گوێماندا کرد.

وێستگەی ترامەمان لە ناوەڕاستی شاری کۆنی بەغدادا دۆزییەوە، بە ئەسپ ڕادەکێشرا. سواری (قاتی یەکەم) بووین، کە جێی ئەفەندی بوو. ئەمەش واتە پلەی (١). پاشان ڕۆیشتین، ئەم ئەسپانە بەبێ وەستان ئێمەیان گەیاندە ئەوێ. لەپێشدا بە بەغدادا بەناو باخێکی خورمادا ڕۆی، تا لەپڕ ئەو گومەزە ئاڵتوونیەی کە دەیناسین، لە بەردەمماندا دەرکەوت.

کاتێك دەڕۆیشتین، ئیبراهیم دەیگوت ئێمە تەنها هەر ئەو وشانەی کە بە تەواوی دەیانزانین، دەبێ وەڵامیان پێ بدەینەوە، کەوتبووینە بەر چاودێریی کە



www.zheen.org

لەگەڵماندا سوار بووبوون. لەوانەیە هەر بۆچوونێکی خراپ هەر زۆر لەسەر ئێمە و ئەو بکەوێ، لەوانەیە گیانی یاوەرەکەمان کە ئیبراهیمە تێدا بچێ.

گەیشتینە کازمییە- دابەزین لەو ترامەی کە بە ئەسپ ڕادەکێشرا، وادیار بوو هیچ نەبو، بەڵام لە سەرووی هەموو شتێکەوە زۆر بەوردی سەیرمان دەکرا. خۆمان لەناو ئەو کۆڵانە تەسکە پیسانەدا ون کرد، دەمانویست نزیک ببینەوە لە جێی چوونە ژوورەوەی مزگەوتەکە، تا بتوانین وێنەی بگرین.

ئیبراهیم لەپێش ئێمەوە دەڕوا، بۆ ئەوەی بزانێ هەموو شتێك مسۆگەرە یان نا- ئەمەش بە واتای: ئایا یەکێك لە توندڕەوە ئیماندارەکان لەوکاتەدا ڕێمان لێ ناگرێ؟!

پاش چەند جارێك هەوڵدان و نزیککەوتنەوە، لەپڕ یەکێکمان دەدی لێمان نزیك دەبوەوە، کارەکانی لێ تێك دەداین. ئەم چاوەڕوانییە ناهەموارە بێئارامی کردین، بە ڕێگایەکی کەدا ڕۆیشتین بۆ ڕێی ڕوو بە ناو مزگەوتەکە. ئیبراهیمی یاوەرمان لەوکاتەدا خەریکی نوێژ کردن بوو، خۆمان تێ نەگەیاند.

دەبێ بۆ ئەویش خراپ بێ، گەر لەگەڵ ئێمەدا خەریك بێ. بەسەرسوڕمانەوە کاتێك ئێمە بەزۆر چووینە ژوورەوە، ئەو بە خێرایی خۆی خستە شێوەیەکی ترەوە، کە بەلایدا دەڕۆیشتین، گەر شتێك گرنگ بوایە بە تەواوی بۆی باس دەکردین، من و زێپ توانیمان بەو "کامیرا-کۆداك"ە بچووکە "کێتینا" لە ڕێگەی کونی قۆپچەکانمانەوە، هەندێ وێنەی ناوەوەی مزگەوتەکە بگرین، بێ ئەوەی کەسێك پێمان بزانێ. بەختەوەرین ئەم وێنانەی کە کۆیان دەکەینەوە، زۆر خۆشمان دەوێن.

ناوەوەی ئەم هۆڵە هێندە جوانە، ناتوانرێ وەسفی بکرێ، بە شێوەیەکی تەلارسازی و هونەری دروست کراوە، ڕەنگەکانی وا بریسکەیان دێ کە زۆر سەیرە. هەریەکە لەو کاشییە ڕەنگاوڕەنگانە بە هونەرێکی دەستی

www.zheen.org

لەقەڵەم دەدرێن، هەریەکەو وێنەیەکی تری لەسەرە هەروەك گوڵ، شێوەی فەنتازیی نیوە مانگ و شتی تر. ئێمە مەگەر بەدەگمەن بتوانین لەم بریسکەدارییە دوور بکەوینەوە. ئێستە پێنج دەرگامان لەو حەوت دەرگایەی کە ئەم مزگەوتە پیرۆزە هەیەتی، دیوە، حەز ناکەن سەری لێ بدەین، بەڵام سەرمان لێ داوە.

کاتێك من و زێپ لەبەر ئەو سەردانە سەرکەوتوومان بەبێ ئاگایی و زۆر بە خۆشییەوە بەرەو دەرگایەکی تر دەچووین بۆ لای مەزارە پیرۆزەکە، لە شوێنێکی کەوە ئەو شێوە جوانەی گومەزەکە دەردەکەوت، هەستم کرد شتێکی نامۆ کتوپڕ لە دەموچاوی "ئیبراهیم"دا دیارە، هیچ قسەی نەکرد و کورتە وەڵامێکی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە، کە هەر بە چاو بوو. پاشان وەزعی زۆر تێك چوو پێشو دوای خۆی دەکرد. ئێمە بە دوای ئەوەوە بووین، بێ ئەوەی لەڕاستیدا بزانین چی ڕووی داوە، بەتایبەتی کە چووە ئەوبەری شەقامەکە زۆر ئاگادار بوو. منیش لەوکاتەدا دەمویست بدوێ و بڵێ چی ڕووی داوە، لەپڕ خۆی بەلایەکدا با دایەوە و بەهێواشی هاواری لێ کردین و بەئاگادارییەوە وتی: ((یالله، تعال!!!)) (خێرا بەدوای مندا). خێرا شوێنی کەوتین و نازانین مەبەست چییە و چی ڕووی داوە. تەنیا چەند خولەکێك پاش ئەوەی ئێمەی بە هەموو سووچ و قوژبنێکدا برد، کەسمان نەدی و تا هێزمان تێدا بوو ڕامان کرد. خۆمان لەبەر قاپیی ماڵێکدا حەشار دا، لەوبەری ئێمە بەرامبەر بە خانوەکە کەوتینە چاڵێکەوە، یەك مەتر قووڵ دەبوو، بۆ نەگبەتی لێرەش کەس ئاگای لێمان نەبوو.

ئیبراهیم هەڵوێستەیەکی کرد، تا هەناسەیەکی پێدا بێتەوە و چاوێك بگێڕێ، ئێستا (دوعا) دەکات دەستی کرد بە قسەکردن، بە چەند وشەیەکی کورتی بڕسکاو وتی: پیاوێك لەگەڵمان بوو لەو ترامەی کە بە ئەسپ

ڕادەكێشرا، لە دوورەوە چاودێریی دەكردین و كت‌وپڕ لێمان ون بوو. ئەوكاتە لە نێو دەرگای سێهەمدا وەستابووین، جارێكی تر دەركەوتەوە و من بە چاو هەڕەشەیەكم لێ كرد.

ئێمە لە یەكێك لەو كەللەشەقانەی كە دوامان كەوتوون، دەترسین، چونكە پێ‌دەچێ یەكێك لە شیعە توندڕەوەكان بێ. ڕەنگە ئیبراهیم لەو ترسابێ، بە فێڵ بەبێ ئەوەی هیچ شتێك ڕوو بدا، ئێمەی بە هەردوو دەرگاكەدا بردە دەرەوە، چونكە دەیزانی زۆر بە وردی وێنە دەگرین، تا مەترسییەك نەیێتە ڕێی. ئەو ماوەیە مەترسیەكەمان زیاتر لەسەرمان چڕ دەبوەوە – پێش ئەوەی ملمان پێوە ببێ، ئەو –خوا دەزانێ چۆن– هەر ئێستا ئێمەی لە مردنێكی مسۆگەر ڕزگار كرد.

ئێمە هەستمان كرد چۆن پلەی گەرمامان بەرزە، هەموو هیوایەكمان بەم یاوەرەمانە، بە خێرایی ئێمەی بە چەند جادەو بانێكی تەسك و ترووسك و چەند ڕێیەكی تاریكدا، یا بە نێوان چەند كۆلانێكی نیوە ڕوخاودا، سەر دەخست و لەپێشمانەوە بوو، هەموو گیانمان ببوە ئارەق. تا گەیشتینە شوێنێك، دوور كەوتینەوە لە مەترسیی ئەم شارە (شاری كازمییە). ئێستا ئێمە دڵنیاین چەند وێنەیەكی ئەم شارەمان گرتووە، بۆ ئەم مەبەستە زۆر نزیك بووینەوە لە مردن. ئەو هەموو سەركێشییە، ئەو هەموو هەڵسوكەوتە نابەجێیە، ئەنجامێكی باشیان هەبوو.

ئێستا هەروەك لە ئاسمانەوە بۆ ئێمە بارێبێ، لۆرییەك بەبەردەمماندا تێ پەڕی. من دەستم بۆ هەڵتەكاند، شۆفێری لۆریەكە وەستا، بێ ئەوەی هیچ بیرێكی لێ بكاتەوە، وەك هەر هیچ نەبووبێ سواری لۆریەكە بووین و بەخشیشێكی باشمان دایێ و ئەویش زۆر بە خێرایی دەیهاژو. لەگەڵ دڵەكوتێكەماندا، بۆمان دەركەوت چۆن لەو كۆڵیتانەوە، لەو خانووی

www.zheen.org

فەقیرانەوە، هەر خەڵك بوو قسەی پێ دەوتین و دەستیان بە مشتەکۆڵەوە بەرز دەکردەوە، یا دوای لۆریەکە دەکەوتن و جنێویان پێ دەدایین. شۆفێرەکەمان ئاگای لەمە نەبوو، ئەمەش شتێکی باش بوو. زۆر لەوانەش بوو بەهۆی ئوتومبیلێکی بچووکەوە دوامان کەوتبن، جا لەبەر ئەوە دەمانچە ماوزەرەکەم خستە سەرپێ، بەڵام ئێمە بە خێرایی دەر دەچووین. سوپاس بۆ خوا وا گەیشتینەوە نزیکی بەغدا، بێ ئەوەی هیچ زیانێکمان لێ بکەوێ.

لێرە شتێکی زۆر سەرسوڕهێن هەیە، ئەوەی زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشێ– ئەویش پانی و بەرینیی قەبرستانی بەغدایە. لە بەرزایی یەکی کەمی گردێکدایە، چەندەها کێلی سپی لەبەردەمماندا باش دیارن. مزگەوتێکی بچووکی قەبرستانەکە لەنێوان چەند دارخورمایەکدایە. هیچ شەماڵێك نیە کەمترین شت بجووڵێنێ و خۆرێکی زۆر بەهێز تیشکی داوەتە سەر ناوچەکە، هەروەك خۆری ڕۆژهەڵات کە زۆر گەرمە و ئەم هەژارانە دەسووتێنێ و بۆنێکی زۆر ناخۆش بەڕووماندا دێنیێ کە بۆنی مردووی لێ دێ.

ئێمە لەم نزیکانە چاو دەگێڕین، بەڵام لە هەموولایەکی ئەم ناوەدا بە درێژی و پانی تەنیا یەك مرۆڤمان بینی، ئەویش لە نزیکی ئێمەوە خەریکی لەوەڕاندنی چەند مەڕێك بوو لەو شوێنەدا کە بەهۆی بارانەوە هێندێ گیای لێ سەوز بووبوو. ئێمە زیاتر دەڕۆیشتین، تا لەناکاو بۆنی پیسی وامان هەست پێ دەکرد کە هەناسەی لێ دەبڕین. لەپڕ گوێمان لە شەقەی باڵی باڵندە بوو، زۆر بەنزمی لەنزیکی ئێمەوە دەفڕین، باڵندەی گەورەی خۆڵەمێشی و قاوەیی بوون، دەنیشتنەوە. لەوکاتەدا سەگێکی سپی بە حەپەحەپ ڕای دەکرد، قەپۆزی لە خوێن سوور بوو، پاشماوەی ئاژەڵی زۆرمان لەم قەبرستانەدا دەبینی، تۆپیبوون. کەرێکی تۆپیومان لە نزیکمانەوە دی، لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو. پاش ئەوەی داڵەکەرخۆرەکان و

www.zheen.org

سەگە خوێڕیەکان سڵیان لە ئێمە کردەوە، زۆر بە ئارامی چوونە سەر لاشەی مردارەوەبوویەکی تر، بێ هیچ سڵکردنەوەیەك لەدوامانەوە دەستیان بە خواردن کرد. ئەم بۆنەی کە وەك بۆنی تاعوون وایە، تەنگەنەفەسی کردبووین. بۆیە بەپەلە ئەم جێگە ترسناکەمان بەجێ هێشت.

لێرە، لە بەغدا، عادەت وایە، گەر ئاژەڵێك لە ئاخروئۆخری ژیانیدا بوو یا تۆپیبوو، ئەوا ڕایدەکێشن بۆ ئەم قەبرستانە، تا لەوێ یەکسەر داڵەکەرخۆرە و سەگ پەلاماری بدەن و بیخۆن. چەقەڵ و سەگی بەرەڵڵا ئەم ناوەیان داگیر کردووە، مرۆڤ بەخۆڕایی ئەم ناوەی نەناوە لەم شوێنە. "پۆلیسی تەندروستیی ڕۆژهەڵات" گەر شتی مردارەوەبوو بەزوویی چارەسەر نەکەن، مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەبێ، وەك سکچوون و گرانەتا (تیفۆئید) و شتی چاوەڕواننەکراوی تر. ئەم جۆرە نەخۆشیانە، بەبێ ئەوەش، ساڵانە لەناو بەغدادا زۆر زۆرن، هیچ شێوەیەکی پیس و چەپەڵیی ئەو شێوە ژیانە ناهەموارەی ئەوبەری دیجلە بەخەیاڵتدا نایێ و ناتوانی باوەڕ بکەی ئەم دیجلەیە سەرچاوەی ئاوی ئەم شارەیە و چۆن دەبێت هۆی دروستبوونی نەخۆشیی پیسیش. هەروەها ئاوی خواردن هەر ئەو سەرچاوەیەیە، کە بەهۆی چەند پەمپێکەوە بەرز دەکرێتەوە و بە چەند پاڵێوراوێکی زۆر بێکەڵکدا دەپاڵێورێ و پاشان بەسەر شاردا دابەش دەکرێ.

(من کە دەمبینی تارمایی بە مێشك و چاومدا دەهات). ڕەشبین دەبووم کە دەمبینی مرۆڤ سەوزە و شتی خواردنەکەیان لەم ئاوە پیسەی قەراخی دیجلە دەشوشتەوە و یەکسەریش دەیانخوارد- ئایا دەبێ مرۆڤ سەری سوڕ نەمێنێ کە تووشی نەخۆشی و شتی وابێ؟

من و زێپی هاوڕێم، هەردوکمان حیسابی هەموو شتێکمان کردووە، جەختمان دەکرد تا تووشی نەخۆشییەکی ئاوای ئەم ڕۆژهەڵاتە نەبین و زۆر

www.zheen.org

جار کاتی گەڕانمان کە دەماندی چەند داڵەکەرخۆرێك بەسەرماندا دەفڕن، دەستمان بۆ هەڵدەتەکاندن یا چەپڵەمان بۆ لێ دەدان و هاوارمان دەکرد: ((هەڵسن، ئێوە پێویست ناکا چاوەڕوانی ئێمە بن!))

تەنها لە نەخۆشییەك زۆر دەترساین کە چارەسەری نییە، ئەویش (کانە خورما) (الحبة البغدادية)، هەوکردنی (برینی) بەغدادی– نزیکەی هەموو لەدایکبوانی بەغدا لانی کەم جارێك تووشی دەبن و زۆربەیان زیاتر لە جارێك تووشیان بووە، ئەم هەوکردنە بەغدایی‌یە جێبرینێکی ناشیرین لەسەر ڕوخساری مرۆڤ جێ دەهێڵێ، بەتایبەتی زۆر ئاسانە تووشی ئەوروپییەك ببێ.

هەرچەندە ئەم هەوکردنی بەغدایی‌یە مەترسیدار نییە، بەڵام زۆر ئازاری هەیە، هەو دەکا و کێم و جەراعەت دەر دەدا، برینەکەی نزیکەی ساڵێك دەمێنێتەوە، تائێستاش نەتوانراوە چارەو دەرمانێکی بۆ بدۆزرێتەوە، تووشبوون لە ڕێگەی ئاوی پیسەوەیە کە میکرۆبەکەی تێدایە، یاخود بە هۆی مێش و مەگەزەوە وەك کێچ و ئەسپێ، مێشوولە، یا مێشوولەی مەلاریا یا چەند جۆرێکی تری مەگەزی ئەم ڕۆژهەڵاتە.

پاش ئەوەی ڕۆژێکی پڕ ڕووداومان بەسەر برد لە کازمییە، بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە بۆ شار، بە پیاوێکی عەرەبی دەوڵەمەندی ناودار گەیشتین، ئێمەی دەعوەت کرد بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بڕۆین بۆ سەیری کێبڕکێی ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی. ئەم کێبڕکێیە تەنیا لە ڕۆژی هەینیدا دەکرێ، ڕۆژی پشووی موسڵمانان. ئەمە شتێکی زۆر چاك بوو بۆ ئێمە، پاش ئەوەی ئەمڕۆ ئەو هەموو شتەمان لە قەبرستانەکەدا دی، چەند ساتێکی خۆش لە گۆڕەپانی کێبڕکێی ئەسپدا بەسەر بەرین لە بەغدا.

www.zheen.org

زۆر خۆشحاڵ بووین بەمە، ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی، خوێن پاك، هیی دەوڵەمەندەکانی شارن، یاخود سەرۆك خێڵە عەرەبە بیابان‌نشینەکان،

بەتایبەتی شێخی خێڵە گەورەکان، پێش دەستپێکردنی غاردانەکە، ئەسپەکان، هەروەك لای ئێمە، دیاری کرابوون. هەریەکە ژمارەیەکیان هەبوو، بە بازنەیەکی بچووکەوە بوو و پیشان دەدرا. شارەزای تایبەت شێوەی گرەوەکە و کێبڕکێکەیان دیاری دەکرد. هەموو پەلەی ئەوەیان بوو بزانن کۆی گرەوەکە، بڕی پارەی براوە، چەندە.

وێنەیەکی زۆر جوان بوو، لە ماوەیەکی کورتدا غارێکی زۆر تیژ لەو جێ دیاریکراوەی کە وەك بفڕن بەسەریدا وایە، ئەنجام دەدری، دەم وچاوی سەیرکەرەکان بە ڕێکی وای دەردەخات هەروەك باڕۆمەترێك بێ ئاوایە- کێ بردوویەتیەوە، کێ دۆڕاندوویە، مرۆڤی ڕووخۆش دەبینی یاخود ڕوخساری مۆن و مڕومۆچ، زۆربەیان بێ‌ئاگا پارەیان لە گرەوەکەدا دادەنا، کەم نەبوون ئەوانەی کە چییان هەبوو لە گرەوێکدا دایان دەنا.

ڕۆژێکی ئارام هات بەدوای ئەو هەموو ناخۆشیانەدا کە لە قەبرستانی کازمیە دیمانن. جارێکی تر لە بەغدا ئێوارە داهات، من و زێپ دوانیوەڕۆیەکی خۆشمان لەگەڵ هاوڕێکانماندا: فاتمە و جەمال و کازم بەسەر برد. لە خۆشیدا بە پێ و بەناو شەقامەکانی بەغدادا کە تیشکی گڵۆپەکانی دەدرەوشایەوە، ڕێمان دەکرد، بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن کۆتایی بە ئەمڕۆ بهێنین، دەبوو شتێکی کەش ئەنجام بدەین، بەڵام چی؟

لە نزیکمانەوە گوێمان لە دەنگی مووزیك بوو، بەڵام هیی ئۆرکێستراو سەمفۆنیی ئەورووپی نەبوو، بەتایبەتی هی ناوچەیەکی بەغدادی بوو، دەنگێکی بەرز لە تەپڵێك و کلارنێتێك و نای و قانوونێکەوە دەهات، لەپێشدا دەنگی غەڵبەغەڵبی خەڵك زۆر دەهات، دەنگەکان وەك یەك بوون، دەنگی مووزیکی عەرەبی بوو، بۆ ئێمەی ئەورووپی هیچ کارێکی لێ نەدەکردین، بەڵام دڵ و دەروونی ئەوانی هێنابوە جۆش و خرۆش. هەر دەنگێك لە دەم



www.zheen.org

وچاویاندا ڕەنگی دەدایەوە، ئەمە moوزیکی پروپاگەندە بوو (ڕیکلام) بۆ ئەو فیلمە بەناوبانگەی کە ئێستا باوە، واتە فیلمی (عەبدولوەهاب)، ئەم فیلمە لە هەموو گەشتەکەماندا بێزاری کردبووین، لە هەر شوێنێك بووینایە، ئەم مووزیکە (میلۆدییە) بەدوامانەوە بوو، لە هەموو نمایشەکانی مۆسیقای قاوەخانەکانی میسردا دەنگی ئەم مۆسیقای فیلمە بوو، لە فەلەستین، تەنانەت لە ناو هۆتێلەکەشدا لەگەڵماندا بوو، دەبێ لە بەغدایش خۆمانی لەبەردا ڕاگرین. هەروەك دێوێکی تووڕە وابوو شوێنمان کەوتبێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەردەمی ئەم سینەما شانۆیی‌یەدا وەستاین و نرخی ئەم نمایشەمان خوێندەوە، سەیرێکی یەکتریمان کرد، بە پێکەنینەوە بڕیارمان دا ئەم ئێوارەیە بڕۆین ئەم فیلمە ببینین و ببیستین.

لە ڕۆژهەڵات تەنها ئەفەندی دەتوانێ لە لۆچدا دابنیشێ –جێگەکانی تر هەمووی لە بەردەمی لۆچەکاندا بوون، بە تەواوی لەلایەن مرۆڤی ئاسایی‌یەوە گیرابوون. پێش دەستپێکردنی فیلمەکە، خەڵك سەرقاڵی چاخواردنەوەیە و جگەرەش دەکێشرێ. پێش دەستپێکردنی فیلمەکە، مرۆڤ بێ‌تاقەت نابێ. کاتێك هۆڵەکە تاریك بوو، زەلامێکی گەورەی دەشتەکی لەنزیکی ئێمە دانیشت، لەو جێگە نەگیراوەی لای ئێمە، سەروسەکوتێکی گەنم ڕەنگیی شازادانەی پێوە بوو، چاوەکانی وەك گەورە پیاوێك دەگێڕا و سەری بە قوماشێکی ئاوریشمینی سپی داپۆشرابوو، زۆر درێژ بوو، جلێکی لەبەردابوو بەچنینی زیوی لەسەر ڕەش چنرابوو (پرنس). پەنجەکانی زیاتر لە پێویست ئەنگوستیلەی زۆر نرخداری ئاڵتوونی تێدا بوون، بەردە گرانبەهاکان تیشکیان دەدایەوە. ئێمە چەند ساتێك سەرمان سوڕما، ئەمە دەبێ (پایەبەرز بێ)، ڕەنگە (لە بەرزەکانی دەهەزاریەکان بێ)، بە چپە ئەمەم بە زێپ وت. کاتێك فیلمەکە دەستی پێ کرد، ئەوەی تەنیشتمان زۆر بە قووڵی چووبووە ناویەوە، ئەم فیلمە خۆشییەکی کەموێنە بوو

بۆ ئەو، لە هیچ ساتێکدا چاوەکانی پەردەی سینماکەی بەجێ نەدەهێشت، کاتی پشوو ئێمەی دی. یەکەمجار سەرنجێکی شێوە ڕەخنەی لێ گرتین، دواتر دۆستانە بە زمانی عەرەبی پرسیاری لێ کردین لەبارەی ئەوەی وا –ئێمە کێین و لەکوێوە هاتووین و بۆ کوێ دەچین؟ هیچ سەرسام نەبوو، کاتێك ئێمە بە خۆشییەوە بە عەرەبی وەڵاممان دایەوە، ئێمە جەرمانین و بۆ لای ئێوە هاتووین، تا بەغدا و دەوروپشتی بناسین، پێمان وت: سەرمان لە بابل و تەیسەفوون (Ctesiphon)* و چەند شوێنێکی گرنگی تری ئەم ناوە داوە وەك– کازمییە و پاشان بێدەنگ بووین.

دەیویست بزانێ ئایا هەرگیز سەرمان لە بیابان داوە، ئێمەش باسی ئەو هاتنەمان لە ڕێی بیابانەوە بۆ کرد، ئەو ناخۆشییەی کە دیمان لەو ڕێیە– پاشان فیلمەکە دەستی پێ کردەوە. کاتێك فیلمەکە تەواو بوو، هەستمان کرد زۆر برسیمانە و بیرمان کردەوە لە (دیجلە پلاس) خواردنێکی ئێوارەی باش بخۆین، کابرای دەشتەکیمان لە قەرەباڵغیەکەدا لێ ون بوو، بەڵام لەبەردەم دەرگای هاتنە ژوورەوەدا چاومان پێ کەوتەوەو پرسیاری کرد ئەفەندیەکان ئەمشەو نیازی چیی تریان هەیە؟ منیش زوو ئەم دەرفەتەم قۆستەوە، داوەتم کرد تا لەگەڵ ئێمەدا بێ بۆ هۆتێل، چونکە حەز دەکەین هەندێکمان لەبارەی بیابان و دانیشتوانەکەیەوە بۆ باس بکات، داواکەی بەخۆشییەوە پەسند کرد.

ئێمە لەو کۆڕنیشە دانیشتبووین کە دەیڕوانییە سەر دیجلە، لەنێوان چەند پێگەیەکی پاکوتەمیز و ژێر دارخورمای بەرزدا. پاش ڕۆژێکی زۆر گەرم، ئێوارە

www.zheen.org

* تەیسەفون پایتەختی یۆنانیەکان دوای مردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە سەردەمی سلووکیەکاندا. لە سەردەمی ساسانیەکانیشدا وەك پایتەخت مابوەوە و بە (مەدائین، تاقی کیسرا یا سەلمانپاك) دەناسرێ، لە ٥٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی بەغدادەوەیە. (فیرۆز)

خۆمان بە شنەبای زۆر خۆشی دیجلە فێنك کردەوە، وتووێژێکی زۆر بەتاممان لەگەڵ میوانە بیابانیەکەماندا کرد.

دەیویست شت لەبارەی ئەوروپاوە بزانێ، بەتایبەتی لەبارەی وڵاتەکەمانەوە. لەڕاستیدا ئەو زۆر شتی دەزانی، پێویستمان بە شیکردنەوەی زیاتر نەبوو لەوبارەیەوە، پێویست نەبوو خۆمان ماندوو بکەین، تا بەم عەرەبیە کەمەی کە دەمانزانی، تێی بگەیێنین.

لەم نێوانەدا خواردنی ئێوارەمان ئامادە بوو- بریتی بوو لە گۆشتی سوورەکراوەی شێوەی ڤیێنا لەگەڵ پەتاتەی سورەوەکراودا. دەبوو لانی کەم خواردنێکی ئەوروپی بۆ ئەم میوانەمان ساز بکرێ، ئایا لای ئەو تامی خۆش دەبێ؟ نازانین و ئەمە بە لای ئێمەوە زۆر بەتامە، ئەویش وای پیشان دەدا خواردنە کە زۆر خۆشە. کاتێك سەیرمان دەکرد، تەنیا بەکارهێنانی چەقۆ و چەتاڵ تۆزێك نائارامیی بۆ دروست کردبوو. پاش نانخواردن، داوامان کرد هەندێکمان قسە لەبارەی ناوچە بیابانیەکەیەوە بۆ بکا. ئێستا بۆمان دەرکەوت ئەم میوانەمان پیاوێکی زۆر زۆر دەوڵەمەندی ناوداری ناو دەشتەکیەکانە.

ئەم شێخە ناسراوە کە ناوی "عەبدولعاص"ە، سەروسیماو بەژن و باڵایەکی پاشایانەی هەبوو، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی وا ئایا دەتوانن لە ناوچە تایبەتەکەی خۆم لە بیابان داوەت بن؟ ئەوە بوو! ئێمە دەمانەوێ بە چاوی خۆمان بیبینین و هەستی پێ بکەین.

پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر کورت، داواکەمان پەسند کرد، زۆر خۆشحاڵ بوو بەم وەڵامە، پەیمانمان دا پاش سێ ڕۆژ بەیانی زوو لێرەوە بە ئوتومبیل بکەوینە ڕێ بۆ لای، شێخ دەیویست ئەو ڕۆژە خۆی و دارودەستەکەی بە سواری بچنە ئەو جێگەیەی کە دیاری کراوە، تا هەموو شتێك بۆ پێشوازیی ئێمە ئامادە بکا.

www.zheen.org

کاتێك بەڕێ کەوتین بۆ بیابان، ئەو لە فەلووجە خزمەتکارێك دادەنێ چاوەڕوان بێ، لەبەر ئەوەی دۆزینەوەی ئەو شوێنە لە بیاباندا کارێکی ئاسان نییە! تا چاوەڕوانمان بێ و بەئاسانی جێگەکە بدۆزینەوە.

پاشان کوڕی بیابان بەجێی هێشتین و بەسەرسامییەوە سەیری یەکتریمان دەکرد، ئەوەی کە لای ئێمە مسۆگەرە، ئەوەیە: ئێمە دەبێ –بە هەر شێوەیەك بێ– ئەم سەردانە بکەین. کێ دەزانێ جارێکی تر هەلێکی ئاسانی وامان بۆ هەڵدەکەوێ؟ لەوانەیە هەرگیز شتێکی وامان بۆ دەس نەدا!

دوو ڕۆژی داهاتوو زۆر سەرقاڵ بووین، لەپێش هەموو شتێکدا کارە پێویستەکان و وەڵامدانەوەمان ئەنجام دا*، پاشان خۆئامادەکردن بۆ هەفتەیەك لای شێخ "عەبدولعاص"، دەبوو هەموو پێویستیەکانمان بۆ ئەو گەشتە ئامادە بکەین. زۆر زانیاریی گرنگمان لەسەر شێخ وەرگرت، هەمووی باسی باشییان دەکرد، بۆیە دەتوانین ئەم گەشتە بەبێ دوودڵی بکەین.

پێش ئێوارەی ڕۆژی دووەم سەرێکمان لە شاری کۆنی بەغدا دا، زۆربەی (خانەکانمان)، دی کە لەپێشدا کاروانسەرا بوون، ئێستە جێگەی بەکرێدانی ئوتومبیلن. لە ئەنجامدا ئوتومبیلێکمان بە نرخێکی گونجاو بەکرێ گرت، هەرچەندە ئوتومبیلێکی تازە نەبوو، بەڵام جوان بوو. ئێمە گرنگیمان بە هێزی ئوتومبیلەکە دەدا کە بە توانا بێ، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ئەم ئوتومبیلەی کە گرتوومانە، ئەم خەسڵەتانەی تێدان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* لەم بڕگەیەدا ئەو بۆچوونەمان لا پتەو دەبێ کە لەوە دەچێ نووسەر بە کارێکی هەواڵگری (استخباراتی) بۆ بەرژەوەندی وڵاتی ئەڵمانیای نازی هاتبێتە ئەم ناوچەیە. هەر چۆن لە هەندێ بەشی تری ئەم باسەدا خوێنەر دەکەوێتە گومانەوە. (فیرۆز)

## له ئاگر و گڕەی بیاباندا

سەرلەبەیانی شۆفێرەکە سەعات پێنجی تەواو ئێمەی لە هۆتێل "نوعمان" هەڵگرت، یەکسەر بەغدامان بەجێ هێشت، بە شەقامێکی شاڕێی بەرامبەردا دەڕۆیشتین.

بەپێی ئامۆژگاریی برادەرەکانمان، کازم و یاوەرەکەمان ئیبراهیم، خواردەمەنییەکی زۆرو شتی پێویستی تر و ئاوێکی زۆرمان ئامادە کرد. ئەم بۆچوونەی ئەوانمان بۆ ئەم هەموو شتانە بە زیادەڕۆیی دادەنا، چونکە دەبوو هەر ئەم ئێوارەیە بگەینە لای شێخ عەبدولعاص، بەڵام دەبێ مرۆڤ گوێڕایەڵی ئامۆژگاریی چاك بێ.

لەسەر شەقامێکی قیری ڕێك‌وپێك بەرەو سەرووی ڕۆژئاوا دەڕۆیشتین، پاش سەعاتێك و نیو گەیشتینە (فەلووجە). دێیەکە، هەموو لە هاتنی ئێمە ئاگادار بوون، لە شێوەی بازنەیەکی گەورەی دووردا چاوەڕوانیان دەکردین. گەورە پیاوێکی دەشتەکی بەرەو لای ئێمە هات و کڕنووشێکی برد دەیگوت: گەورەم، شێخ عەبدولعاص منی ناردووە تا لەم گەشتەدا لەگەڵتان بم و بە سەلامەتی بتانگەیێنمە جێی مەبەست.

کابرای دەشتەکی جێگەی خۆی لە ئوتومبیلەکەدا کردەوە، ئێستا بەڕاستی دەست پێ دەکات، یەکسەر دوای فەلووجە بەسەر پردێکی سەر ڕووباری فوراتدا تێپەڕین، ئەو جادەیەمان بەجێ هێشت و بەرەو لای خۆرئاوا ڕۆیشتین بەرەو ناوچەی بیابان، شۆفێرەکەمان لاوێکی ڕەسەنی گەنج و لێهاتوو بوو، زۆر حەزی لە قسە بوو، زۆریش زیرەك و چاپووك بوو،

www.zheen.org

لەڕاستیدا جێی سەرسوڕمان بوو. ئەو هەروەك لە جەنگەڵدا بێ، ئوتومبیلەکەیی بە زۆر جێی سەختدا لێ دەخوڕی، ئەمە شتێکی ئاسان نەبوو. هەروەها پێشبینیی دەکرد کە دەبێ بەسەر چەند تەپۆڵکەیەکی بچووك

و گەورەی لمدا تێپەڕ ببێ، لەکاتێکدا ئوتومبیل لەو شوێنانەدا گەر خێراییەکەی ئاوا زۆر نەبێ دەچەقێ. ئەم چاڵانە بەرهەڵست نابن، ئەگەر مرۆڤ بە خێرایی هەشتا کیلۆمەتر لێ بخوڕێ. ئاواش شتێکی خۆش بوو، هەرچەندە مرۆڤ تا بنمیچی ئوتومبیلەکە بەرز دەبوەوە، بەڵام گرنگ نەبوو.

خۆر هێشتا لە ئاسماندا بەرز بوو. هەرچەندە ڕۆژێکی زۆر جوان بوو، بەڵام گەرم بوو، دەبوو ئێمە کە بەبیاباندا دەڕۆین، ئەمەمان چاوەڕێ بکردایە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستێکی سەیر گێنگڵی پێ دەدام، بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی ئەوانی تری ناو ئوتومبیلەکەم کرد، هەموویان خەریکی سڕینی ئارەقی ناوچاوانیان بوون.

ئێمە زۆر بە خێرایی و بێوەستان دەڕۆیشتین، بۆ ئەوەی بە زوویی دەرباز ببین و بگەینە جێی مەبەست. گەر هیچ شتێك بەرمان پێ نەگرێ، پاشنیوەڕۆ نزیکی سەعات چوار دەبێ لای خانەخوێمان بین. بەڵام ئەو شتەی کە چاوەڕوان نەدەکرا، ڕووی دا.

پێشنیوەڕۆ بێوەستان بە هەموو تواناییمانەوە ڕێگەمان دەبڕی، بەسەر ئەو بیابانە زۆر گەرمە داغەدا دەڕۆیشتین، هەستمان بە کەمترین با یا سروەیەك دەکرد، کەمێك ساردی دەکردینەوە. هەوای گەرمی مەکینەی ئوتومبیلەکە تا دەهات زیاتر دەبوو، هەمووومان بێ دەنگ بووین، ورتەیەکمان لێوە نەدەهات، جگە لە دەنگی زیڕەی ماتۆڕی ئوتومبیلەکە، گوێمان لە هیچی تر نەبوو، هەروەها گەرووم وەها وشك بووبوو، نەمدەتوانی قسە بکەم. ئەو سەرسامییەی وا ئەوانی گرتبوو، من و هاوەڵەکەشمی گرتبوو.

سەعات دووی پاشنیوەڕۆیە، هەناسەیەکم دا. وا چاوەڕوان دەکرا بە شوێنی دیاریکراو بگەین، بەڵام لەوانەیە شتێك ڕوو بدات و چاوەڕوانکراو بێ، پاش ئەوە سروەی بایەکی کەم هات، ڕۆشنایی و وزەیەکی بە سەرو چاوماندا هێنا.

www.zheen.org

هەوایەکی کەم لەسەر زەوی هەبوو، هەندێك لمی پێوە بوو، دیمەنێکی سەیری وەك نەخش و خاڵی سەر درەختی لەخۆ دەگرت. کاتێك سەرنجی ئەم دیاردەیەم دەدا کە بایەکە دروستی دەکرد، سەرسام دەبووم، سەرنجم دەدا بایەکە هەر چرکەیەك زیاتر و بەهێزتر دەبوو. ئەوانەی خەڵکی ئەوێ بوون و لەگەڵماندا بوون، جنێوێکی زۆریان دەدا –چاوەکانیان بە ئەملاوئەولادا دەگێڕا و دەیانڕوانیە ئاسمان، هەروەك ئێمە نەبینن وا بوو. دنیا تا دەهات تاریکتر دەبوو، مەکینەی ئوتومبیلەکە دەنگێکی بەرزی لێوە هات، شۆفێرەکە خێرا دابەزی، هەروەهایش خزمەتکارەکەی لەگەڵماندا بوو. بە خێرایی سەری مەکینەکەیان داپۆشی بەو شتانەی کە پێیان بوو، هەتا بە بەشێك لە جلوبەرگی بەریان. باکە زیاتر بەهێز دەبوو، لمێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا بڵاو دەکردەوە و زۆر تەپوتۆزاوی بوو. ئێستا ئێمە لە ناوەڕاستی گێژەلووکەیەکی لماویدا ڕاوەستاوین. – تەنها شتێك لە ڕێگەماندایە ئەوەیە کە دەبێ بەردەوام بڕۆین، نەك بوەستین و بمێنینەوە، ئەگەنا دەدۆڕێین و تێدا دەچین.

من و زێپ نەماندەتوانی خۆڕاگر بین، ئەو هەموو زیخ و لمە هەروەك تەرزە دەیکێشا بە جامی ئوتومبیلەکەدا. چاوە نووقاوەکانمان و کونە لووتیشمان، هەرچەندە بە دەستەسڕێکی کەمێك تەڕکراو گرتبوومان، پڕ بوون لە لم. هەموو لەشمان دەخورا: چاومان، لووتمان، گوێمان، دەممان و هەموو جەستەمان. سەرەڕای ئەوە، ئەم گرەیە ئەوە نەبوو بایەکی ساردبێ، وەك یەکەم جار هەستمان پێ کرد، بە پێچەوانەوە ئەمە بایەکی ڕۆژهەڵاتی بوو، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهات، زۆر گەرم بوو. لەڕاستیدا کە بەرەو ڕوومان دەهات هەروەك گەرمای دۆزەخ وابوو. مرۆڤ ناتوانێ ئارەق بکاتەوە، هەتا گەورەترین دڵۆپە ئارەق بەهۆی ئەم زریانەوە تا قووڵایی مۆخت دەچێتە

www.zheen.org

ناوەوە. لەسەر ڕێی خۆمان بووین. شەو زۆر تاریك و ترسناكیش بوو، چەندین گردۆڵكە لەناو ئەم دەریای بیابانەدا دروست بووبوو.

جاروبار هەوڵ دەدەم چاوم بكەمەوە، بەڵام لەبەر ئێش و ئازار خێرا دایدەخەمەوە. جا سەرم سوڕ دەمێنێ، چۆن شۆفێرەكەمان و ئەوەی وا لە تەنیشتی دانیشتووە و خزمەتكارە بیابانیەكەمان دەتوانن ئاوا چاویان بكەنەوە و بەم خێراییە لێ بخوڕن.

ئێمە لەم ئوتومبیلەدا هەروەك پەتاتەی ناو گونیە بەسەر یەكدا دەكەوتین، بەڵام شۆفێرێكی بیابانی دەزانێ، وەستانێك لە زریانی لماویدا بۆ ئەو دەبێتە بەدبەختییەكی زۆر گەورە. ئەو تەنیا لەبەر خاتری ئێمە لێ ناخوڕێ، دەیەوێ ژیانی خۆیشی ڕزگار بكا.

نزیكەی چارەكێك دەبێ بەخێرایی دەڕوات، لەپڕدا دەنگی مەكینەی ئوتومبیلەكە گۆڕا، مەكینەكە پاش چەند چركەیەك لەكار كەوت! شۆفێرەكە دەستێكی بۆ هەڵتەكاندین، تا بتوانین خۆمان لەناو ئوتومبیلەكەدا حەشار بدەین.

ئەم (٢٠) بیست خولەكەی كە ڕابورد، هەروەك كاتێكی بێكۆتایی لە دۆزەخدا بووبین ئاوابوو. خولەكەكانی داهاتوو زیاتر مەترسیدار بوون و زۆر دەترساین، نەك تەنیا لەبەر جەستەمان، بەڵكوو نەماندەزانی ئایا ژیانمان لەم چەرمەسەرێیەی بەر ئاگر ڕزگار دەبێ یان نا؟ ئالێرەدا هەستمان بە گەورەیی و توانایی و بەهێزیی ئەم سروشتە كرد.

ئەوەی باشە عەرەبەكان دەڵێن ((من الله))، لە خواوە ئەم شتە ڕوو دەدات. ئەمەش حیكمەتێكی تێدایە: ((خوا ئەمە دەنێرێ، دەتوانێ من لە مردن ڕزگار بكات، گەر خوا بیەوێ دەبێ بمرم)). گەر مەترسییەك لەئارادا بێ ئەم قسانە هەزارەها جار لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەیبیستڕێن.

www.zheen.org

پێنج خولەکی ناخۆشی تریش دەبوو خۆڕاگر بین، هەموو ژیانمانی پێوە بەند بوو. پاشان خوای گەورە جارێکی کە ئێمەی ڕزگار کرد بەوەی کە زریانەکە هێواش بووەوە و ئەو گەرمایی‌یە ناهەموارە زۆر لەسەرخۆ کشایەوە،

کاتێك زۆر بە ناڕەحەتی لەناو ئوتومبیلەکەدا جووڵاین و هاتینە خوارەوە، نەماندەتوانی لەسەر ئەو لمە گەرمە خۆمان ڕابگرین. زێپ چپەیەکی کرد: ((ئایا ئەمە ئاگرێك بوو، یا ئاگرباران بوو)).

توانیم تەنیا بە زەردەخەنەیەك وەڵامی بدەمەوە، بەڵام وا هەست دەکەم گیانم سووك بووبێ. کە ئێستا گەورەترین مەترسیمان لەسەر نەما. شۆفێرەکەمان بێ ئەوەی ماندوو بێ خەریکی لابردنی ئەو بەتانی و جل‌وبەرگانەیە کە بەسەر ڕادێتەری ئوتومبیلەکەوەن و زۆربەیان نیوە سووتاون.

من و زێپ بەهۆی ئەو مەترسی و کارەساتەوە کە بەسەرماندا هاتن، هێشتا ئەوەندە بێ‌هێزین نەماندەتوانی لەسەر لاقەکانمان ڕاوەستین. زۆر بە شەکەتی لەسەر کوشنی ئوتومبیلەکە لێی ڕاکشاین.

شۆفێرەکە زیاتر لە دوو سەعات خەریکی مەکینەی ئوتومبیلەکە بوو، بەڵام ئەم مەکینەیە تائێستا نایەوێ کار بکا. وردە وردە دنیا تاریکتر دەبێ، بڕیارمان دا ئەمشەو لێرە بمێنینەوە، تا بەیانی زوو بە تین‌وتوانێکی باشەوە بتوانین مەکینەکە چاك بکەینەوە.

من سەرم سوڕ دەمێنێ کە ئەم عەرەبانە چەند لە سەرخۆ ئەم شتە زۆر ناخۆشانە بە خۆڕاگری دەبەنە سەر. ئێمە لە ناوەڕاستی بیابانێکی بێ‌سنووردایین، لەگەڵ ئوتومبیلێکی شکاودا، دەبێ کاتێکی زۆر ناخۆش لێرە بەسەر بەرین. گەر ئوتومبیلەکە چاك نەکەینەوە، یاخود یارمەتیی زەلامێکمان پێ نەگات، ئەوا ئەو گیانلەبەرانەی کە بە ئێمە دەگەن، ئەوانەی کە مرخ لە

www.zheen.org

شتی تۆپیو خۆش دەکەن، بە گاڵتەی عەرەبی (مع السلامة) (خواتان لەگەڵ). ئەمە تەنها بۆ خۆشی و گاڵتە دەڵێین؟!!

پێش ئەوەی بڕیاری خەوتن بدەین، پرسیارم کرد: ئایا کەس خواردن و خواردنەوەی لا هەیە؟ ئێمە خۆمان زۆر شتمان بۆ زێپ و خۆم و خزمەتکارەکەمان "ئیبراهیم" پێ بوو؛ هێندە زۆر بوو مەترسیمان نەبوو گەر هەفتەیەکیش پێی بژین. کاتێك شۆفێرە ڕەسەنەکەمان چەندین شتی هێنا، هەمووومان بەختەوەر بووین، زیاتر ورەمان بەرز بووەوە، هەروەك لە شوێنێکی دڵنیا و ژیانێکی ئاسوودەدا بین، وابوو. ئەوەو ساردبوونەوەی هەوای ئێواریٚ، بۆ ئێمەی ئەوروپی شتێکی زۆر تراجیدی بوو، ئێمەی زۆر ئارام کردەوە و بەدڵخۆشییەوە خەوتین. لە زۆر دوورەوە گوێم لە دەنگی کەمتیار و حەپەی چەقەڵ بوو، بەڵام لای ئێمەوە بێدەنگی بوو.

دەشیٚ ماوەی چەند بووبیٚ لە خەوێکی ناخۆشدا بووین، تا لە زرمەی چەکوش خەبەرم بووەوە، لە خەو هەستام، هەموو ئەندامەکانی لەشم ئێشی دەهات. بیابانەکە لەدوورەوە تاریك و ڕوونە، تاك تاك ئەستێرەش بە ئاسمانەوە دەبینران، بەڵام شۆفێرە شارەزاکەمان لەمێژە خەریکە مەکینەکە چاك دەکاتەوە و پارچەکانی مەکینەکەی لێك کردووەتەوەو بە بەنزین خەریکی شتنیانە. لەوە دەچوو لم چووبێتە ناویانەوە. هێواش هێواش خۆرەکە کە هەموو بیابانی بەڕەنگە جیاجیاکانی دادەپۆشی، بڵند دەبووەوە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش چاوەڕێمان دەکا. کەم ڕەچاو دەکرا دوێنیٚ زریانی ئاوا هەبووبیٚ. ئەم بیابانە لەم تاریك و ڕوونی سەرلەبەیانیەدا بە ئاشتییەوە هەناسە دەدا.

www.zheen.org

ئیبراهیم خەریکە بە تەباخێکی نەوت شت ئامادە بکا بۆ ئەوەی ئەو ناخۆشیانەی دوێنێمان لەیاد بچیٚ و ژیان بخاتەوە جەستەمان، ئەویش بە چالێنان، ئەو چایەی کە زۆر بە خۆشی و بە لەزەتەوە هەڵمان‌دەقوڕاند. لەپڕ

خزمەتکارەکەی "عەبدولعاص" ون بوو. ئەمەش دڵەڕاوکێیەکی بۆ من دروست کرد، ئا –من خۆم لای خۆمەوە بیرم کردەوە. بەڵام ئێستا (وەختی نییە)– لەبەر خۆمەوە بۆڵەم بوو.

پاش کەمە چاوگێڕانێك بە بیابانەکەدا، سەیرم کرد ئەو لەدوورەوە لەسەر گردێکی نزمی لماوییە و خەریکی خولانەوەیە بە دەوری خۆیدا. ئایا ئێمە لەو زریانە لماویەی دوێنێدا ڕێ و جێمان لێ ون بووە؟ یاخود ئەو بەدوای یەکێك لە هاوەڵەکانیدا دەگەڕێ؟ هەڵسوکەوتی ئەو زۆر کاری تێ کردم، پاش تاوێك بە سەرلەقاندن و دڵتەنگی گەڕایەوە. بەدرێژی و پانیی ئەم بیابانەدا دەیڕوانی، بەڵام هیچ شوێنێکی دیاریکراوی نەدۆزییەوە، جگە لەم شوێنەی کە تێیدا گیرساوینەتەوە.

شۆفێرەکەمان لەم کاتەدا خەریکی چاککردنەوەی مەکینەکەیە، وا دەردەکەوت ئەو مەکینەیە بڕیاری دژی ئێمە دابێ، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر و هەوڵ و کۆششی شۆفێرەکە مەکینەکە داگیرساو کەوتە کار.

شۆفێرە بیابانیەکەمان بە ((الحمد لله)) دەنگی لێ بەرزبووەوە، ئێمەش هەروەك ئەو هەمان وشەمان دووبارە کردەوە، خوایە سوپاس بۆ تۆ، کە تۆ یارمەتیت داین، خوایە لە داهاتوودا یارمەتیمان بدەی!!

دووبارە چایەکی تریش خورایەوە، پاشان لێمان خوڕی بەرەو ئەو شوێنەی کە پێمان وابوو ڕاستە، هەرچەندە زۆر دڵنیا نەبووین.

ئەمڕۆ وەك دوێنێ باش نییە بۆ لێخوڕین، چونکە چەند گردۆڵکەیەکی لم لە ئەنجامی ئەو گڕە و زریانەی دوێنێدا دروست بووە، زۆر جار ئوتومبیلەکەی تێدا دەچەقێ، بۆیە دەبێ لمەکە پاك بکەینەوە، یاخود بە هێزی بازوومان ئوتومبیلەکە بێنینە دەرێ.

www.zheen.org

سەعاتێك زیاتر خەریك بووین، بێ ئەوەی ڕێگایەکی درێژ ببڕین و زۆر دوور نەکەوتینەوە لە شوێنی خۆمان، لەو کەشە ناخۆشەدا وا دەردەکەوت سەوزایی و دارستانی دارخورماو ئاو هەبێ و وەك مێرگێك وابێ. بەڵام شۆفێرەکەمان چی دەکات؟ ئەو بەرەو لایەکی تر لێ دەخوڕێ!

– زێپ ئاگاداری کردەوە: ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە، ئەوە تەنیا وێنەیەکی شەیتانییە، ئەوە (سەرابە– تەراویلکەیە)، گەر هەڵە بکەین دەمانباتەوە ناو دۆزەخ.

جارێکی تر ئۆتومبیلەکەمان لەناو لمێکی زۆر ئەستووری بەرزاییەکدا چەقییەوە، جارێك بۆ پێشەوەو جارێك بۆ دواوە هەوڵ دەدا بێتە دەرێ، لەکاتێکدا ئێمە کەمێك پشوومان دا– گەرما زۆر ناڕەحەتی کردبووین. ڕابەرە بیابانیەکەمان جارێکی تر چووە سەر گردێکی لماوی و لەوێوە سەیری دەکرد، بە سەرسوڕمانەوە دەمانڕوانیە هەموو هەڵسوکەوتێکی.

پێنج خولەك تێپەڕی، بوو بە دە خولەك، نەهاتەوە. تۆ بڵێی شتێکی ڕەچاو کردبێ؟ یا بیەوێ ئێمە جێ بهێڵێ؟ یەکسەر ئیبراهیمم نارد تا بەدوای ئەم لاوەدا بڕوا. پاش چەند ساتێکی کەم بە خێرایی گەڕایەوە و زۆر ئاسایی بوو، بە ئەسپایی پێی وتین سێ کەسی لە دوورەوە بینیوە، بەرەو لای ئێمە دێن، خاڵێکی مەترسیدارە. دەبێ زوو ئۆتومبیلەکەمان ئامادە بکەین و زۆر بە وریایی یەوە لەوان نزیك ببینەوە. مرۆڤ جارێ نازانێ ئایا ئەوانە تاقمێکی جەردە، یا پیاوانی یەکێك لە خێڵە نزیکەکانی شێخ عەبدولعاصن، لەوانەیە پیاوی خۆی بن.

بە هێزی بازوومان ئۆتومبیلەکەمان هێنایە دەرێ و ئامادەمان کردەوە. لە چەند خولەکێکدا خۆمان لە بەردەمی ئەو تارمایی یانەی کوڕانی بیاباندا بینییەوە. جگە لە من کە دەمانچەیەکم پێ بوو، شوفێرەکەشمان دەمانچەیەکی زۆر کۆنی پێ بوو، بە لەحیم و تەل و بەن چاك کرابوو.

لەم نێوانەدا توانیمان بزانین ئەوانەی بەرەو لای ئێمە دێن وشترسوارن، وازمان لێ هێنان بەرەو لای ئێمە بێن و ئێستا زۆر نزیکمانن و بە تەواوی دەیانبینین، بە خێرایی غار دەدەن و چەك لەشانن، یەکسەر بەرەو لامان دێن. باشمان بۆ ڕەخساوە ئەوان بە تەواوی ببینین، هێواش هێواش نزیك دەبنەوە، تەپوتۆزی ئەوان نزیکی ئێمەیە. بە سەرسوڕماوییەوە سەیری ڕابەرەکەمان دەکەین، ئایا دەتوانێ بزانێ ئەمانە دۆستن یان دوژمنن؟ لەپڕ سوارەکان ڕێیەکی کەیان دایە بەر، ئێمەش سەرسام بووین و تەماشای یەکتریمان کرد، دەبێ ئەمە واتای چی بێ؟

زێپ بە ڕاکردن هاتە لای من، هەناسەی سوار بووبوو. دووربینەکەی ناو ئوتومبیلەکەی هێنابوو، زۆر بەماناوە دایە دەستی خزمەتکارە بیابانیەکەمان. ئێمە بە یارمەتی بۆمان باس کرد بە چاوی خۆی ببینێ و بەخێرایی فێرمان کرد چۆن بەکاری بهێنێ و لە شووشەکانیەوە بڕوانێ، لەگەڵ چاویدا ڕێکی بکا، تا لەگەڵ چاویدا بگونجێ. چەند چرکەیەکی درێژ سەیری ئێمەی کرد، وەك لۆمە کرابێ، پاشان ئیشارەتێکی کردو دایەوە دەستی زێپ. هەروەك مارێکی ژەهراویی لەدەستدا بێ، ئاوا لەو دووربینە دەترسا.

شۆفێرەکەمان هات بۆ یارمەتیدانمان، لە وێنەی لێپرسراوێکدا بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، تا لە ئەنجامدا تێی گەیاند دەمانەوێ ئەو تارماییانە بناسێ.

من و زێپ لەم چاوەڕوانیەدا لەرزمان لێ هاتبوو، سێ سوار کە لەپشت گردێکی لماویەوەو بەدوای یەکەوە بوون، خۆیان ون کرد، بێ ئەوەی ئێمەیان دیبێ. لەو کاتەدا کوڕە بیابانیەکە دووربینەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە و هاوارێکی درێژخایەنی کرد، ئەم بیابانە ئارامەی دەهەژاند: ((هذا حبايبي)) ((ئەوانە دۆستمانن)). جارێکی تر هاوارێکی درێژی تری کردەوە نیو مەخزەنم بە دەمانچەکە تەقاند. ئەو سێ سوارە بە خێرایی ون بوون، وایان

دەزانی ئێمە ڕووتیان دەکەینەوە. پاش چەند خولەکێك لەسەر گردێکی بەرزی پشت ئێمە دەرکەوتنەوە. پاش ئەوەی لەیەك ئاشکرا بووین و زانیمان بەدوای ئێمەدا دەگەڕێن، بەرەو لامان هاتن و بە یەك گەیشتین.

ئەمە پێك گەیشتنێکی زۆر بەدڵ و بەگیان بوو. کاتێك چاك و چۆنیمان لەیەکتر کرد، دڵنیا بووین و ڕزگارمان بوو. ئەوان خۆشحاڵ بوون بەوەی کە سەرکەوتوانە ئێمەیان دۆزیوەتەوە و دەتوانن لای "شێخ عەبدولعاص"، ی "ئاغای گەورەیان" شانازیی پێوە بکەن. ئەوان ئاوا باسیان دەکرد:

دوێنێ چاوەڕوانی ئێوە بووین، بەڵام ئەو زریانە لماوییەی دوێنێ ئێوەی تا ئێرە هێناوە. گەورەمان ئەمشەو چەند خزمەتکارێکی بە هەموو لایەکدا ناردووە تا ئێوە بدۆزنەوە، بەڵام ئەم بەیانییە بێ ئەنجام گەڕاونەتەوە. شێخ عەبدولعاص زۆر نائارام بووە، چونکە دەزانێ ئێوە ئەو بەڵێنەی کە داوتانە، دەیبە نەسەر. ئەڵمانییەك لە ڕاستی زیاتر هیچ ناڵێ! زۆر دەترسێ ئێوە ڕێیەکەتان ون کردبێ، یاخود تووشی کارەساتێك هاتبن. لەبەر ئەوە ئەم بەیانییە (١٠٠) سەد سواری ئەسپ و حوشتری ناردووە بۆ هەموو لایەك، تا بەدوای ئێوەدا بگەڕێن. ((سوارەکان زۆر بەختەوەر بوون بەوەی وا ئێمەیان دۆزیوەتەوە و لەگەڵ ئێمەدا دەگەڕێنەوە بۆ لای کوێخاو گەورەکەیان)).

پاش ساتێك سواری ئوتومبیلەکەمان بووینەوە، بە هێزو توانایی‌یەکی تازەوە لێمان خوڕی. یەکێك لە حوشترسوارەکان لە ڕێیەکی نزیکەوە نێردرا، تا هەواڵی ئێمە بە شێخ عەبدولعاص بگەیەنێ و بۆ دڵنیایی نامەیەکی چەند دێڕیی سوپاسمان نووسی، دامانە دەستی سوارەکە. سوار لە چاوترووکانێکدا لە چاو ون بوو.

www.zheen.org

ئێستا پێشبڕکێیەکی ڕەسەن لەنێوان ئێمەو حوشترسوارەکاندا دەبێ، ئەمەش زۆر خۆش بوو بۆ ئێمە. جارێکی دی لە تەنکایی‌یەکی لمدا چەقینەوە، بە

خێرایی ئوتومبیلەکەیان لە حوشترێك بەست و لەسەرخۆ دەرچووین. ئەم سێ سەعاتەمان وا بە خۆشی بەسەر برد ئاگاداری کات نەبووین.

لەئەنجامدا لە دوورەوە مێرگێکی بچووك دەرکەوت، لەناو ڕەنگی زەردی بیاباندا ڕەنگ و ڕوویەکی خۆشی دەدا بە مرۆڤ. دەمانتوانی سێ چادر کە بە مەرەزی بزن کرابوو، بژمێرین. حوشترەکان لە نزیکی چادرەکانەوە خەریکی لەوەڕین بوون، "ئیبراهیم"ی ڕابەرمان بەپێی نەریتی بیابان ناردە لای شێخ عەبدولعاص بۆ جێگەی تایبەتی خۆی، تا ئاگاداری گەیشتنی ئێمە بێ. لەم نێوانەدا کەمێك خۆمان ڕێكوپێك کردەوە، جلی پاکمان لەبەر کرد و خۆمان بەو ئاوەی کە زۆر لێرە بەنرخە، شوشت.

لەوکاتەوەی یاوەرەکەمان ناردووە، نزیکەی نیوسەعاتێك تێپەڕیوە. پاشان تەپوتۆزێکی هەروەك هەور پەیدا بوو. چەند ئەسپ سوارێك کە سواری ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی بوون، سوارێکی دزداشەی سپی لەبەر لەپێشیانەوە بوو، وەك بفڕن وابوو. کابرا چەند خزمەتکارێکی لەگەڵدابوو، نزیکی پەنجا هەنگاو دوور لە ئێمەوە وەستا و سەیرێکی پاش خۆی کردەوە و بەخێرایی دابەزی. ئێستا بە هێواشی و لەسەرخۆ بە ڕۆشتنێکی ڕێكوپێك بەرەو لای ئێمە دێ. شێخ عەبدولعاص خۆی بوو، ئەو- بەپێی نەریتی بیابان پێشوازیی کردین- خۆی چەماندەوە و ناوچاو و دەم و دەستی ماچ کردین ((السلام وعلیکم ئەفەندیەکان))! (سڵاوتان لێ بێ ئەفەندیەکان).

ئێمەش وەك ئەو دەستوبرد دەستمان ماچ کرد ((علیکم السلام، یا شیخ))، (سڵاو لە شێخ). داوامان لێ کرد لەگەڵ ئێمەدا سواری ئوتومبیلەکە بێ، ئاساییە تەنیا ئەو لەگەڵ ئێمە و شۆفێرەکەدا بێ. ئیبراهیم و خزمەتکارە بیابانیەکە لەگەڵ پیاوەکانی شێخدا دوومان کەوتن.

گەیشتینە جێگەی خۆی، بە شادییەوە ڕێنماییی کردین بۆ ناو چادری میوان (دیوەخان). لەوێ بۆ خۆمان لەسەر فەرشی نایابی ئەم ناوچەیە لێی دانیشتین. فەرشەکان زۆر ئەستوور بوون. ئەم ڕێوڕەسمی بەخێرهاتنەمان زۆر کاتی خایاند، ئاە. لە هەموو لایەکەوە بەشێوەیەك ڕێزیان لێ گرتین عەقڵمان بۆی نەدەچوو. جگەرەمان دەکێشاو چاو قاوەمان دەخواردەوە. ئەو خواردنەی کە پێکەوە لەگەڵ شێخدا خواردمان زۆر زۆر خۆش بوو. زۆر برسیمان بوو. پاش ئەو هەموو ناخۆشی و مەترسییەی پێشوو، لێرە هەستمان دەکرد زۆر دڵنیاین و یەکێك دەمانپارێزێ.

ئێمە کاتێك پێش چەند ڕۆژێك لە (دیجلە پالاس) لە بەغدا بە دزییەوە بەم شێخە پێ دەکەنین، لەبەر ئەوەی نەیدەزانی چۆن ئەو چەقۆ و چنگاڵە بەکار بهێنێ، ئەم جارە زۆر لەدوای ئەوەوەین، کاتێك خزمەتکارێك سینییەکی گەورەی هێناو بەبێ کەوچك و چەقۆ و چنگاڵ لەبەردەمی ئێمە داینا، لەوانەیە ئێستا بەدزییەوە بە ئێمە پێ بکەنێ.

دەبێ پێش خواردن -وەك دینی ئیسلام ڕێنمایی دەکا- دەست بشۆردرێ. ئاو بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو. شێخ وتی ((تفضل)) فەرموون!، لەوە دەچوو بیەوێ ئەم شتە قورسە لای ئێمە ئاسان بکا. بۆیە خۆی لەپێشدا دەستی پێ کرد. ئەمە یەکەم جار بوو بەم شێوەیە نان بخۆین، بۆیە ئێمەش وەك ئەو دەستمان کرد بە خواردن و لەژێرەوە سەیرمان دەکرد ئەو چی دەکا و چۆن دەخوا، ئێمەش ئاوامان دەکرد. لەپێشدا شتێکی وەك ماستاو یا دۆ دەخورێتەوە، مرۆڤ بە کەوچکێکی داری گەورەی هەڵکۆڵراو هەڵیدەقوڕێنێ. پاشان هیچ ڕێیەك نییە یارمەتیت بدا، دەبێ بە سالاری و بێدەنگی دانیشی. مرۆڤ بە دڵخۆشییەوە بە دەستی ڕاستی دەست دەبا بۆ ئەو تەشتە گەورەیەی کە برنجی تێدایە. ئەم خواردنە لە دەستدا دەگوشرێ تا شێوەی هەڵماتی لێ دێ و

www.zheen.org

دەخرێتە ناو دەم. چەند پارچە گۆشتێکی باڵندە لەناو خواردنەکەدا دەدۆزیتەوە، ئەویش هەر بەدەست ئیسقانەکانی لیٚ دەکرێتەوە.

زۆرمان برسی بوو، ئەو خوانەش لە جێی خۆیدا بوو. خورشتێکی تری لەگەڵدا بوو، ئەوەش زەڵاتەیەکی زۆر بوو. ئێمە زۆر ڕێزمان لە خانەخۆیمان گرت.

ئەوی ڕاستی بیٚ، لەم بیابانە دوورەدا چاوەڕێی ئەوەمان نەدەکرد. پاشان قاپێکی قووڵ هات (لیمن)* هەروەك ماست وابوو. بۆ ئەوەی ئەم خواردنە بخۆی، دەبوو پارچەیەك نان کە لە تەنیشتیەوە بوو، بە شێوەیەك بیگری و بینوشتێنیتەوە وەك کەوچکێکی لیٚ بکەی و بیچەقێنی بە ماستەکەدا.

ئەم کارە سەختە زۆر بە باشی فێر بووین، لەجیاتیی پاش خوان شیرینییەکی زۆر گرنگ هێنرا– هێلکەو خورماو ڕۆن. ئەم خواردنە لە زۆربەی ئۆتێلە پلە بەرزەکاندا دەبینریٚ.

ئاوا لە هەموو لایەکەوە تێر بووین، خۆمان ڕاکێشا لەسەر ئەو فەرشە نەرمە چاکانە و چاوەڕێی چا خواردنەوە بووین.

تا ئێوارەیەکی درەنگ لەگەڵ شێخ عەبدولعاص پێکەوە دانیشتین، لە جل وبەرگێکی ئاساییدا، بەڵام لە چادرێکی زۆر خۆش و ئارامدا بوو، زۆر باس وخواس لەبارەی ڕاو و ڕووداوی تری ناو بیابانەوە هێنرایەوە، ئەمە تەنیاییی ناو لمی لەبیر بردینەوە. سەرەتا تەنیا ڕەش بینی و تەنیاییمان بە بیردا دەهات، لە ئەنجامدا دڵمان خۆش بوو، توانیمان لەم ئێوارەیەدا وێنەیەکی ڕوونی ئەم ناوچە ناخۆشە و خەڵکەکەی بە وردی گەڵاڵە بکەین.

بەیانی کە خەبەرم بووەوە، خۆر بەرز بوو. دەبوو بیر بکەمەوە من لە کویٚم. هەر هەمووی نامۆیی یە بۆم، هەموو شتێکم پاش ئەو خەوە قووڵە

www.zheen.org

---

* لیمن، بە واتای (لبن) هەڵەی نووسەرە.

قورسە لەبیر چوەتەوە. پاشان زانیم ئەم شوێنە ئەو چادرە زۆر جوان و ڕێك وپێکی میوانە، کە شێخ لێرە پێشوازیی لێ کردین. دوو پیاوی دەشتەکی لەبەردەمی ئەم چادرەدا ئامادەن و چاوەڕێی لە خەو هەستانی ئێمەن. کاتێك زانییان هەستاوین، بە خێرایی ئاویان هێنا بۆ دەم وچاو شتن، پاش چەند ساتێك شێخ خۆی هات، دەیویست بزانێ ئەمشەو باش خەوتووین یان نا؟ چونکە پاش ئەو هەموو سەختی و ماندوێتیە، ئەو هەموو ئاڵۆزییە، بەختەوەری بوو بۆ ئەو کە باش خەوتبین. میوانداریی نانی بەیانیی کردین، پێك هاتبوو لە نان، کەرە، هێلکە و ماست. دەبێ ئەوەشت لەبیر نەچێ چا کە نابێ لە ژیانی ڕۆژهەڵاتدا لەبیر بکرێ.

پاش خواردنی نانی بەیانی، خزمەتکارەکان هاتن. سێ حوشتری سپییان پێ بوو، نزیکی چادرەکەمان بوونەوە. دەبێ ئەم ڕێزلێنان و دیاریکردنە چ واتایەکی هەبێ. پاش کاتێکی زۆر زانیمان حوشتری سپی وەك بەفر تەنیا پێشکەشی کەسێك دەکرێ کە زۆر زۆر ڕێزی لێ بگیرێ، وەك سەرۆکی خێڵ یا سەرۆکی وڵات. وەك چۆن دیاری کرابوو بۆمان سواری ئەم وڵاخە گەورانە بووین، ڕێڕۆیشتنەکە یەکەم جار زۆر سەیر بوو، بەڵام زۆر بە خێرایی شارەزای ئەو ڕەوتە بووین. ئەم لەرینەوەیە شتێکی زۆر خۆش دەداتە مرۆڤ، هەست دەکا دڵنیایەو لەسەر ئەم کەشتیی بیابانە پارێزراوە.

ئێستاش چووینە قوڵایی بیابانەوکە، بۆ ئەوەی بەشێك لە سامان و موڵکی شێخ عەبدولعاص ببینین. لەپێشدا چەند ڕانە حوشترێکمان پێ گەیشت، هەریەکە نزیکەی سەد وڵاخ دەبوو. لای هەر ڕانێك شتی وای وەك باخچەی ساوایانمان دەدی. هەر ڕانێك چەند بێچوەحوشترێکی جوانیان لابوو، شوانەکان ئاگاداری ئەم ڕانانەیان دەکرد، هەر کە بەلایاندا تێ دەپەڕین زۆر

www.zheen.org

خۆیان دەچەمانەوە و بەترس و شەرمەوە کڕنووشیان لە بەردەمی گەورەکەیان و ئێمەدا دەبرد.

ئێمە سێ سەعات دەبێ بەم شێوەیە بەڕێوەین، کاتێك شێخ لە بەرزاییەکدا وەستا و دەستێکی هەڵتەکاند بۆ دۆڵێکی بەرامبەری، چەند خولەکێك بە سەرسوڕمانەوە سەیرمان دەکرد و سەرنجمان دەدا. هەر کەسێك سوارچاك بێ، بە وردی خۆشحاڵ دەبێ و کاری تێ دەکا. چەند ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبی لەسەر شوێنێکی سەوز دەلەوەڕان.

ها! لەڕاستیدا شێوەیەکی زۆر جوان بوو، لە هەمووی خۆشتر ئەوەبوو گەر بمانتوانیایە چەند ئەسپێك لەوانە دیاری بکەین و بیبەینەوە بۆ جەرمانیا، بەداخەوە تەنیا دەتوانین چاوێك بە دەوڵەمەندیی ئەم موڵکدارەدا بخشێنین. پاشان شێخ میوانداریی کردین بۆ خواردنی ئێواریێ و پێی گوتین ئەمشەو زۆر تایبەتی دەبێ، کاتێك ئاسمان ملیۆنێك ئەستێرەی پڕشنگداری تێدا دەبریسکایەوە و مانگی چواردە بەسەرمانەوە دەشەکایەوە، خانەخوێ دەستێکی بۆ هەڵتەکاندین دوای بکەوین.

خزمەتکار لە بەردەمی ڕەشماڵەکەدا وەستابوون، سێ ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی بە لغاوکراوی ئامادە بوون: داپۆشراوەکە شێخ عەبدولعاص خۆی سوار بوو، قاوەییەکە بۆ زێپ و شێیەکە بۆ من بوو. زۆر بە خۆشییەوە دەستم بە ملی ئەسپەکەمدا دەهێنا کە زۆر بە نائارامییەوە دەلەوەڕا. شێخ وتی: ئێوە بە ڕۆژ ئەم بیابانەتان دی، ئێستا بەم مانگە شەوە پێشانتانی دەدەم.

بێدەنگ لە ئۆقیانووسێکی لمدا بەدوای ئەودا غار دەدەین. ئەسپەکەی شێخ کەفی کردووە لە ئارەقدا و کەفێکی خەست لە قەپۆزی دەردەچێ. ئەسپە زیویەکەی منیش بەملاوبەولادا دەڕوا و شەپۆل دەدا هەروەك بۆ نمایشێکی زۆر گەورە بچین، بەسەر زەوییەکی سەوزو قاوەیی و سووردا

**شەپۆلی دەدا و منی هەڵگرتووە. کە سەرنجی ئەملاوئەولای خۆمم دەدا. خۆمم لە خەوبینینێکدا دەبینی، چونکە مرۆڤ تەنیا لە خەودا دەتوانێ ئاوا شتی بەخەیاڵدا بێ، ئەوەی کە من دەمبینی، کارێکی خودایی بوو.**

**ئەم غارکردنە لەم بیابانە مانگەشەوەدا چەندی خایاند، لای من ئاشکرا نەبوو. خەریکە لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕۆشن دەبێتەوە. تەمێکی زۆر کەم لەژێر سوورایی‌یەکی وەك گوڵدا ئاسمانی داگرتووە، وەك گوڵێك لە ئاسماندا بێ ئاوایە، وردە وردە بەرز دەبێتەوە. ئاسۆ لە نزیك و دوورەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە و تیشکی ئاسمان زیاتر دەبێ و ئەستێرەکان لە ڕۆژدا ون دەبن.**

**لە ڕوانگەیەکی دوورەوە حوشتر دەرکەوت، تارماییی زەلامی عەرەبیان بەسەرەوە بوو. هەروەك ڕیزێك وێنەی ڕەش کە لەپشتیەوە ڕۆشنایی بێ. لە هەوادا خۆیان بەرز کردبوەوە. بیابان لە خەوی ئەفسووناوی بەخەبەر دێ. ئەوەی بیابان نەناسێ، تەنها وای بەبیردا دێ زۆر ناخۆش و دڵتەنگە و ناڕەحەتە. بەڵێ وایە، بەڵام لەلایەکی کەوە زۆر خۆشە گەر شەوێکی مانگەشەو بێ، ئەوە جوانترین کاتی بیابانە. هیچ دەنگێکی بەرز ئەم بێدەنگییە ناشڵەقێنێ. ئەم بێدەنگییەو ئەم بێکەسییە کارێکی گەورەیان کردە سەرمان. شتێکی تری ئاوا بێدەنگ و بێقڕە لەسەر ئەم گۆی زەوییە نییە، شتێکی ئاوا بێکەس و بێدەنگ نییە. مرۆڤ کە باسی بیابان بکا، دەتوانێ بڵێ بێدەنگی مردنە و بێکەسی پرسیارە. لم نەك هەر لم – هەمیشە لم.**

**بێدەنگ، هەروەك چۆن بە سواری چووینە ناو بیابانەکە، ئاواش گەڕاینەوە بۆ جێی پشوومان لە ئۆردووگاکەی لای شێخ. شێخ بێدەنگ لە نێوانی زێپ و مندا سوارە، کەس کار لەوی تر ناکا، بەڵام شتێك لە چاوی شێخدا بەدی دەکرێ، کاتێك جاروبار سەیرێکی ئێمە دەکا. تێ گەیشت و**

هەستی کرد چی لە مندا ڕووی داوە، زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە من ئێستا بیابانم خۆش دەویٚ.

سەرەڕای ئەوەی کە چەند ساتێك لە بەیانی ڕۆیشتبوو، هەردوکمان لە نەشئەیەکی زۆر باشدا بووین، بەتایبەتی کە ئێمە توانیمان جوانترین و خۆشترین شت ببینین و بە هیچ شێوەیەك خەومان نەبوو.

هەمان ڕۆژ ئەنجامدانی کارێکی خۆشمان لەبەردەمدا بوو، هەموو ماندووبوونمانی لەبیر دەبردەوە. پاش نیوەڕۆژەکردن ڕاکشاین، بۆ ئەوەی لەم گەرمایەدا بخەوین، سەعات سیٚ بوو، دەشتەکییەك ئێمەی خەبەر کردەوە، ئەسپە ڕەسەنە عەرەبییەکان، ئەوانەی وا لە مانگەشەوێکی ئەفسووناویدا ئێمەیان هەڵگرتبوو، لەبەردەمی ڕەشماڵەکەماندا وەستاون.

کاتێك سوار بووین، ئەو هاوڕێیەی کە لای شێخ عەبدولعاص زۆر خۆشەویست بوو "عومار"، بە سواری ئەسپێکی ڕەش هات و ئێمەی لەگەڵ خۆیدا برد. ئاوا بە غار لەنێوان ڕەشماڵەکانەوە بەرەو بیابان ڕۆیشتین، نزیکەی سی سواری چەکداری خزمەتکار لە پشتمانەوە بوون، لەناو تۆزێکی هەوریدا ون بوون.

پاش نیو سەعاتێك غاری خێرا گەیشتین بە چەند سوارێکی خزمەتکار کە چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، لەلایەن ئاغاکەیانەوە "حاجی عەلی محەمەد"ی باشترین هاوڕێی شێخ عەبدولعاصەوە نێردرابوون، بۆ ئەوەی ئێمەی میوانی هۆشیار بگەیێننە لای ئاغایان. ئەمە نەریتی پێشوازیی دەشتەکیەکانە، گەر لە ناوچەکەدا دوو دەسەڵاتی گەورە هەبوون و هاوڕێی یەك بوون، دەبیٚ سەر لەیەکتر بدەن و ئاهەنگێکی گەورەش بۆ ئەم مەبەستە ساز دەکەن. لەڕاستیدا خەڵکی بیابان ژیانێکی زۆر ئاسایی دەژین و دەتوانن تەنها لەم ئاهەنگانەدا سنوور ببەزێنن و لەم گەرمیەدا دەتوانن بە ئازادیی خۆیان بخۆن و بخۆنەوە. چەند ستەمە گەر دوو سەرۆك خێڵ دوژمنایەتییان هەبیٚ و سنووری یەك

ببەزێنن. هەروەك باسمان کرد، شێخ "حاجی عەلی محمەد" کە خانەخۆیی ئێمەیە، باشترین هاوڕێی شیخ عەبدولعاصە، بۆیە وا ئەمڕۆ میوانداریی ئێمەی کردووە و زۆر بەختەوەرە کە ئێمە لەلای ئەو بمێنینەوە.

پاش سەعات و نیویێك غارکردن و بە هێواشی ڕۆیشتن، ئۆردووگای شێخ عەلی محەمەد لە دوورەوە دەرکەوت. لای خەڵکی ئێرە کە بە کەسێك دەوترێ (حاجی)، مانای وایە سەری داوە لە مەککە- پاش نزیکەی دوو بەرداوێژ لە زین دابەزین، وەك نەریتە خزمەتکارێکیان نارد تا لە گەیشتنی ئێمە ئاگادار بن. چەند خولەکێك پاش ئەوە، شێوەی تارماییەك بەخێرایی دەرکەوت، لە جلوبەرگێکی پۆشتەدا بوو (جفتة و قفطان)- دزداشەی کەنداوی سپی. ئێمەش وەك میوانی سەرۆك خێڵ "شێخ عەبدولعاص" بووین، جلی دەشتەکیمان لەبەر کردبوو، وەك دەشتەکییەك چۆن خۆشحاڵ بێ ئاوا بوو، چەند خولەکێك پاش ئەوە هەردوو هاوڕێیەکە بەرامبەری یەکتر بوون، باوەشیان بەیەکدا کردو یەکتریان ماچ کرد. پاشان نۆرەی ئێمەش هات، ئەویش لەناو بیابانێکی بێسنووردا دەستلەملانی ئێمە بوو و ماچی یەکترمان دەکرد، باوەشمان بە یەکێك لە موسڵمانەکاندا کرد.

پاش چەند سەعاتێك پشوودان لە خێوەتی میواندا و پاش ئەوەی بەشداری بەخێرهاتنی هاوڕێکەی بووین، زانیمان شێخ "حاجی عەلی محەمەد" دوێنێ ژنێکی تازەی هێناوە، بە (١٠) حوشتر و (١٠) مەڕو هەروەها ئەوەندەش بزن کرێوەتی و ئەم ئێوارەیە ئاهەنگی گواستنەوەی دەست پێ دەکا. زێپ و بەندە زۆر خۆشحاڵ بووین بەم ئاهەنگە، چونکە تائێستا شتێکی ئاوامان نەدیوە.

کاتێك لەم و لەو دەدواین، گوێمان لێ بوو غەڵبەغەڵبێ لە دەرەوە پەیدا بوو، خەریکی کەیف و خۆشیی خۆیان بوون، ئەوەبوو بەدوای ئێمەدا هاتبوون بچین بۆ خێوەتێکی تر، تا نانی ئێوارە بخۆین.

پاش تاوێك لە خێوەتەكە چووینە دەرەوە، بینیم نزیكی سەد دەشتەكی پۆل پۆل و بەتەنیشت یەكەوە وەستاون و چۆكیان داداوە و بە بینینی ئێمە خێرا هەستانە سەرپێ. هەر لەوكاتەدا هەستم كرد چەندەها سینیی گەورەی پڕ برنج، پارچە گۆشتی برژاوی گەورەی بەرخی لەسەر بوو.

ئا! بیرم كردەوە ئەمە خواردنی ئاهەنگ و شایی یەكەیە، ئەم بەشە خواردنەی كە دەبێ بخورێ و لەو خێوەتە ڕازاوەیەدا بیخۆین. ئێمەش ئەوەمان كرد، دەمانزانی كە دەستمان لە خواردن هەڵگرت، ئیتر هیچمان پێ ناخورێ. لە دەرەوە دەنگی مووزیك دەهات، لەپێشدا تەنیا یەك ئاواز بوو، پاشان گۆرانیی تێ كەوت و ئەم دەنگە هێواش هێواش بەرز دەبوەوە و زیاتر دەبوو. ئێستا چووینە دەرەوەی خێوەتەكە و دەبوو زۆر قاوەی خەست بخۆیتەوە.

ئێمە لەنێوان گۆرانیبێژەكاندا دانیشتین، مووزیكیان دەژەند و پیاوەكان بەخۆشییەوە سەمایان دەكرد و هەڵدەپەڕین. چەند خواردنەوەیەكیش پێشكەش دەكرا، كە تەنها لە ئاهانگدا پێشكەش دەكرێ. لەبەر ئەوەی من زۆر لە ڕۆژهەڵات مابوومەوە، ئەم خواردنەوەیە خۆشەویست بووبوو لەلام– عەرەقی خورما. كارتێكردنی ئەم خواردنەوەیە زۆر بەهێزە، لە ماوەیەكی كورتدا هیچ لەم دەشتەكیانە كە سەرقاڵی ئاهەنگن دیاری نادا. ئەمان بە شێوەیەكی ڕێكوپێك خەریكی سەماكردنن، وەك ئەوروپاییەك ئەوەی لای ئێمە جێی سەرسوڕمان بوو، لەم ئاهەنگی هاوسەریەدا ئەوە بوو: هیچ ئافرەتێكمان لەم هەموو ئاهەنگ و سەماكردنەدا نەدی.

لەپڕ هەموویان بێدەنگ بوون، پاش ئەوە بێدەنگیەكە بە دەنگێكی زۆر بەرز لەنێوان ئەم هات و هاوار و دەنگ بەرزیەدا شڵەقا. مووزیك ژەنەكان ئەو ئامێرانەی كە لەبەر دەستیاندا بوون، ئامادەیان كردن. ئێمە ئاگادار نەبووین شێخ عەلی محەمەد لای ئێمە نەمابوو، ئێستا لە خێوەتی ژنە تازەكەیەوە بەرەو

بنكەی ژین
www.zheen.org

لای ئێمه دێ: هەنگاوێك بەدوایدا ئافرەتێکی بچکۆلەی لەچكبەسەر لەگەڵ ئەودا بە لاتەنیشتیدا دێ. ئەم دیمەنە لە ڕێگەی چەند ئاگرێکی کراوەی دارەوە کە لەناو ئاگرداندا گڕدرابوو، ڕووی ئەوانی ڕۆشن دەکردەوە. ئەمە ژنە تازەکەی شێخ حاجی عەلی محەمەد بوو، کە شمشێرێکی باریکی درێژی بەدەستەوە بوو.

داوای لە پۆلێکی پیاوەکانی کرد لەم ئاهەنگی هاوسەریەدا سەمای شمشێر بکەن. یەکەم جار ئافرەتەکە دەستی کردە سەماکردن، پیاوەکان بازنەیەکیان دروست کرد و بەپێ لە زەوییان دەدا و بەپێی نەزمی دەنگی پێیان چەپڵەیان لێ دەدا. ئێمە چەند سەعاتێکمان لەم سەمای بەدەویانەدا بەسەر برد.

ئەم ئاهەنگی هاوسەریە هەتا دەهات زیاتر ناڕێكوپێکتر دەبوو، بەو شێوەیە تەواو بوو. ئێستا دەتوانین هەموو شتێك بکەین، وەك ئەوان و وەك خۆمان بمانەوێ. وا خەو بێزارمان دەکا، ئێمەش ئاوا گەڕاینەوە ناو خێوەتەکەمان.

سەرلەبەیانی زوو خەبەریان کردینەوە، دەیانویست ئەم ڕۆژە کە دوا ڕۆژی سەردانی بیابانمان بوو، بە سواری لەگەڵ هەردوو شێخدا بچینە ناو بیابان. ئەو دەیویست شتێکی تازەی خۆشمان پیشان بدا، ئێمە دڵخۆش بکا و ڕێزێك بێ بۆ هاوڕێکەی شێخ عەبدولعاص– ڕاوی ئاسك. جلی دەشتەکیمان لەبەر کرد، سواری ئەسپە ڕەسەنە تیژڕەوەکان بووین، چەکمان لە شان کرد و دەمانچەمان بەست. شەو سارد دەبێ و هێشتا خۆر زۆر بەرز نییە. ئێستا هەوا زۆر خۆشە، بەڵام زوو گەرم بووین، چونکە بە غارێکی ڕەوتەکی بەسەر ئەو لمەدا کە بەدەگمەن گیایەکی تێدا بوو، دەڕۆیشتین. چوار ڕاوکەر لە ڕاست و چەپی ئێمەوە بوون، بەرەو پێشەوە بە تەنیشت یەکەوە نزیکەی بیست سوار بووین. من پێم وابوو ئەم بیابانە چۆڵە هیچ گیانلەبەرێکی تێدا نەبێ ئێمە هەڵیسێنین. لەپڕ گوێمان لە هاوار بوو، سێ ئاسکم لە بەردەمماندا دی، لای منەوە فیشەکی پێوە

www.zheen.org

نرا و منیش بە ئەسپەکەم دوایان کەوتم، تا نزیکی ئەم گیاندارە ببمەوە. جارێکی تر بە تفەنگی شێخ عەبدولعاص تەقەی لێ کرا. ئەم گیاندارە کەوت و ڕاوەکە بەردەوام بوو بەدوای دوانەکەی تردا.

یەکێك لە خزمەتکارەکان ئاسکە ڕاوکراوەکەی بە زینی ئەسپەکەیدا هەڵواسی، ئێستاش حاجی عەلی محەمەد تەقەی کردەوە، بە باشی پێکای. منیش زۆر بێئاگام لە ئەسپەکەم، چونکە سەرقاڵی ڕاوکردنەکەم. لغاوەکەم لەسەر ملی ئەسپەکە دانا. بەدەستی ڕاست چەکەکەم گرتبوو، چونکە سێهەم ئاسکم دی، ئەو ئاسکەی کە من دیم، بەداخەوە بۆم نەکوژرا، بەڵام خێرا لە ئاسکێکی تر ئاگادار کراینەوە. ئێستا چەند جارێك بە دەستی چەپم دام بەملی ئەسپەکەمدا، ئەویش پرماندی و زمانی دەلستەوە. سوارێك بە خێرایییەکی ڕەچاونەکراو دای بە لامدا. منیش بەزوویی پێشم دایەوە، بە من پێ دەکەنی. تا دەهات لەو گیانلەبەرە ڕاونراوە نزیك دەبوومەوە، تا نزیکی پێستەکەی بوومەوە. هەرچەند تەقەم لێ کرد بەر نەدەکەوت و نەمویست ڕەخنەم لێ بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا کە لێمەوە دوورە، بەڵام کاری مسۆگەرە– نیشانەم نایەوە و گوللە ناڵەی کرد، ڕاوکەرو ئەوانی تریش زۆر بەگەرمییەوە پیرۆزبایییان لێ کردم.

شێخ زۆر ڕێزی لێ گرتم و منیش زۆر بەختەوەر و خۆشحاڵ بووم بەو بەختەی کە لەم ڕاوەدا هەمبوو، پاش ماوەیەك زێپیش بەختەوەر بوو بەوەی کە ئاژەڵێکی کوشت. ئەمجا بە خۆشییەوە بە ئەسپە ماندووە ڕەتێنراوەکانمانەوە گەڕاینەوە بۆ ئۆردووگاکەمان. ئەمە خۆشترین کات بوو لەم بیابانە بەسەرمان بردبێ و بە هیچ شێوەیەك لە ژیانماندا لەبیرمان ناچێتەوە.

www.zheen.org

پاش ئەوەی گەڕاینەوە بۆ ئۆردووگای لای برادەرەکەمان، ڕۆژی داهاتوو گەڕاینەوە بەرەو بەغداد، هیچ گیروگرفتێکمان لەم گەشتەدا نەبوو. تەنها باس باسی (بەهەشتی بیابان) بوو. ئەو هەموو گەرماو زریانەمان لەبیر چووەوە.

## بەرەنگاریی فڕاندن،

## ژەهر دەرخوارددان، دواتریش ڕزگاربووین

من و زێپ جارێکی تر لەبەردەمی چایخانەیەك "کافیدان" لە بەغدا دانیشتبووین، ئەو شوێنەی وا جێی بیرو هۆشمان بوو بۆ دەستپێکردنی سەرەڕۆیی یەکی تر.

خۆرەکە وەك ئاگرێکی سوور دەکەوتە سەر ڕووبارەکە و بەرەو زەردی دەچوو، ڕەنگی ئاسمانی سوور و زەرد کردبوو و چەندەها ڕەنگی کەی بەسەر ئاسمانی ئەم شارە تەلیسماوییەوە تێدا بەدی دەکرا.

پاش ئەوەی هەموو ڕاست و چەپی بەغدا گەڕاین و هیچ شتێك نەما جێی سەرسامیمان بێ، ئارەزووی مەترسییەکی تازەمان کرد. ئەم شارە نوێیە و دەنگەدەنگی ئامێرەکان کارێکی وایان کرد بیر لە شوێنێکی سروشتی بکەینەوە، ئەوی ئێمە لە ڕۆژی دەرچوونمانەوە مەبەستمان بوو، ئەو شوێنەی کە هێشتا شارستانێتیی پێ نەگەیشتووە و خاوەنی کولتوورێکی بێکۆتاییە. ئەم سروشتە لە بیاباندا زۆر شێوەی بێدەستکاریی پیشان داین، شتێکی زۆر جوان بوو.

پاش ئەوەی ئەمڕۆ یادی هەموو شتە جوانەکانمان کردەوە، پلانێکم بەبیردا هات، ئەو پلانەی کە زۆربەی گەشتکەران و پیاوانی گەڕۆك بیریان لێ کردووەتەوە، ئەویش گەر ئەنجامیان دابێ، زۆربەی جار ژیانیان لەپێناویدا لەدەست داوە.

www.zheen.org

**... بۆ کوردستان!**

کێ بێ لە تەمەنی لاویدا ئەم وڵاتە نامۆیە نەناسێ؟ ئێمە بڕوا بەوە ناکەین کە "کارل مای" چەند کاری تێ کردبووین لەڕووی ئەو شێوە ژیانەوە کە بەناو جەنگەڵی کوردستاندا نووسیبووی؟ ئێستاش جاروبار کە بیر لەو چیرۆکە تاڵانە دەکەمەوە، مووەکانم ڕاست دەبنەوە.

جا لەبەر ئەوە دەبێ ئەمجارە گەشتەکەمان بۆ ئەو شوێنە بێ. ڕەنگە ئەمەش ببێ بەهاندەرمان بۆ خۆگەیاندنمان بەو شوێنەی وا تائێستا هیچ مرۆڤێك نەیتوانیوە بە سەرکەوتوویی بچێتە ناو قووڵاییی شاخەکانی ئەم وڵاتە نامۆیەی کوردستان، کە هێشتا سادەترین تەکنەلۆجیای نەدیوە و ڕێگە نەدراوە پێی بگا و زۆریشی دەوێ تا شتێکی لەو جۆرە ئەنجام بدرێ. کەمترین گۆڕانکاری لەم وڵاتەدا کە کورد خاوەنیەتی، ڕوو نادا و هیچ جۆرێك پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێ، تا ئیمپریالیزمی داگیرکەر بەزۆر و بە بۆمبای گازییەوە* بچێتە ناوی. چۆن ئەم پلانە بووبووە کەڵکەڵەمان، ئاواش دەبوو بەخێرایی ئەنجام بدرایە. ((دەبێ پشتگوێ نەخرێ))، ئەمە بۆچوونی من بوو. ئێوارەی داهاتوو کە خۆرەکە ڕەنگی سوورو زەرد بوو، ئێمە دەستمان بە گەشتەکەمان کرد. ئەوەی پێویست بوو خستمانە ناو جانتاو لەگەڵ خۆماندا هێنامان، لەپاشدا بووە هۆی خۆشبەختیمان: کامێرەکەم، ئۆکۆردیۆنەکەم، (جانتای دەرمانەکەم) مرۆڤ نابێ بێ ئەوە بچێتە گەشتی شوێنێکی وەك ڕۆژهەڵات.

---

* بەکارهێنانی گازی ژەهراوی پێش ئەم سەردەمە کە نووسەر باسی دەکا، ساڵی ١٩٣٤، لە کوردستانی عیراقدا نەسەلمێنراوە. ئەوە هەیە کە ساڵی ١٩١٩ ئەفسەرانی هێزی ئاسمانیی بەریتانی (RAF)، داوایان لە وینستۆن چەرچڵ کردووە ڕێیان بدا گازی ژەهراوی لە شەڕی دەربەندی بازیاندا دژی لەشکرەکەی شێخ مەحموود بەکار بهێنن، ڕازی بووە، بەڵام لەبەر شکستی شێخ مەحموود بەکار نەهێنراوە.

James Lawrence: The Rise and the Fall of British Empire، Great Britain 1988،P. 398.

کاتێك لەناو شەمەندەفەر دانیشتین، ئاسمان سایەقە بوو، ئەم شەمەندەفەرە ئێمەی بەرەو باکوور بۆ کەرکووك دەبرد. جارێکی تر زۆر گومەزی زەردی بەغداییمان بەرچاو دەکەوت و بە دەست ڕاوەشاندن ماڵئاواییمان لیٚ دەکردن. ئەوانەی کە لەگەڵماندا سەفەریان دەکرد، لە پلەی سێهەمی فارگۆنی شەمەندەفەرەکەدا بوون، بریتی بوون لەوانەی وا مێزەری ڕەشیان بەسەرەوە بوو و لە کوردو عەرەب دەچوون. ئەوان زۆر بە ساردییەوە تێیان دەڕوانین، دەبوو ئێمەش هەروا بەساردی سەیریان بکەین.

ئەوی گرنگ و زۆریش قورس بوو لای ئێمە، ئەوەبوو بە هەر شێوەیەك بێ لەم کوردانە نزیك ببینەوە، بۆ ئەوەی پلانەکەمان لەسەرەتاوە پووچەڵ نەبێتەوە. ئێمە کەمێك زمانی عەرەبیمان دەزانی، بەڵام نەك تەنیا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان عەرەبی و کوردیدا هەیە، بەڵکوو زمانی عەرەبی بۆ کوردەکان زمانێکی بێگانەی نامۆیە، دەبوو ئێمە کوردی فێر ببین.

زەلامێکی بێدەنگ بەرامبەر بە ئێمە دانیشتبوو، زۆر سەیری دەکردین، شەرواڵەکەی داکەند و لەسەر کورسییەك ڕایخست و خەریکی نوێژی ئێواریٚ بوو، ڕووی کردە مەککە. لە دوورەوە گوێمان لە دەنگی بانگدەر بوو، دەیگوت ((لا اله الا الله، محمد رسول الله))، نوێژێکی زۆر درێژی کرد، چونکە حاجی بوو، لەبەر ئەوە نوێژەکەی لە نوێژکردنی زەلامی ئاساییی موسڵمان درێژتر بوو. جاروبار هەوایەکی سارد لە دەم وچاومانی دەدا، ئەمەش پاش ماوەیەك کۆتاییی پیٚ هات.

کاتێك ئەم پیاوە لە خواترسە نوێژەکەیی تەواو کرد، زەردەخەنەیەکمان کرد بەرامبەری و جگەرەیەکمان پێشکەش کرد، بەبیٚ دەنگ و بیٚ ئەوەی هیچ ڕوویەك دەربخا، جگەرەکەی لیٚ وەرگرتین و دایگیرساند، دیارییەکەمان هیچ خۆشحاڵییەکی بەو نەگەیاند.

www.zheen.org

ساردییەکی زۆرمان لە چاوە بزەکانیدا بەدی دەکرد، ئێمە خۆمان لیٚ گێل دەکرد، ویستمان زیاتر بڕۆین و کارێك بکەین قسەمان لەگەڵدا بکا. سەیری مشتووی خەنجەرەکەیم دەکرد، لەسەر پشتێنێکی پانی نایلۆن بەستبووی. ئەم هاوڕێیەی بەرامبەرمان ددانەکانی لێمان جیڕ کردەوە (هەروەك بەفر سپی بوون و بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە هەڕەشەیەکی زۆری بە خەنجەرەکەی لیٚ کردین). زێپ و من لە ترساندا ڕەنگمان سپی بوو، کاتێك ئەو بۆ گاڵتە ئەم خەنجەرەی دەرهێنا، ترسمان لیٚ نیشت. لەڕاستیدا زۆر لەو چەقۆ تیژە ترساین کە ئەم پیاوە چاو ساردە پیشانی ئێمەی دا. ئێمە ڕاڕا بووین کە لە یەکەم دروستکردنی کارو نزیکبوونەوەدا سەر نەکەوتین.

هەستمان بە نامۆیی‌یەك دەکرد کە لە بیرو هۆشماندا لێك نەدەدرایەوە، ئێمە بۆ لای ئەمانە دەچین و دەڵێن تەنها جەردەو پیاوکوژن، ئایا دەبیٚ بڕیارمان وابیٚ لەم پیاوکوژانە دڵنیا بین؟ دەبیٚ وابین!

پاش شەوێکی ساردو ئاسمانێکی بیٚگەرد تەنیا کەمێك خەوتین، نزیکی بەیانی زۆر بە شەکەتی گەیشتینە (کەرکووك)، ئەو شارەی کە جێی نەوتێکی زۆرە و دەروازەیەکە بۆ کوردستان. ئێمە دەمانویست بچین بۆ (سلێمانی)ی پایتەختی کوردستان، تا لەوێوە بتوانین بگەینە جەنگەڵەکانی کوردستان. کۆنترۆڵێکی زۆری پۆلیس لە سلێمانی هەیە، (هەروەها سەربازگەی دەوڵەتی عیراقی تێدایە، دەتوانین بیٚ ترس لەویٚ بژین)، دەبیٚ خۆمان بزانین چۆن دەتوانین دەرباز بین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەکریٚگرتنی ئوتومبیلێك بۆ نزیکەی (٢٠٠) کیلۆمەتر تا پایتەختی کوردستان بە ئاسانی و خێرایی جێبەجیٚ بوو. کاتێك دەمانویست جێگە بگرین لە ئوتومبیلەکەدا –هەناسەمان سوار بوو– کیٚ هات، ئەو خۆشەویستەی کە لە شەمەندەفەرەکەدا بەرامبەرمان دانیشتبوو، ئاگادار نەبووین ئەو لەنێوان ئێمەدا

دانیشت و ئێمەش شەرمەزارییەکی زۆرمان چێشت. ئەو زۆر تووڕە بوو، لە بێنرخیی خەڵك دەدوا و جنێوی دەدا– بەڵام ئێمە هیچمان پێ ناکرێ؟ – جگە لەوەی ڕوومان خۆش بێ. بۆ جاری دووەم ویستمان قسەی لەگەڵدا بکەین، ئەمجارەش هیچمان پێنەکرا. تەنیا یەك وشەی درکاند، ئەویش لە قوڕگیەوە دەرچوو، چاوی تووڕەییی لێ دەباری.

پاش سێ سەعات بێدەنگی لەناو ئوتومبیلدا و زۆر بە ناخۆشی، لەپڕ دێیەکی گەورە دەرکەوت، خانوەکانی وەك کۆختە و بە خشتی کاڵ دروست کرابوون، زنجیرە شاخێکی گەورە شاخە زۆر بەرزەکانی ئێران لەپشتیەوە بوون، ئێستا ئێمە لە سلێمانی، پایتەختی کوردستانین.

((مرۆڤێکی زۆر سەیرن)) ئەم کوردانە: "زێپ" بە سەرسوڕمانەوە وای وت، بەڵام ئەم پیاوە سەیرە دەبێ لەم وڵاتە سەرسوڕهێنەدا شتێکمان فێر بکا. چووینە هوتێلێك، دەبوو لەگەڵ پیاوێکی فارسدا لە ژوورێکدا بخەوین.

نەمانتوانی بزانین ئەم فارسە منالّی چ جنۆکەیەکە، بەڵام بە هەرحاڵ گرنگ نییە، چونکە نەماندەتوانی لەگەڵ ئەودا قسە بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا لە باشترین هوتێلی سلێمانی دابەزیبووین، لە هەموو لایەکەوە خشەی مشك و مێروو و مەگەز بوو، بیرمان لە هوتێلەکەی بەغدا دەکردەوەو بەراوردمان دەکرد، بەڵام ئێمە لە شارستانێتی ڕامان کردبوو بەدوای سروشتدا کە ئەم مێروو و مەگەزەش بەشێکیەتی، دەگەڕاین.

ژووری هوتێلەکەمان سارد بوو، لە دەرەوەش بایەکی بەفراوی هەموو وڵاتەکە گسك دەدا –ڕەشەبا– کە لەچیا بەرزەکانی ئێرانەوە بەرەو ئێرە دێ*.

www.zheen.org

* باشتر وابوو کاتی گەشتەکە بە ڕۆژو مانگ دەست نیشان بکرایە. بەر لە چەند ڕۆژێك باسی گەرمای مرۆسووتێنی فەلووجەو بەغدا دەکا، ئێستاش باسی بای زۆر ساردی سلێمانی! خوێنەر وا دەزانێ وەرزەکە زستانە. (فیرۆز)

نەدەبوو بیر لە چوونە دەرەوە بکەین، چونکە هەنگاوت بۆ نەدەنرا و ڕەشەباکە بە تۆز و خۆڵ و لمەوە بوو، ڕەشەباکە دەچووە چاوو لووت و دەم و گوێچکەوە، هەروەك باژەهراوییەکەی بیابان وابوو.

خزمەتکاری هوتێلکە زۆر چڵکن بوو، دەیویست ئێمە هێمن بکاتەوە و هیوادارمان بکا، بۆیە دەیوت ڕەشەباکە سێ یا پێنج یا حەوت ڕۆژ دەخایەنێ. ئەمە بەلای ئەوەوە هەواڵێکی خۆش بوو بۆ ئێمە، ئەم کوڕە ڕەشە کێوییە وای پێ ڕاگەیاندین، واتە هیچی ترمان پێ ناکرێ، ئەوە نەبێ کە کات لەم ژووره چۆڵە ساردەی هوتێلەکەدا لەگەڵ زەلامێکی فارسدا بەسەر بەرین، ئێمە و ئەو هیچ قسەیەکمان لەگەڵ یەکتردا نەدەکرد، نازدار و کەم بیرو هۆش دیار بوو. هەروەها لە سەرما ڕەق بووبووینەوە.

بەم شێوەیە و بە هێوری دوو ڕۆژ چاوەڕێمان کرد، بەڵام ڕەشەبا کۆتاییی پێ نەهات، هەروەك ئاوازێکی نامۆ وابوو. تائێستا هیچ هەنگاوێکمان نەناوە بۆ مەبەستەکەمان، تا ناوەوەی جەنگەڵی کوردستان بدۆزینەوە، گەیشتنە ئەو شوێنانە زۆر سەختە، لەبەر ئەوەی حکوومەت لەم ناوچانەدا مەترسیی لەسەرە و قەدەغەی کردوون مرۆڤ بچێتە ناویان. کەمەرەیەکی زۆر پان و بەرینیان کردووە بە بنکەی پۆلیس بەدەوری هەموو ناوچە شاخاویەکانی کوردستاندا، دەرچوون بەناو ئەمانەدا شتێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر بۆمان، چونکە دەبێ بگەینە ئەوێ!

کاتێك لەم هوتێلە ساردوسڕە بیرمان لە پلانەکەمان و ئەو ڕێگا سەختانەی کە گرتماننە بەر بۆ ئەنجامدانی، دەکردەوە، تا گەیشتن بە ئاواتمان، بێ چاوەڕوانی و لە ناکاودا کەسێکی نامۆمان وەك یارمەتیدەرێك لێ پەیدابوو. ئەمەش نزیکی ئێوارە بوو، خزمەتکاری هوتێلەکە زەلامێکی بەجلی کوردییەوە هێنایە لامان، دەیویست لەگەڵماندا بدوێ.

زۆر بەناڕەحەتی و بە عەرەبی تێی گەیاندین کە ئەو ئێستا لەودیوەوە (ناوەوەی کوردستانەوە– لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانەوە) هاتووە، بەڕێکەوت زانیویەتی ئێمە لێرەین، خۆی و هەموو گوندنشینەکان هەست دەکەن ڕێزیان لێ گیراوە، گەر دوو کەسی (زانا) سەر لە ماڵەکانیان بدەن.

بە سەرسوڕمانەوە سەیری زێپم دەکرد، ئەویش هەروەها، لە کاتێکی چاکدایە. خۆمان بۆ شتێکی وا ئامادە نەکردبوو. چیی ترمان دەوێ؟ ئایا جارێکی کە ڕێکەوتێکی وامان بەردەست دەخەن؟ بە هیچ شێوەیەك!

هەر ئێستا داوای چامان کرد بۆ خۆمان و ئەم میوانە کوردەمان. بەزۆر دامانیشاند و جگەرەمان پێشکەش کرد. دەبێ بە هۆی چ زانیارییەکەوە بێ وا ئەم کابرایە دەیەوێ لە پلانەکەمان ئاگادار بێ*؟ ئایا ئەمە ڕێکەوتە؟ ئێمە بە هیچ کەسێکمان نەوتووە! ئەم شتە منی زۆر هەژاند. بەڵام چۆن هاتووە با وا بڕوا– دەبێ ئەم هەنگاوە بنێین و ئەم پێشنیارە پەسند بکەین. بەڕێزەوە و بەدڵنیاییەوە پێمان وت: ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین وەك میوان سەر لە گوندنشینەکان بدەین و بمێنینەوە.

پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت ئەو داب و نەریت و وتانەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ میوانداری باون، تەواو بوون، کاتێکمان دیاری کرد لە دەرەوەی شار بەیەك بگەینەوە. بەیانی زوو لە تاریکیدا بڕۆین، ئێمە و ئەو لە کۆلیتێکی بچووکی دەرەوەی شار یەکتر بگرینەوە، دەبوو لەوێ جلی کوردی و ئەسپمان بۆ ئامادە بکرێ. پاشان ماڵئاواییی لێ کردین، و زۆر دڵنیای کردینەوە و لەتاریکیی ئەو شەوەدا ون بوو.

نیگەی زین
www.zheen.org

* نووسەر جارێکی تر باسی پلانێکی تایبەت دەکا کە مەبەستی سەرەکیی ئەم گەشتەیە و بەنیازە ئەنجامی بدا. بەڵام ڕوون نییە ئایا پلانەکە پلانی تایبەتی خۆیەتی یان کەسانێکی تری لەپشتەوەن. (فیرۆز)

زێپ و من بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەكترمان دەكرد، ئێمە لەمێژەوە چاوەڕوانی شتێكی وا بووین ئەنجامدانی زۆر گران بوو، ئێستا ئاوا خێرا خەریكە دەبێتە ڕاستی. لە خۆشیدا شێت بووبووین.

بەورتەوە وتم ((كابرا)) زێپ: ئایا ئەمە تەڵەیە؟ (پلانێكی خراپە بۆ ئێمە)– ((گەر واش بێ– ئێمە ئەنجامی دەدەین!))

پاش ئەوەی ئەم شەوە خەو نەچووە چاومان، جارێكی تریش هەر بەبێ دەنگی (بە چپە) باسی ئەم ڕووداوە سەیرەمان دەكرد– خۆمان گۆڕی و پارەی هۆتێلمان دا، هاتینە دەرەوە بەناو چەند كووچەو كۆڵانێكدا ڕۆیشتین، تا بەلای ئەو كۆلیتە بەردینەدا تێپەڕ بووین كە لە دەرەوەی شار بوو. ڕەشەباكە تۆزێك هێواشتر بوو، هەرچەندە بایەكی سارد دەیدا لە ئەندامەكانی لەشمان و سەرمامان بوو. لەپشت شاخەكانەوە ڕۆشناییی بەرەبەیان دیاری دەدا، پاش پێنج خولەك ڕۆیشتین لەو تاریكیەدا زۆرجار لە بەرد هەڵدەكەوتین.

لەپڕ هەروەك لە زەوییەوە هەڵقوڵابێ، زۆر لە نزیكمانەوە شێوەی ئەو میوانەی دوێنێمان لێ دەركەوت، بەخێرهاتنێكی لەدڵەوەی لێ كردین و ئێمەی برد بە لایەكدا دەنگی حیلەی ئەسپی لێوە دەهات. ئەمە بۆ ئێمە نائارامی نەبوو، سەرەڕای ئەوە لە خۆشیدا ئاراممان نەدەگرت. دوو خزمەتكارو پێنج ئەسپ لە بەردەمی ئەم كۆلێتە بچكۆلەیەدا چاوەڕێمان بوون.

لەكاتێكدا جلە كوردیەكانمان بەسەر قاتەكانماندا كرد، ئەحمەدە فەنی سەیری ئەملاوئەولای خۆی دەكرد: ئایا ئێمە بێ ئاگاداریی هیچ كەسێك یا زانینێك گەیشتووینەتە ئێرە یا نا؟ ئێستاش خێرا جامانەی لەسەر كردین و قوماشی بە كەمەرماندا بەست و تفەنگ بە شانمانەوە، بەڵام بێ فیشەك، لەبەر ئەوەی ئێمە چەند ڕۆژێك بوو ڕیشمان نەتاشیبوو، بەم تۆپەڵە ڕیشەوە هەروەك كوردێكی ڕەسەن دەردەكەوتین.

خۆر بە هێواشی لە سەرووی شاخەکەوە هەڵدەهات و دنیا ڕۆشن دەبووەوە، لەبەر ئەوە "ئەحمەدە فەنی" کەوتە پەلەکردن، ئێمەش سواری ئەو ئەسپە زینلێکراوانە بووین،

لەپێشدا دەستمان کردە نەرمە غار تا ئەو ڕێگە ناخۆشانە بپڕین. پاش چەند خولەکێك خۆمان لەپشت گردێك بینییەوە، کەسمان لێ دیار نەبوو. چەند سوارێکی خزمەتکار لێرە چاوەڕێیان دەکردین، "ئەحمەدەفەنی" ناردبوونی بۆ ئەوەی ڕێگەکەمان لە چاوی پۆلیسەکان بۆ بپارێزن.

ئەم ڕێیەی کە دەچوە ناو شاخەکە زۆر سەخت و بەردەلان و لێژ بوو، ئەم شوێنە بۆ ئەسپێکی ئەڵمانی جێی ڕۆیشتن نییە. کاتێك ئێمە لە یەك دوور بووین، گوێمان لە قسەی یەکتر بوو، فەرمانی غارێك درا، ئەم ئەسپە کوردیانە بەم ڕێگە زۆر سەختەدا هەروەك لە دەشتایی‌یەکی نەرماندا کە بۆ کێبڕکێ ئامادە کرابێ، ئاوا غاریان دەدا.

هەرچەندە من سوارێکی خراپ نیم، بەلام هەرگیز پێم وانەبوو بتوانم ئاوا بەم خێرایی‌یە لەم شوێنە غار بکەم، چونکە زیاتر لە جارێك کەوتمە مەترسییەوە، خەریك بوو لەسەر پشتی ئەم ئەسپە بەپێشدا بکەومە خوارەوە. ئەم وڵاغانە کەم ماندوو دەبوون، زۆر بە خێراییش غاریان دەکرد تا بگەنە جێی مەبەست. ئەسپەکان لە ئارەقکردندا کەفیان دەردابوو. زێپ لە نزیکی منەوە لەسەر ئەسپێکی بۆر بوو، زۆر جار بانگم دەکرد، بەڵام لەبەر تیژڕۆییی دوو وڵاغەکە گوێی لێم نەبوو. لە کۆتاییدا توانیم بە هاوارێکی بەرز ئاگاداری بکەمەوە. لغاوی ئەسپەکەم داناو قیژاندم و بە دەست ئیشارەتم بۆ دەکرد: ((ئاگاداری ڕێیەکە بە!))

سەرکەوتن و بەرەوخوار بوونەوە بەناو شاخەکاندا وەك ڕاکردووی ناو جەنگەڵی ئەم ڕێگە بێکۆتاییە وابوو، کاتێك بەختەوەرانە کۆتاییمان بە

www.zheen.org

شاخێك دەهێنا، لە دوورەوە یەكێكی دی دەردەكەوت. دوو سەعات بەم خێراییی‌یە غارمان دا، هەستمان بەم شێوە نائاسایی‌یە كرد ماندوو بووین. بەڵام نەمانهێشت ئەوان بزانن، كاتێك گەیشتینە سەر شاخێكی تر، خۆشییەكی گەورە بەدڵماندا هات، هاوارم كرد، دۆڵێكی سەوزی جوان لەبەردەمماندا بە جۆگەیەك لە ئاوی بەفراوی جوان پاراو بوو. كۆمەڵە شاخی سەركەشی ئێران لە پشتەوەی دۆڵەكە دردەكەوت. ئەمە یەكێكە لەو وێنە هەرە جوانانەی كە لە بیابانی لماوییەوە تائێستا چاومان پیێ كەوتبێ، ئەمیش كوردستانە. ئەسپەكەم وەستاند تا وێنەی ئەم دیمەنە جوانە بگرم، بەڵام ئەو خزمەتكارە كوردەی كە لای منەوە سواربوو، دارێكی بە ئەسپەكەمدا كێشا هەروەك تیرێكی لیێ بدەی وابوو. هەروەها سەرۆكی كاروان "ئەحمەدەفەنی" بە چاوێكی زۆر سەیر تێی ڕوانیم، منیش بەدەستی ئەنقەست ئاوا نزیكی كەوتمەوە. پاشان دەستی بە پێكەنین كرد، من كە "ئەحمەد" ئاوا بە مۆنی تەماشای كردم، وامزانی خۆی بە زل دەزانیێ.

خزمەتكارەكە لە ئەسپەكەی منی دابوو، چونكە وای دەزانی ئەسپەكەم خۆی وەستاوە، كاتێك لە مەبەستی ئەو گەیشتم خەمەكانم ڕەوینەوە.

گەیشتینە ناو دێیەكی بچووك،چەند پیاوێكی كەمی تێدا دەبینرا، سڵاویان لیێ كردین. چەندین سەگ بە حەپەحەپ دوامان كەوتن، لە دوورەوە دەنگی ئاژەڵی كێوی دیێ.

لە دێیەكی تر پشوویەكمان دا و ئەسپەكانمان لەگەڵ ئەو ئەسپانەی وا بۆمان ئامادەكرابوون، گۆڕینەوە. دوو ئەسپی قاوەیی جوانیان دا بە ئێمە، دەستماڵێكی ڕەنگاوڕەنگیان لە پشتی زینەوە لەگەڵ پێستە چەقەڵدا* پێدا

---

* هەڵەی نووسەر دیارە كە پێستە ڕێوی بووە.

درابوو، بێگومان دیاری کرابووین!! وامزانی ئەمە شتێکی چاك و ئامادەکارییەکی چاکە.

هەروەها زۆر بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی دەبێ وابێ! بەڵام ددانم بەخۆدا گرت، زۆر تێڕامام. لەڕاستیدا من کاتم بۆ ئەم مەبەستەیش نییە، چونکە ئەمانە یەك لەدوای یەك ڕوو دەدەن، ئەم بۆچوونەیشم لەسەر ئەم شێوە مامەڵەکردنانە زۆر بە خێرایی دەگۆڕا.

دەبوو لە ئێستاوە بە خێرایییەکی کەمتر بڕۆین، مەترسیی مەفرەزەی پۆلیس تەواو بوو، پاشان سەیرێکی زێپی هاوڕێمم کرد، هیچی نەوت و لە هەمان کاتدا زۆر شتی دەوت، منیش زوو زوو دەستم بۆ ڕادەوەشاند، ئێمە لەیەکتری تێ دەگەیشتین.

نزیکەی سەعات سێی پاشنیوەڕۆ بوو کە گەیشتینە گردۆڵکەیەك، خێرایییەکەمان جارێکی تر زیاتر کرا. پاش چەند خولەکێك غاردان، خۆمان لە شوێنێکی شاخاویی بنبەستدا بینییەوە. لێرە لە سەربانی خانوویەکەوە هاواریێکمان لێ کرا، کاتێك دابەزیم– دیم نزیکی سی پیاو کۆ بووبوونەوە.

ئێمە خێرا بە خۆشییەوە لە زین دابەزین، ئەژنۆمان لەبەر ناخۆشیی –بەتایبەتی– دواساتەکانی ئەم سەفەرە دەلەرزی. بەڵام نەدەبوو وەك ئەوروپییەك وا خۆمان پیشان بدەین کە بەم غارە نارەحەتە ماندووین. ئەوان بانگیان لێ کردین و ئێمەیش لە پشت سەرقافڵەوە سەرکەوتینە سەربانەکە.

هەموو هەستانە سەرپێ بۆ بەخێرهاتنمان، یەکێك لە ناوەڕاستیانەوە بەرەو لای ئێمە هاتە پێشەوە، کەڵەگەت و ڕێكوپێك بوو. ((بەڵێ– ئەمە نییە، بەڵێ– ئەوە خۆیەتی!))

www.zheen.org

زێپ و من ڕەنگمان زەردو سوور هەڵدەگەڕاو سپی دەبوەوە، دڵمان وا خێرا لێی دەدا حەزمان دەکرد بوەستێ، لە مێشکماندا چەکوش لێدان بوو قوڕگمان شێدار بوو.

ئەم پیاوە لای ئێمە ناسراو بوو، ئەو بێمێشکە شێتە هێواش و لەسەرخۆ بەرەو ئێمە دەهات. نەمدەتوانی بیر بکەمەوەو هەست بکەم و هیچ لێك بدەمەوە، وام دەزانی دەیویست دەست بداتە دەستم (تەوقەم لەگەڵدا بکات)، بەڵام دەستی خستە سەر سەرم و ماچی نێوچاوانی کردم، پیاوەکانی تریش سڵاویان لێ کردین.

پاش ئەوەی تەزوویەکی سارد بە بڕبڕەی پشتمدا هات، تەنیا چەند ساتێك بوو، یەکسەر بیرم لە توانایی و هێز دەکردەوە، خۆم بە ترسنۆکێك دەزانی و بیرم لە مستەکۆڵە لێدان دەکردەوە.

هەروەها زێپ ئەم شتانەی زیاتر وەك مردوویەك هەست پێدەکرد، کە زانیی زمانم دەیگرێ، ئەو وشانەی وا لەم دوا ڕۆژانەی گەشتەکەماندا فێریان بووبووین، کەوتنەوە بیرم ((سوپاست دەکەم)) ((سوپاست دەکەم گەورەم)) ئاوام وت! دووبارە بەسەر سوڕمانەوە ڕووی تێ کردمەوەو پرسیی: ((کوردی دەزانی؟))

((نەخێر گەورەم، تەنها کەمێك))، زۆر بەڕێزەوە ئەمەم پێ وت.

بە هۆی ئەم گفتوگۆیەوە وای دەرخست لە بیری چووە سەری زێپ ماچ بکا، لەجیاتیی ئەوە تەنها دەستی بۆ هەڵتەکاند بەدوایدا بچین بۆ خوارەوەی ماڵەکە و لە دەوری ئەو ئاگرە کراوەیە دانیشین. کاتێك شوێنی ئەو کەوتین، زۆر هەستم دەکرد غیرەتم زیاد بووە، دەبێ ئەم ساختەچییە، کە لە شەمەندەفەرەکە بەرامبەرمان بوو و لەناو ئۆتومبیلەکە بەزۆر خۆی لەنێوان من و زێپدا دانیشاند چیی لەژێر سەردا بێ؟ ئایا بیر لە پیلانێکی گڵاو دەکاتەوە؟ یاخود لەڕاستیدا دەیەوێ پیشانی بدا سەردانی ئێمە بۆ دێکەی

جێی ڕێزلێگرتنە. پرسیارەکە لە یەکێك لەمانەدا خۆی دەبینییەوە، گەر ساردیەکەی بەرامبەرمان ئاوا بێپەردە نەبوایە، ((ئەوا بلیمەت و پیاوچاکێك دەبوو)) هەروا لەبەر خۆمەوە قسەم دەکرد، بەڵام لەگەڵ "زێپ"دا تەنیا بە نیگای چاو دەمتوانی لەیەك تێ بگەین. جگە لە زمانی کوردی نەماندەتوانی بە هیچ وشەیەك گفتوگۆ بکەین، دەبوو ئاگاداری قسەکانمان بووینایە شتێکی کەم نەڵێین بە دڵی ئەم سەرکردەیە نەبێ.

ئەم کابرایە خانەخۆێیەکی خراپ نەبوو، هەرچەندە پێکەنینێکی نابەجێی هەبوو، دەبێ مرۆڤ ئاسایی ببینێ، چی لە ڕۆژهەلات بێ بۆ میوانداری، ئەم هەمووی بەجێ دەهێنا. باشترین جگەرەمان دەکێشا و قاوەیان دەداینێ و چایشمان هەڵدەقوڕاند، کاتێك خواردنیان بۆ هێناین، هەروەك نەریتی کوردی لەسەر زەوی دانیشتبووین- لێرەش چەقۆ و چنگاڵ هیچ باوی نییە، دەبێ سوپاسی هاوڕێ "عەبدولعاص" ناوەکەمان بکەین، فێری کردین چۆن بێ گیروگرفت نان بخۆین. ئەوی ئامادەیان کردبوو گۆشتی مەڕ بوو، زۆر برسیمان بوو. ئەو بەتەنیا بەجێی هێشتین، بێ ئاگادارییی ئەو پیاوە تووڕەیە زۆرمان خوارد، وەك خواردن بۆ پاشا دانرابێ. بۆیە ئێمەش لێرە هەموو شتێکمان بیر چووەوە، بەتایبەتی ئەو بەخێرهاتنە خراپەی کە لەلایەن ئەم پیاوە خانەخوێ خراپەوە کراین. تاوێك پاش نانخواردن، بێ ئەوەی کەس بمبینێ، لەسەر ئەو فەرشە ئەستوورە ڕاکشام و دووبارە چامان خواردەوە، هەستێکی سەیرم تێدا دروست بوو، بەتایبەتی کە سەرنجم لەو ئاغایە "عەلی بەگ" ناوە دەدا. یەکەم جار هاوڕێیانە لەگەڵیدا دەجووڵامەوە و زۆر بە ئاگاییەوە چاوەڕێم دەکرد. بۆمان دەرکەوت ئەو پیاوەی وا ئێمەی گەیاندووتە ئێرە و بە زمانی عەرەبی قسەمان لەگەڵدا دەکرد و باش تێ دەگەیشتین، کوڕی ئەم پیاوە بێئابڕووەیە. ئەم کوڕە لاوە "ئەحمەدەفەنی" زۆر

قسەی دەکرد، لەلامان دانیشت و دەستی کردە قسەکردن. بە پێی ڕاگەیاندین باوکی "عەلی بەگ" و هەموو خێڵەکەی زۆر بە سەردانی ئێمە خۆشحاڵن و زۆر ڕێزیان هەیە بۆمان. هەروەها خۆشحاڵن بە زانین و بایەخپێدانی ئەوروپییەکان، ئەوان شتێکیان لەبارەی "پاشا" گەورەکەی ئەڵمانیاوە بیستووە (مەبەستیان سەرکردەی ئەڵمانیا "هیتلەر"بوو). ئەو شتەم بە دڵی خۆم و بەپێی دەسەڵاتی زمانەوانیم بۆ ڕوون کردنەوە. پاشان ویستیان بزانن چی لە جانتای کەمەرەکەمدایە، ئەوەی کە کامێرا و شتی پێویست و فیلمەکانم تێدا پاراستبوون، هیچم پێ نەکرا، ئەوە نەبێ کە هەموو شتەکانی ناوی پیشانی ئەم کوردانە بدەم، تەنانەت دەرمانەکانی لەگەڵ خۆماندا هێنابوومانن، دەبوو هەموویان بەتەواوی بۆ باس بکەم. ئۆکۆردیۆنە بچووکەکەم "ڕیگینا"، کە زۆر لەلامان خۆشەویست بوو، بەتایبەتی کاتی بێتاقەتی و بیرکردنی نیشتمان زۆر دڵنیا و ئارامی دەکردینەوە، بەلایانەوە یەکجار سەیر و گرنگ بوو، (زۆرجار نامۆیی لە بیر دەبردینەوە).

لەگەڵ ئۆکۆردیۆنەکەدا گۆرانییەکی ئەوروپیم بۆ وتن، هیچ پێیان خۆش نەبوو، دەیانویست خۆیان مووزیك لێ بدەن. یەکێك لە کوردەکان ئەم ئامێرەی گرتە دەست، ئەوی تریان لێی ڕادەپسکاند، یا بێبەزەییانە دەستی بە دوگمەکانیدا دەنا. یەکێکی دی تەپڵی پێ لێ دەدا، گەر ئەم ئامێرە وا زۆر بەباشی دروست نەکرایە، دروستکراوی ئەڵمانیا نەبوایە، هەر ئەو کاتە نەدەما و دەشکا.

کاتێك ئەحمەدەفەنی زۆر ورد دەبوەوە و حەزی دەکرد ((مۆسیقا لێ بدات))، عەلی بەگی باوکی ئیشارەتی بۆ کرد بچێتە دەرەوە، ئەحمەدەفەنی ئۆکۆردیۆنەکەی دانا، بەخێرایی شوێن باوکی کەوت. ئەو کاتە یەکێك لە خزمەتکارەکان چووە جێگەکەی ئەو، زۆر بەوردی تێی دەڕوانین. لەگەڵ

بنکەی ژین
www.zheen.org

"زێپ"دا نەماندەزانی چۆن لەم شتە تیٚ بگەین. وامان کرد گوایە ئێمە لەم شتە بیٚئاگاین. پاش چەند ساتێك باوك و کوڕ گەڕانەوە، ئەوانیش وایان نیشان دا گوایە شتێکی زۆر ئاسایی‌یە. پاشان خزمەتکارێك چای بۆ هێناین، لەڕاستیدا لەویٚ زۆر بە خۆشی دەخورێتەوە، هەڵمان قوڕاند. ئەو کاتە سەرنجی خانەخوێکەم دەدا، یەك چرکە چاوی لیٚ نەدەبڕین. پاش نیو سەعات وەزعم خراپ بوو، بەدوای شوێنێکدا دەگەڕام خۆم قوتار بکەم و هەڵبێم، کوردێکی خزمەتکار بە خێرایی هات، بردمیە شوێنێکی زۆر خراپ- بۆ پێشاو لەسەر جۆگەلەیەك.

پاش ئەوەی تۆزێك هاتمەوە سەر خۆم و دەمویست بگەڕێمەوە بۆ دیوەخان، هەستم بەگێژی کرد. خەریك بوو بکەوم، بەڵام خزمەتکارەکە گرتمیەوە. پاش ئەوەی چەند هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، کەمێك هاتمەوە سەر خۆم، ئەم یاوەرە دەستی گرتبووم، تا گەیاندمیەوە جێی خۆم، لای زێپ بۆ سەر فەرشەکە. ئایا ئەمە هۆی ماندوێتیی ئەو ڕۆژە غارکردنە بوو؟ - یا دەبیٚ هۆیەکی تری هەبیٚ؟ - ئەم شتە ئاشکرا نەبوو.

کاتێك ویستم وەزعی خۆم بۆ زێپ باس بکەم، هەستاو لەگەڵ خزمەتکارێکدا چووە دەرەوە. چاوەڕێیەکی سەیر، بە چ شێوەیەك و لە چ حاڵێکدا دەگەڕێتەوە، تێم ڕوانی. چەند خولەکێك ڕۆی. -ئاخ- هەست بە تەنگەنەفەسی دەکەم، گوێم لە دەنگی هاواری برادەرەکەم بوو، لە بەردەمی دەرگاکەدا کەوت.

ویستم ڕاکەم و یارمەتیی بدەم، ئەم کاتە منیش هەستم کرد کەوتووینەتە داوەوە- دەرمانخوارد کراوین! چاوێکم بۆ ئەو شوێنەی وا لێی دانیشتبووین و شتەکانمانی لیٚ بوو، گێڕا، توانیم بزانم شتەکانیان دزیوین. کامێراکە، ئۆکۆردیۆنەکە و ئەو دەرمانانەی کە پێمان بوو، هیچیان نەمابوون.

www.zheen.org

تەنها تەماشایەك تێكی دام وحەپەساندمی، هەموو شتێكم لەلا ئاشكرا بوو. {ئێمە فرێندراوین و ژەهرخوارد كراوین و شتەكانیان لیٚ دزیوین!}

ئەم جەردانە بەم كارە و بەوەی وا ڕۆژی داهاتوو سەرمان بڕن، سەرمان لەوناوە بكەنە گەمە، خۆشحالٚ بووبوون. تەنها شتێك دەیتوانی یارمەتیی ئێمە بدا، ئەویش بە هێوری بمێنینەوە، دژی ئەو بیٚدەسەلاٚتییە بوەستین و باش بیری لیٚ بكەینەوە، پاشان زۆر بە خێرایی مامەلٚەی لەگەلٚدا بكەین.

خزمەتكارەكان زێپیان لە سووچێكی ژوورەكە درێژ كرد. "خانەخویٚ" كوردەكان ئێمەیان بەبیٚ دەنگی دەبینی. منیش ئیشارەتم كرد كە زۆر ماندووین و دەمانەویٚ بخەوین، تا ئەوان دلٚنەرم بن و بە تەنیا بەجێمان بهێلٚن. ئەم پیاوە پیسانە (دزانە) هەروا چاوەڕیٚ بوون ژەهرەكە ئێمە بخەوێنیٚ و جارێكی كە خەبەرمان نەبێتەوە! بوەستە، خۆشەویستەكەم– ئەمەم لە دلٚی خۆمدا بەبیردا هات، هێشتا نەگەیشتوومەتە ئەم جێیە! –چاوم نووقاند، برژانگەكانم دەجوولاٚند، وام نیشان دەدا خەوتووم. میواندارەكان بەخۆشییەوە ژوورەكەیان بەجیٚ هێشت، تەنیا دوو خزمەتكار وەك پاسەوان لای ئێمە مانەوە، دەبوو تین‌وتوانێكی زۆر پەیدا بكەم، تا بتوانم بیرێكی ئاسایی و هێمنم هەبیٚ، هەستم دەكرد ژەهرەكە چۆن كارم تیٚ دەكا.

ئێمە لەگەلٚ خزمەتكارەكاندا بەتەنها بووین، چاوم كردەوەو خۆم خستە حالٚی جاو[*]، وا خۆم پیشان دا حالٚم زۆر خراپە و تەماشای خۆمم دەكرد و هەستم دەكرد خەریكە خوێنم دەمەییٚ و دەمەیی، (بەرەو مردن دەڕۆم).

ئەوەندە شەكەت بووم نەمدەتوانی خۆم ڕابگرم، ئێستا هەموو تواناییەكم خستە گەڕ تا چەند جگەرەیەكم لە جلەكانم دەرهێنا –پێشكەشی پاسەوانەكانم

* حالٚی جاو كینایەیە بۆ مەرگ، چونكە جاران كفن لە جاو دروست دەكرا. (فیرۆز)

**کرد و وتم ئەمە ((هیی ئەڵمانیایە))، خێرا بە ئاگرەکە دایانگیرساند و زۆر بە ئاگایی دەیانکێشا و بەتایبەتی بە خۆشییەوە مژیان لێ دەدا، جاروباریش سڵیان دەکردەوە، چونکە زۆر کاری تێکردن. پاش پێنج خولەك وایان لێ هات بە قووڵی خەوتن. پاڵیان بە دیوارەکەوە دابوو. من جگەرەی زۆر توندی (هۆشبەری ئۆپیۆم* دابوونێ)، هەمیشە لە گەشتەکانمدا زۆر بە پارێزەوە پێم بوو. ئێستا دەبێ بە خێرایی بڕیار بدەین!**

**زێپیش لەم نێوەندەدا ئاگاداری ئەم شتانە بوو، ڕاست بووەوە. بە چپە پێم وت: ((ئەوان دەرمانەکانیان دزیوە، – هیچ شتێکت پێیە؟)) یەکەمجار زۆر بە سەرسوڕمانەوە تێی ڕوانیم، پاشان دەستی خستە گیرفانی قاتەکەی و پاکەتێکی بچووکی دەرهێنا. دیم: (ئەترۆپین)ەکە دژی ژهرە. لەڕاستیدا ئەوە جادوویەك بوو، ئەو پاکەتە بچکۆلەیە لەلای ئەو بوو. کەس بیری لەو شتە نەدەکردەوە، چۆن ئەم دەرمانەی جانتاکە لە گیرفانی ئەودایە، ئێمەش هەرچیی تێدابوو بە خێرایی خواردمان. هەندێك (ئۆپتالیدۆن– Optalidon)یش لای من بوو، بۆ سڕکردنی دەمارەکان باش بوو، ئەمەشمان بە خێرایی خواردەوە. ئێستا دەبێ هەموو هێزێکمان کۆ بکەینەوە، تا ژەهرەکە جارێکی تر کارمان لێ نەکا. ئێمە دەستە ڕەقبووەکانمان دایە بەر گڕی ئاگردانی ژوورەکە. پاش چەند ساتێك هەستمان کرد زیندووین و ناتوانین دانیشین و زوو بە زوو چالاك دەبووین.**

**پێویستە لەم ساتەدا بڕیار بدەین. ئایا دەتوانین لەم چوار پێنج سەعاتەدا بە سەرکەوتوویی ڕابکەین؟ گەر ماوەی کاریگەریی ئۆپتالیدۆنەکە کارێك نەکەین، دۆڕاوین. بە ئەسپایی چوومە لای یەکێك لە خزمەتکارە خەوتوەکان، تا (خەنجەرەکەی) و دەمانچەکەی لێ بستێنم، زێپیش هەر وای لە خزمەتکاری دووەم کرد، سەرکەوتوو بووین. چەکەکانمان لای خۆمان شاردەوە. ئێستا دەبێ،**

بیٚ ئەوەی پێمان بزانن، لە دەرگاوە دەربچین. لە دەرەوە هەموو شتێك ئارام بوو، تەنیا ئەو سەگە جوانە سپیە کوردییە خۆی بڵند کردەوە و مڕەی لیٚ کردین. پێش ئەوەی دەست بە وەڕین بکا، زێپ ئێسقانێکی گەورەی بەرماوەی بۆ هەڵدا، سەگە برسیەکە زۆر بە خێرایی پەلاماری ئێسقانەکەی دا. هاوکات خەنجەرە تیژە کوردیەکەم سەری لە لەشی کردەوە ((تۆ پێمان ناوەڕی)) ((ئێمە ئاشکرا ناکەی!)) ئاوا قسەم بۆ سەگە خۆشەویستەکەی "عەلی بەگ"ی خانەخوێی خۆشەویستمان و هۆی ئەم ئەنجامانە دەکرد.

کاتێك گەیشتینە ئەم جێیە، دەمانزانی ئەسپەکان لەکویٚ دەحەوێنەوە، لە تەویلەیەکی بچووکی پشت خانوەکەوە بوون، دەرگای تەویلەکە ئاوەڵا بوو، ڕووی لە ڕێگەی دەرچوونی ناو گوندەکە بوو. بیٚدەنگ چووینە ناو تەویلەکە –هوڕا!– دوو ئەسپە قاوەییەکە کە ئێمەیان بۆ ئێرە هێنابوو، لە بەردەمماندا بوون. هێشتا زینیان لیٚ نەگیرابوەوە، خێرا جیامان کردنەوە. دەمویست سمی ئەسپەکان هەڵپێچم تا بە هیچ جۆرێك گوێیان لێمان نەبیٚ، بەڵام زێپ ئاماژەی بۆ کردم کە دەرەوە سەوزاییە، کەس گوێی لێمان نییە!

((با وەختەکەمان لەدەست نەچیٚ)). ئاوا بە چپە پێی وتم. خەریك بوو لە خۆشیدا گەشکە بگرم، کە ڕوانیم ئۆکۆردیۆنە بچووکەکەم لەویٚ فڕیٚ درابوو، ئەویشم خستە ملم.

بیٚدەنگ ئەسپەکانمان لە تەویلەکە هێنایە دەرەوە، بە ترس و زۆر بە ئاگادارییەوە بە شوێن یەکتردا دەڕۆیشتین، بۆ ئەوەی ڕێمان لە هیچ بەردێك نەکەویٚ. بەو نەرمە شوێنەدا دەڕۆیشتین، وامان هەست دەکرد مرۆڤەکان بەئاگان. دڵمان بەرامبەر بە سنگمان بە دەنگی بەرز و خێرا لێی دەدا. خۆشبەختانە ئەو جۆگە پانەمان بڕی، هەموو شتێك بیٚدەنگ بوو، تەنیا جاروبار سەگێکی ئاوایی حەپەی دەهات. هێشتا خۆمان لە سێبەری

گردەکەدا حەشار دابوو و دەڕۆیشتین، بەڵام ئێستا – هیچ ڕێگەیەکی ترمان نییە بۆ ڕزگاربوون، دەبێ بەو مانگەشەوە بڕۆین و ئەم گردە ببڕین. چەند ساتێکی سەیر بوو، هێشتا لەوە نەدەچوو ڕزگار بووبین، واتا هیچ نەبێ ساتێك لە چاوی ئەوان دوور بین. ((لە دووریی بیستنی دێ، کات دوازدەی نیوەشەوی تەواو کردووە))، مانگ لە ئاسماندا بەرز بوو، تیشکە زیویەکەی خۆی لەم ناوچە کشتوکاڵییە دەدا.

بە پەلە بەرەو ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتبووین، ڕۆیشتین، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگەی یەکسەری بۆ سلێمانی بدۆزینەوە. پێویستمان بە نۆ سەعات غارکردن دەبێ. (دەبێ نۆ سەعاتمان هەبێ) –چەند کاتێکی زۆر ناخۆشە– تەنیا چوار سەعاتمان بەدەستەوەیە، بۆ ئەوەی بگەینە شوێنێك بپارێزرێین، ئەگەر لەوماوەیەدا ژەهری کوردەکان کارمان لێ نەکات. ئێمە باوەڕمان بە خودا هەیە، چەند دوعایەکمان کرد (دەستمان بەرز کردەوە)– سوار بووین و بە هێواشی غارمان دا.

جاروبار سێبەرێکی سیحراویی (وەك جانەوەر) دەهاتە ڕێمان، چەند دڵۆپێك ئاویش وەك تف بە بەردەمی تیشکی مانگەکەدا بەرەوڕوومان دەهات، بەو بەیانییە زووە لە سواریی ئەسپدا هەستمان بە ناڕەحەتی دەکرد، نابێ ئەمە ببێتە ڕێگرمان، چونکە مەسەلە ژیان و مردنمانە.

پاش ئەوە کەمێك دڵنیا بووین هیچمان لە بارەی دێیەکەوە نەبیست، بە غار بەرەو خۆرئاوا چووین، لە هاتندا چاك فێری (غاری خێرا) بووبووین، بەشێوەیەك غارمان دەکرد وەك ئەوەی شەیتان و هەموو پیاوخراپەکانی دنیا بەدوامانەوە بن. ئەو ناوچاوەی کە ماچێکی ناشیرینی مردوانە کرابوو (مەبەست ماچەکەی لای عەلی بەگە)، ئاگری لێ دەباری. بە خێرایی و بە دەم قسەکردنەوە غارمان دەدا، دڵمان وەك دەنگی سمی ئەسپەکان بە خێرایی لێی

دەدا. تەنیا بیرمان لەوە دەکردەوە بە زوویی لێرە لەم شوێنە ناپیرۆزە دوور بکەوینەوە. ئارەقی ئەسپەکان لێی دەداین، سەرەڕای ئەوە، بایەکی ساردی ئەو مانگە شەوە لێی دەداین، ئارەق گیانی تەڕ کردبووین.

پاش ئەوەی بێ وەستان سەعاتێك غارمان دا، سەیرێکی خۆمان کرد ((پشوویەك بدەین))، تۆزێك بەسەر خۆماندا بێینەوە و ئەم ئەسپە تەڕانەش هەناسەیەك بدەن. هێشتا زۆر دوور نەکەوتبووینەوە. دەبوو ئەم ئەسپە کوردیانە بە خێراییەکی زۆر غاریان بدایە، چونکە ئێمە پێماندا دەکێشان، جاروبار زۆر بەسەختی ئەم ڕێیە بەردەڵانەیان دەدۆزیەوە.

ئێمە ئێستا وا پێ دەچێ لەسەر ئەو ڕاستەڕێیە بین، ئەوەی کە پێیدا هاتین، کاتێك نزیکی دێیەك دەبووینەوە، دەبوو لە دەوری دێیەکە دوور بکەوینەوە، بێ ئەوەی کەس پێمان بزانێ، جارێکی تر زۆر بە خێرایی بهاتینایەتەوە سەر ڕێگەکەمان.

پاش ئەوەی بەرەو بەرزاییەك غارمان دا، لە لابەلاوە گوێمان لە تەقە بوو، زۆر بەترسەوە گوێمان گرت! هەروەك خوا بیەوێ بمانپارێزێ، بینیمان چەند کەسێك لە نزیکمانەوە، لەو شوێنەی وا بۆی دەچووین، دەگەڕان، ئایا مەبەستیان لەم تەقانە ئێمە بوو؟ نەماندەزانی. کاتێك ئەوانەی تەقەیان دەکرد و دەگەڕان، ئێمەش زیاتر و توندتر غارمان دەدا، بە پێچەوانەی ئەو ڕێیەوە کە لەسەری بووین و بەپێچەوانەی دەنگی تەقەکانەوە. لەوانەیە ئەوان ڕاوکەر بووبن —نابێ ئەم شەوە بە هیچ شێوەیەك لەیەکتر ئاشکرا بین. بەو شێوەیە لە دێکە دوور کەتینەوە، ڕاستەڕێیەمان لێ ون بوو. نەماندەزانی بۆ کوێ دەچین!

ئێستا سەعات دووە، هیچ شتێك دادمان نادا، ئەوە نەبێ کە بە قووڵاییی شاخەکەدا بەرەو سلێمانی بڕۆین، غار بکەین، دەبێ ئەمەش بە خێراترین شێوە ئەنجام بدرێ. ژەهری کوردەکان تەنیا بۆ ماوەی دوو سەعاتی تر کاریگەریی دەبێ.

www.zheen.org

ئەم ڕێیەی وا ئێستا پێیدا دەڕۆین، زۆر بەرەو بەرزی دەڕوا و یەکجار سەختە، بەختمان هەیە کە ئەسپەکانمان بێتاقەت نین. ((ئۆف)) ئای گەر یەکێکیان نەتوانن، ((ئۆف)) ئای گەر تەنیا یەکێك لەوانە دوای ئێمە بکەون! بەڵام هیچ ئەسپێکی عەرەبی خاوەنەکەی جێ ناهێڵێ. ئەم ئەسپە کوردیانە زۆریان خوێنی عەرەبیان تێدایە، تا دوا دڵۆپی خوێن خزمەتکارێکی بەئەمەکن و باش خزمەت دەکەن و بەوەفان بۆ خاوەنەکانیان، دەتوانین لێیان دڵنیا بین.

هەرکاتێك شتێکی کێوی ئێمەی دەترساند، زۆر دەحەپەسام و بە ناخۆشیی ژەهرەکەش کە کاری دەکردە سەر دەمارەکانم، ناڕەحەت دەبووم، دەمانچەکەم بۆ دڵنیایی لەبەر باخەڵم دەرهێنا و خستمە سەرپێ و زامنم نەکرد، سەرجەم تەنیا دە گوللەمان پێ بوو– ئەمەش بەشی زۆر ناکا.

بێدەنگ دەڕۆیشتین ((غارمان دەدا))، ئەو با ساردەی شەو وریاو زیتی کردینەوە. سەرەڕای ئەوەی کە سەرمان زۆر گەرم بوو، سکیشمان لەو ژەهرە و دژی ژەهرەکە گۆرانیی دەوت! دەبێ کێ لەم دوو جەنگەدا سەرکەوتوو بمێنێتەوە؟ ژەهری کوردەکان؟ یا دژە ژاری ئێمە؟

ئێمە نازانین لەکوێین، خۆمانمان داوەتە دەست ئەسپەکانمان، ئەوان هەڵیانگرتووین، بێ ئەوەی ماندوو بن بە شاخەکاندا سەر دەکەون و دێنە خوارێ. کاتەکە زووتر لەوەی کە ئێمە بیرمان لێ دەکردەوە، دەڕوا. هەستمان کرد لەم شێوە ڕۆیشتنەی خۆمان دڵنیا نین، زۆر کاتمان لە شوێنی ئەو پیاوەخراپەوە لێ ڕۆییوە و زۆر شاخمان بڕیوە.

زۆری پێ نەچوو هەستمان بە ماندوێتی کرد، هەموو ئەندامەکانی لەشمان نائارام و نائارامتر دەبوو، دەمانزانی وامان لێ دێ، لەبەر ئەوە دەبوو هیچ خولەکێك لەم کاتە گرنگە بەفیڕۆ نەدەین. ڕەنگە هەر شوێنێکی خۆشاردنەوە ڕزگارمان بکا، بەڵام لەکوێ شوێنێکی وا بدۆزینەوە، تێیدا ون ببین؟

شاخێكی ڕووت له بەرپێماندایه، شوێنێكی تەنهای ناخۆش، له شەوێكی تەنیاییی ولاتێكی نامۆدا. سەیری هەر شوێنێك دەكەین نه دارێك نه دەوەنێك، یا سەوزایی یەك دیار نییه.

به هێواشی خۆمان لەسەر پشتی ولاخەكانمان شۆڕ كردەوه، توانیمان بەو قاچه لەرزۆكانەمان بەرەو پێشەوە بڕۆین. ئێمه تواناییمان پێمان نەمابوو، هەتا وشەیەكیش لەگەڵ یەكدا بدوێین. لەناكاودا زێپ به دەستێكی لەرزۆك ئاماژەی بۆ تارماییی‌یەكی ڕەشی گەورەی بەردەممان كرد، خۆمان گەیاندە ئەو شوێنه.

ئەی خوای گەورە سوپاس بۆ تۆ -یارمەتیدەرمان بووی- ئەمه ئەوەیه كه ئێمه بەدوایدا دەگەڕاین: ئەشكەوتێك، ئەشكەوتێكی زۆر گەورە، تا هێزمان تێدا بوو خۆمان گەیاندە ئەوێ، ئەسپەكانمان بەردا، نەماندەتوانی بەسەریان بكەینەوه.

ناو ئەشكەوتەكە زۆر گەرم بوو، بۆنێكی زۆر ناخۆشی لێ دەهات، هەناسەی لێ بڕیبووین، نەمانتوانی خۆمان لەسەر قاچ بگرین، لەهۆش خۆمان چووین و دیاربوو هەستمان به هیچ نەدەكرد، زێپ زۆر بێدەنگ وتی: ((گەر ئێمه جارێكی تر یەكتر نەبینین -دەی- خۆش بژی (خوات لەگەڵ بۆ هەمیشه) ئەی هاوڕێم)). توانیم تەنها بۆ دواجار دەستی بگوشم و بڵێم: ((خوا بمانپارێزێ- زێپ.)) پاشان چووینه ناو شەوی لەخۆهۆشچوون و بێئاگایی، بێئاگا له هەموو لایەك و تاریكی وەك بێدەنگیی گۆڕ... .

كاتێك چاوم كردەوه، نێوچاوانم له گەرماندا دەسووتا، هەموو ئەندامەكانی لەشم ئازاری هەبوو، دەمویست بیر بكەمەوه، بەڵام نەمدەتوانی، كاتێك بەدوای سەرمدا دەگەڕام (تا دەست بەسەرمدا بهێنم)، نەمتوانی دەستم بەرز بكەمەوه.

له هیچ شتێك تێ نەدەگەیشتم. ئەو تیشكه كەمەی كه دەهاته نێو ئەم ئەشكەوته، وەك درك دەچووه نێو چاوەكانم. سەرووم و ئەملاوئەولام هەمووی تاریك و زۆر تاریك بوون.

www.zheen.org

به شکاندنەوەی تیشکەکە لە ئەشکەوتەکەدا بۆم دەرکەوت ئەمە ئەشکەوتێکی بەردینە، ئێمە لەسەر تاشەبەرد پاڵ کەوتووین. بە هێواشی و بە هەموو هێزو توانایی یەکمەوە توانیم کەمێك سەرم بجووڵێنم.

هەستم بە شتێکی گەرم کرد لە نزیکمەوە. – زێپ، لەبەر ئەوەی بە تاریکی ڕاهاتبووم، ئەو شوێنە کە تیشکی تێدا کەم بوو، توانیم بیناسمەوە، وا سپی بووبووەوە وەك خێو وابوو. چەند چرچێکی قووڵ کەوتبوە نێو ڕیشە زەردەکەی.

بە دەستێکی لەرزۆك دەستی دایە دەستم و گوتی: ئایا ئەمە هەر خەوێکی ناخۆشە؟ ئێمە لەکوێین؟ ئێمە چەندە لەم ئەشکەوتەدا پاڵ کەوتووین؟ کاتێك لەبەر ماندوێتی دەمویست چاو بنووقێنم، لەپڕ تارمایی‌یەك لە دەروازەی ئەشکەوتەکەوە پەیدا بوو، یەکێك بە ئاستەم نزیك بوووەوە لێمان!– ژنێك؟ زۆر لەنزیکەوە خۆی بەلاماندا چەماندەوە. هەستم بە هەناسەی گەرمی دەکرد لەسەر دەم وچاوم.

نەمدەتوانی مەبەستی بزانم یا شێوەی بناسم، بەڵام هەستم دەکرد ئەمە بەختێکە کە زیندوویەك لەلامانە. لەم تاریکیەدا کە بۆ ئێمە دەبوە گۆڕستانێکی تەواو، بە تەنیا ڕانەکشاوین. دەمویست دەمم بکەمەوەو قسە بکەم، بەڵام لەبەر لاوازی و بێ‌هێزی و بێ‌توانایی دەمم دادەخرایەوە، جارێکی تر هەر بۆم نەکرایەوە، یەکەمجار تەماشایەکم کرد، بێ‌ ئەوەی بتوانم قسە بکەم، ئەویش بەخێرایی جووڵا. ئایا لە داواکەم گەیشت؟ زۆر بەم تەماشاکردنە شڵەژا، منیش چوومەوە ناو خەو و خەیاڵ و ئەندێشە.

کە هۆشم هاتەوە، هەستم کرد یەکێك دەیەوێ بەزۆر دەمم بکاتەوە و شتێکی گەرم بکاتە گەرووم و دەستەسڕێکی ساردی بەسەر ناوچاومدا داوە، چ مەردێکی چاکە! جارێکی تر هەندێك لەم شلە گەرمەم قووت دا و هەستم کرد هەر ئەوکاتە بە هەمان شێوە یارمەتی هاوڕێکەشم دەدا.

www.zheen.org

دەبێ ئەمە کێ بێ؟ مرۆڤ بێ؟ پەرییەك بێ؟ پیاوچاکێك خوا بۆی ناردووین؟ نەمدەتوانی لەمە زیاتر بیر بکەمەوە.

بە هێواشی، زۆر بە هێواشی هەستم کرد. کەمێك گوڕم بەبەردا دەهاتەوە. – چی ڕووی دابێ لێمان؟ نەمدەزانی و نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە. ئەم زەلامە جاروبار دەچوە دەرەوە و دەهاتەوە، شتێکی نەرمی دەکردە دەمی من و زێپ، ڕوانیمە ئەم بالآیە، زەردەخەنەیەکی کرد. ئێستا بینیم، ئەم پەریی ڕزگارییە پیرێژنێکە ڕەق و چرچ و زۆر ناشیرینە، ژنە کوردێکە، زێپ هێشتا زۆر بەتوندی دەستی گرتووم، خۆم بەلای ئەودا تلاندەوە، چاوی کردەوە و بەسەرسامییەوە تێی ڕوانیم.

" هانس"، بە چپە و زەردەخەنەیەکەوە پێی وتم.

"زێپ"، بەبێ دەنگی وەڵامم دایەوە و دەستیم گوشی.

ئێمە دەمێکە بێدەسەلآت لەم ئەشکەوتەداین، ئەم پیرێژنە خزمەتی دەکردین و ماندوو نەدەبوو، دەستەسڕی تەڕی لەسەر ناوچاوانمان دادەناو خواردنی بە دەممانەوە دەکرد. تائێستا یەك وشە بەسەر ئەم لێوە چرچانەیدا نەهاتووە، کاتێك دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، وتی:((چۆنی؟)) ((چۆنن؟))، منیش بە هێواشی وتم ((چاکم))، بەخۆشحاڵییەوە خۆی چەماندەوە. ژنێکی قژسوور بوو، وتی: ((باش، زۆر باش)) (زۆر باش).

سبەینێ کە خەبەرم بووەوە گوێم لە ناوی خۆم بوو، زێپ بانگی دەکردم. منیش وەڵامی زێپم دایەوە. ((ئێمە لەکوێین؟)) بەهێواشی لێی پرسیم. منیش دەستم بەملاوئەولادا هێنا.

پاش تاوێك پیرێژنەکە خۆی بە ژووردا کرد، خواردنێکی بۆ هێنابووین، لەسەر نانێکی پان بوو، هەروەك دایکە چۆلەکەیەك خواردن بداتە بێچوەکانی، کردی بە دەمماندا، چونکە زۆرمان برسی بوو، زۆرمان قووت دا بۆ ئەوەی

شتێك زیندوو بینەوە و بێینەوە سەر خۆمان، تا پیرێژنەکە هەردوو دەستی هەڵپڕواند– کە ئەمە مانای ئەوەبوو هیچم پێ نەماوە. ئێستا هێواش هێواش دەبوژێینەوە، دێینەوە سەر خۆمان، هەر سەرمان زۆر قورسە و ئەم پەریی ڕزگارییە لەسەر گیایەکی وشك ڕایکێشاوین، تائێستاش لەتاو سەرئێشە چاومان هەڵنایێ. کەم دەتوانم لەگەڵ زێپدا لەسەر ئەم ڕووداوانە قسە بکەم، دەبوو ئەو کاتانەی کە پیرێژنەکە لەوێ بوو، لەگەڵ یەکدا قسە نەکەین تا ئاشکرا نەبین، چونکە وای دەزانی ئێمە کوردین.

کاتێك پیرێژنەکە هاتەوە لامان و زانیی ئێمە کەمێك چاکین و هێزمان تێدایە و خۆمان پاڵ خستووە، لەگەڵماندا کەوتە قسەکردن. پرسیی لەکوێوە هاتوون. منیش خێرا پەنجەم خستە سەر دەمم و بە مانایەکی زۆرەوە وتم: ((الله))! پیرێژنەکە دەموچاوی کرایەوە و وای زانی ئێمە شتێکی زۆر سەیرین، پاشان لەژێر لێوەوە وتی: ((الله– الله ئەم پیاوانەی بۆ ناردووم؟!)) پاشان لالایەوە. لەپڕ دەستی کردە گریان و واوەیلایەکی سەیر: ((الحمد لله!))، (شوکور بۆ خوا). ئێستا هیچ کاتێك چاومان لێ ناترووکێنێ، هەروەك ئێمە دیارییەکی خواوەند بین بۆ ئەو، تەنها دەیویست زۆر چاکەمان لەگەڵدا بکات.

لەو پێشنیوەڕۆیەدا هەوڵمان دا هەستینە سەر پێ، بەهۆی داردەستێکی پیرێژنەکەوە توانیمان ئەمە بکەین، هەرچەندە زۆر بە ناڕەحەتی دەمانتوانی هەستینە سەرپێ. بەڵێ ئەو خواردنە ئاساییانەی کە ئەو ژنە پێی داین، کاریگەر بوون. پاشنیوەڕۆ چووینە بەردەمی ئەشکەوتەکە و خۆمان دایە بەر خۆر، تیشکی خۆرەکە زۆر بەهێز بەسەر هەموو ئەندامەکانمادا دابەش دەبوو.

ئەم پیرە پەرییەی ڕزگارکردن لەسەر زەویەکەی بەردەمی ئێمە تێی دەڕوانین و لێمان ورد دەبووەوە، سەرنجی چاوە پڕ لە پرسیارەکانمانی دەدا، کە بڕیومانەتە ناوچەکە. تەنیا شاخێکی ڕووت لەبەردەم و دەوروپشتمان بوو،

www.zheen.org

زۆربەی بەردەڵان بوو، تەنها سەوزاییەك لە شوێنێكی نزیكی ئێمە بوو، خانوویەكی قوڕ لەتەنیشتیەوە بوو، چەند مەڕو بزنێك لە نزیكیەوە دەلەوەڕان.

ئەم پیرێژنە حەزی لە قسە بوو، زۆری قسە بۆ كردین. لەبەر ئەوەی كەمێك زمانی كوردیمان دەزانی، دەمانزانی مەبەستی لە قسەكردنیدا چییە، بە سەرلەقاندن وەڵاممان دەدایەوە كە تێ گەیشتووین، یا لێی تێ دەگەین. ئاوا دەستی كردە قسەكردن، مێردەكەی لە زووەوە مردووە. منداڵ و خزمی هیچ نەماوە، دەمێكە لەم شوێنە دەژی، خانوەكەی بە گڵ دروست كردووە و بە شیر و گۆشتی ئەو مەڕو بزنانە دەژی، بۆ خۆشی دانەوێڵەی كردووە كە بۆ دروستكردنی نان پێویستی پێ دەبێ.

ئەوپێش چەند ڕۆژێك بەیانییەكیان زوو لە خەو هەستاوە، هەستی كردووە دوو ئەسپ لەناو دەغڵەكەیدا خەریكی لەوەڕن، ئەسپەكانی گرتوەتەوە و لە دۆڵێكی پەنادا دایناون و بەستوونیەتەوە. لەوێ هەندێك گژوگیا پەیدا دەبێ بەشی ڕۆژانی داهاتوویان بكا. ئێمەش بە سەرسوڕمانەوە گوێمان لێ گرتبوو، هەر كەسێك ئەسپی كوردی بناسێ، دەزانێ لە دابینكردنی ئالفدا چەند بێئەركن. پێویست نەبوو خۆمان نائارام بكەین، دەبوو ئەم پیرێژنەم بخستایەتە سەرشان و ستایشم بكردایە لە پاداشتی ئەوەی وا ئەو ئەسپانەی بۆ ڕزگار كردووین و شاردوونیەتەوە.

لەكوێ ئەسپی زینكراو هەبێ، دەبێ لەوێش مرۆڤ هەبێ. خێرا ئەمەی وت، لەبەر ئەوە بەدوای یەكێكدا گەڕاوە خاوەنی ئەم ئەسپانە بێ و بەدەگمەن لەم شوێنەشدا مرۆڤ ڕێی لە یەكێك دەكەوێ.

نزیكی ئێوارە ئێمەی -دوو كورد- بە خەووتویی لەم ئەشكەوتەدا دۆزیوەتەوە، هەروەها ڕۆژی داهاتوو لە خەوێكی زۆر قووڵدا بووین، كاتێك جارێكی كە هەتاو كەوتووە، ترساوە زیاتر بخەوین. ویستوویە خەبەرمان بكاتەوە.

www.zheen.org

ئەو کاتە من چاوم داخستووەتەوە. پیرێژنە ژیرەکە پێکەنی، ئێمەی لە مردنێکی تەواو ڕزگار کردبوو، پێکەنینێکی دۆستانەی کرد و ئیتر ئەو هیچ بەئاگا نییە کە ئێمە لەکوێوە بۆ کوێ هاتووین، وای دەزانی دیارییەکی خوداوەندین.

ئەوکاتە لەبەر خۆر دانیشتبووین، زێپ لەم لامەوە قسەیەکی کرد و زۆر زەرد و سپی هەڵگەڕابوو. بێ ئاگاداری ئاماژەی بۆ شوێنێك دەکرد، کاتێك سەیرم کرد زانیم سەگێك، سەگێکی گەورەی سپی ڕوو بەم ناوچەیە هەڵتروشکابوو، بە دەنگی بەرز دەوەڕیە دوای خۆی. دڵەخورپەیەکی بەهێز هەناسەی لێ بڕیم. ((ئاخ– بە دواماندا هاتوون!)) ورتەم لێ دەهات.

خێرا بە قسەو ئاماژەکردنەوە پیرەژنەم تێ گەیاند کە خوا یارمەتیمان بدا، نامانەوێ کەس پێمان بزانێ و بە کەس بگەین، یا یەکێك بزانێ ئێمەی دیوە، گەر یەکێکیش پرسیاری ئێمەی کرد، بڵێ من هیچ لەو بارەیەوە نازانم و کەسیشم نەدیوە. ئاوا چووینە قووڵایی ئەشکەوتەکەوە، زۆر ڕێچکەی تێدا بوو. لەو ماوەیەدا پیرێژنەکە چووە شوێنێکی تر، ڕوانیی بزانێ کێ دێ یا چی ڕوو دەدا. لە تاریکیی ئەشکەوتەکەدا گوێمان گرتبوو، کەمیش هەناسەمان دەدا، بەڵام گوێمان لە دەنگی دڵمان بوو، بە خێرایی لێی دەدا، چەند چرکەیەك پاشان چەند خولەکێك تێپەڕی.

لەپڕ گوێمان لە سەگوەڕ بوو لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا، دەنگی ناڵی ئەسپ و دەنگی زەلامی تووڕە دەبیسترا، هاواریان دەکرد، ئێمە نەماندەتوانی بزانین ئەم هاوارو جنێودانە چ مانایەکیان هەیە. ئەم ساتە ناهەموارە ئاوا درێژەی دەکێشا، تا زیاتر گوێمان لە جنێو و هاوار دەبوو، ئێستە لەناو دەنگەکاندا گوێمان لە دەنگی پیرێژنەکەیە سکاڵای دەکرد و جنێوی دەدا، ئایا خەبەرمان لێ دەدا؟ نەمدەتوانی وشەیەك تێ بگەم. دڵم وەك ماتۆڕێك بەپەلە لەناو سنگمدا لێی دەدا. دەبێ ئەسپەکانیان دۆزیبێتەوە؟ – ساردییەك

www.zheen.org

بە پشتمدا هات. – گەر ئەو پیاوخراپە (عەلی) بێ؟ دەستم خستە سەر دڵم، زۆر خێرا لێی دەدا، لەپڕ هاوارو قیڕە کەم بووەوە. گوێم لە دەنگی پێی زەلام بوو، بەرەو ئەشکەوتە تاریکەکە دەهات. یەکێك نزیکمان بوو. شێوەی تارماییی ئەوم لەخوار خۆمانەوە دەبینی. لە یەکێك لە درزەکانی ئەشکەوتەکەدا بووین، زۆر بەرز بوو. ئایا ئەمە دەعبایە دەیەوێ بمانخوا یا زەلامە؟ پاشان سێبەرەکەی گەڕایەوە و ون بوو.

زۆر بەبێ دەنگی لەناو حەشارگەکەماندا مابووینەوە، وتم چەند باشە کە ئێرە شەمچەی لێ نییە. ئاوا بیرم دەکردەوە، وەختمان لێ نەدەڕۆیشت. لەپڕ گوێمان لە دەنگی پیرێژنەکە بوو، هاواری دەکرد، ئایا مەترسیەکە تەواو بوو؟ یا ئێمە دەخاتە ناو چاڵێك؟ هەرچی دەبێ بابێ، بەرەو لای ئەو چووین.

کاتێ گەیشتینە بەردەمی، خۆی بەسەر قاچماندا دا و دەستی ماچ کردین، دەم و نێوچەوانی پێدا دەخشاند و لە ژێرەوەش دوعای خێری دەکرد.

پرسیم ئەوانەی وا هاتبوون، کێ بوون؟ ئایا ڕۆیشتن؟ من ئێستا زانیم –وەك بیری لێ بکەمەوە، دەبوو ئەمڕۆ ناخۆشترین شت چاوەڕێی بکردینایە. ئەوان چەند پیاوێکی عەلی بەگ بوون، ئەو پیاوە جەردەیە– کاریان ئەوە بوو دوو پیاوی هەڵاتوو بدۆزنەوە و بیانگرن. هەموو شوێنەکانیان بەدوادا گەڕاون تا بیاندۆزنەوە. بەڵام ئەم پیرێژنە پێی وتوون و سوێندی خواردووە هیچ شتێك نازانێ و کەسیشی نەدیوە، بۆ ئەوەی ئارام بن و دڵنیایان بکاتەوە بەڵێنی پێ داون گەر یەکێك لەم ناوە ببینێ ئاگاداریان دەکاتەوە.

هەناسەدانمان هێور بووەوە، ئەمە تەنیا بەختێك بوو، ئەوان لەم داپیرەیەیان نەپرسیبوو لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن، لەوانەیە وەك کوردێك بەرامبەر بە نەتەوەکەی خۆی بە شێوەیەکی تر بیری لێ بکردایەتەوەو و ئێمەی ئاشکرا بکردایە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەهۆی ئەو خزمەتەی وا وەك دایكێك كردی، زۆر بە خێرایی هاتینەوە سەر خۆمان، كاتێك لە خزمەتیدا هەستمان كرد بەهێز بووینەتەوە و دەبێ چاوەڕێ نەكەین و بڕۆین، لەم ناوچە مەترسیدارە دەربچین.

ئەستێرەكان لە مانگەشەوێكی ڕۆشندا لە ئاسماندا دەدرەوشانەوە، چووین و ئەسپەكانمان هێنا، دیمان بەخۆشییەوە سەرمەستی لەوەڕ بوون. ئەم هاوڕێ بڕواپێكراوانەمان بردەوە بۆ شوێنێكی دڵنیای نادیار.

ئەمە پاش چەند ڕۆژێك كە پیاوەكانی عەلی سەریان لە ئەشكەوتەكە دا. ئەم داپیرە خزمەتكارە لەڕاستیدا دەستی بەسەردا گرتبووین (واتا بەرگرییەكی زۆری كردبوو لەوەی كە كەس لەم ناوە نییە)و ئەو پیاوانەش كە بەدواماندا دەگەڕان، هەر لەم ناوەن، بێ ئەوەی هیچ سەرەداوێكی ئێمە بدۆزنەوە. دەبێ ماڵئاوایی بكەین، پاش ئەوەی لاڕێیەكی نهێنیی بۆ دیاری كردین تا بەرەو سلێمانی بڕۆین، دەبوو زۆر سوپاسی ئەم داپیرە دڵ و دەروون پاك و ڕەوشت بەرزە كە دەستەكانی چرچ بووبوون، بكەین، ئێمەی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەم ئەشكەوتەدا خزمەت كرد. ئێستا دەبێ جارێكی تر لەم جیهانە نامۆیە (كێوییە) دەربچین تا لەناو شارستانێتیدا بتوانین كەمێك هۆشمان بە خۆمان بێتەوە.

سەرلەبەیانی زوو سواری ئەسپە كوردییە دڵنیاكەرەوەكانمان بووین و بەخێرایی و زۆر بە ئاگادارییەوە بەڕێی دیاریكراودا غارمان كرد، لەگەڵ ئەوەشدا یادی ئەوەمان دەكردەوە، ئەگەر ڕزگارمان بێ، دەبێ ئەم مەترسییەمان بەلاوە چۆن بێ و گەر بگەینە جێیەك چەند وێنەیەكی جوان دەبێ، گەر بگەڕێینەوە باوەشی شارستانێتی و لەسەر تەخت پاڵ بكەوین و خەوێكی ساردوسڕ بخەوین. هەروەك لە ژیاندا لەوەڕگا هەیە و جەنگەڵ،

www.zheen.org

ئاواش لە کولتووری تردا جەنگەڵێکی ڕۆمانسیی هێشتا مکیاجنەکراو لەم سروشتەیدا هەیە، هەریەکە جوانیی خۆی هەیە.

ئەم ڕێیەی کە داپیرە ژیرەکە (پەرییە ڕزگارکەرەکە) پێی نیشان دابووین، نەدەبوو ونی بکەین. زۆر بەباشی حیسابمان بۆ کرد و نەدەبوو جارێکی تر بکەوینەوە شەو، دەبوو لەم شوێنە مەترسیدارە بچینە دەرێ، بە دڵێکی خۆشەوە غار بدەین بەرەو شارستانێتی، هەستمان دەکرد لە شوێنێکی زۆر باشەوە دەڕۆین و دڵنیاین. بەڵام وادیار بوو زۆر خۆشحاڵین.

سەعات سێی پاشنیوەڕۆ بوو، شاخێکمان لەبەردەمدا مابوو، دەبوو ئەویشمان ببڕیایە. بە ئاگادارییەوە بەم شاخەدا غارمان دەدا، بەئاگا بووین و دەمانتوانی بوو زۆر بەئاگاو وریایی یەوە بڕۆین، بەڵام تا ئەوکاتە پێنج خولەك نەبوو غارمان دەدا، لە خۆمەوە مەترسیم لیٚ نیشت و زۆر دوودڵ بووم و دەترسام، ئەسپەکەم ڕاگرت و گوێم هەڵخست. لە دوورەوە تا نزیك هیچ شتێك نەدەبیسترا و نەدەبینرا، پاشان بە زێپم وت: هەستێکی وام لە مێشکدایە و سەیری ڕێگایەکی ترمان کرد- بەڵیٚ تەنیا ئەم ڕێیەی پێشمانەوە هەیە، پێیدا تێپەڕ بین. کەمێك خۆم لەو دڵتەنگییە ڕزگارکرد و زۆر بە پارێزەوە غارمان دا بەرەو ڕێگەی دیاریکراو.

تازە گەیشتبووینە لوتکەی شاخەکە- هەستەکانم درۆم لەگەڵدا ناکەن- گوللەیەك لە تەنیشتمانەوە کەوت، پاش ئەو چەند گوللەیەکی تر، هەروەك برووسکە دەمانچەکەمم هەڵکێشا، خۆمم نووساند بە ملی ئەسپەکەمەوە و بەخێرایی یەکی زۆر تاوم دا، زێپیش هەروا لەتەنیشتی منەوە، لە پشتمانەوە هێشتا دوورن و بەدوامانەوەن. ئێستا ڕێی چیاکە بەلای چەپدا لادەدا، دەبینم چۆن هێشتا سوارێك ڕێگەکەی لیٚ گرتووین و تفەنگەکەی لەسەرپێیە بۆمان، پێش ئەوەی تفەنگەکەی بتەقێنیٚ، من ئەسپەکەیم پێکاو کەوتە ژێر خۆی و

فیشەکەکەی بەر ئێمە نەکەوت. ئەمە هەمووی بەخێراییی برووسکە بوو. ئاوا مرۆڤ لە تەنگانەدا شتی سەیر ئەنجام دەدا. –ئێمە چەند چرکەیەك دەبوو بە نزمی و بەغارەوە بەلای ئەسپە کوژراوەکەدا هەڵدەهاتین، زانیم زەلامێکی چاوبزی داخ لەدڵ تەماشای ئێمەی دەکرد، یەکێك بوو لە پیاوەکانی خانەخویٚ خۆشەویستەکەمان، عەلی بەگی پیاوکوژی سەرکردەی دزەکان.

بەخێرایی یەك تاومان دەدا مرۆڤ ناتوانیٚ باسی بکات، لە شاخەکە سەرەوخوار بووینەوە، دەستم لە لەغاوەکە بەردابوو، خۆم بە قەڵپۆزی زینەکەوە گرتبوو و سنگم لەسەر ملی ئەسپەکەم بوو کە هەڵمی لیٚ هەڵدەسا. لە دوامانەوە نزیکمان دەبوونەوە، ئەوانەی وا بەدوامانەوە بوون، لەوکاتەدا چەند گوللەیەکیان بە مەبەستی کوشتن پێوە ناین. مرۆڤ لەکاتی ئاساییدا ناتوانیٚ بەو خێرایییە بە غار لە شاخێکی وا بێتە خوارەوە. بەڵام چار چییە؟ گەر مرۆڤ لەسەر مان و مردن بیٚ؟ – بەختەوەرانە گەیشتینە دۆڵێکی تەخت و ئێستا دەتوانین بە ئازادی غار بدەین.

## ئێمە ڕزگار بووین

تەنها چارەکێك لەسەر ئەسپە زیرەکەکانمان دابەزین، تا شتێك بۆ خۆیان پەیدا بکەن، پاشان گەیشتینە نزیکی سلێمانی. ئارەقێکی زۆرمان کردبووەوە، ئەسپەکانمان ڕاگرت و دابەزینە خوارەوە. خوێن گورج بە دەمارەکانماندا دەڕۆی –ورتەمان دەهات: "گەورەم"، ئەی خوای گەورە، ئێمە سوپاسگوزاری تۆین! گەر تۆ ئەو دەستی پارێزگارییەت بەسەر ئێمەدا بڵاو نەبوایە، ئێستا نەمابووین!!

بە خێرایی جلە کوردیەکانمان داکەند و لە زینەکانمان بەست، دەستمان بە ملی ئەسپەکاندا دا و زۆر سوپاسمان کردن و وازمان لیٚ هێنان بۆ خۆیان بڕۆن – بۆ ئەو چیاو جەنگەڵانە و بگەڕێنەوە بۆ لای خاوەنەکانیان.

www.zkeen.org

بەختەوەرانە گەڕاینەوە بۆ ئەو هوتێلەی کە جێمان هێشتبوو، دەبوو هیچی ئەم بەسەرهاتە لای بەڕێوەبەرایەتی و لێپرسراوان نەدرکێنین، لەوانەیە ئاگادار ببنەوە و ئێمە سنووورداش بکەنەوە، هەروەها هەموو ماندووبوون و مەترسییەکی مردنمان بەبا بچێ.

سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشیانە، ئەو کارەساتانە، ئەو مەبەستەمان نییە ئەم جەنگەڵەی کوردستان بۆ هەمیشە لەبیر بچێتەوە و پشتی لێ هەڵکەین. بەپێچەوانەوە –ئێستا بە ڕاستی دەمانەوێ زیاتر لێیان تێ بگەین و بیانناسین، لەبەر ئەوە دوو ڕۆژ دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ بەغدا.

## لای پاشای کوردان

ڕۆژگار ڕۆی، ئێمە بێهیوا بووین، وا دەر دەکەوت دەرگاکان بە ڕوومان‌دا داخرابن، بۆ ئەنجامدانی ئەو پلانەی کە دامان‌نابوو تا لە ناوچە شاخاوییە کوردنشینەکاندا بە ئامانجی خۆمان بگەین، (ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوامان) تەی کرد بۆ ئەوەی ئەم ناوچە داخراوە کە حەوت جار مۆر کراوە، ببینین. پرسیارمان لە هەموو جێگە ڕەسمییەکان و پیاوماقووڵانی لای فارس و تورك و هیندستان و هیی تریش کرد. وەڵامێکی بێهیوامان لەلایەن هەموویانەوە درایەوە، ئەم شتە کە بەپێی ئەزموون و بۆچوونی ئەوان ناکرێ و مەحالە بتوانین بچینە ناو ئەو جەنگەڵە بێشارستانێتییەی ئەم ناوچەیە، بە زیندوویی بگەڕێینەوە، چونکە کوردەکان ئێستاش هەروەك کۆن دزو پیاوکوژێکی زۆر ترسناکن. ئەمانیش زۆر درۆ ناکەن، چونکە لەم بارەیەوە تاقیمان کردنەوە.

جارێکی تر پەنامان بۆ فاتمە، کچە عەرەبەکە، بردەوە، بەڵکوو بتوانێ دەرگایەکمان بۆ ئەم ناوچەیە لێ بکاتەوە، بەڵام فاتمە چکۆل هیچی پێ ناکرێ و ئاگای لەم شتانە نییە، ڕۆژی لەدایکبوونی نزیکە، دەمانویست، بۆ ئەوەی

www.zheen.org

سوپاسی ئەو چەند سەعاتە میوانداریيەی بکەین بە چەپکێك گوڵ پاداشتی بدەینەوە. هەموو باخچەکانی بەغدا گەڕاین، وەك لای ئێمە گوڵفرۆش نەبوو، ئێمە هیچمان دەست نەکەوت تا جوانترین گوڵەباخی پێشکەش بکەین.

دوا هیوامان بەردەمی گەڕەکی (باب المعظم) بوو، بەڵکوو لەوێ شتێك دەست بکەوێ. لەوێش بێهیوا بووین. پاش هیوابڕان بۆ دەستکەوتنی چەپکێ گوڵەباخ، ویستمان بگەڕێینەوە.

کاتێك "زێپ" لەگەڵ ئیبراهیمی خزمەتکارماندا باسی ئەو مەترسییەی دەکرد کە دەمانەوێ جارێکی تر گەشتی کوردستان بکەین، ئەو کاتە کۆشکێکی جوانی پڕ لە گوڵ سەرنجی ڕاکێشام. چۆن بتوانین چەند گوڵەباخێکمان دەست بکەوێ؟

ئیبراهیم ترسا و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، دەیویست بە زوویی دوور بکەوینەوە لەو کۆشکە، و بە چپە پێی وتین: ((هەرگیز نابێ و ناکرێ، ئەمە پیاوماقوولێکی زۆر تووڕەو بەسامە!))

((لیش هذا؟)) (لەبەر چی؟) دووبارەم کردەوە، ((ئێمە حەز دەکەین لەگەڵ پیاوی بەرزدا قسە بکەین؟ بەتایبەتی گەر بە تووڕەیی و سامناکی بەناوبانگ بێ. پێم بڵێ ئەم پیاوە گەورەیە کێیە؟)) هەرچۆنێك بوو بە ترسەوە وەڵامی دایەوە و وتی: ((ئەوە شێخ مەحموودە، پاشای کوردان!))

ئەم وتانە لای ئێمە وەك تەقینەوەی بۆمب وابوو، مانا و سەرنجێکی زۆر کەوتنە نێوان زێپ و من، ((مایخالف)) قەیناکە، مەترسە، ئێمە دەچینە لای ئەو. بە پێکەنینەوە دووبارەم کردەوە بۆ یاوەرە شارەزاکەمان. ئیبراهیم دەیزانی دەمانەوێ چی بکەین و سڵ لە هیچ ناکەینەوە، خۆمان دەمانەوێ بەو ئەنجامە بگەین، ئەویش ناچار لەگەڵماندا هات.

www.zheen.org

خزمەتکارێکی کورد کە پیاوێکی کەڵەگەتی بەخۆوە بوو، بەخێرهاتنی کردین. ئێمەش کارتی ناسراوی خۆمان دایێ و پێمان وت دەمانەوێ پاشا ببینین. ئەو جلوبەرگە مەیلەو ڕەشە و ئەو مشکییە ڕەشە، ئەو وێنە نامۆیانەی بەیاد هێنایینەوە کە خۆم دیمن و خەریك بوو لای عەلی بەگ لە کوردستان سەرمان تێدا بچێ.

خزمەتکارەکە گەڕایەوە لامان و ئێمەی بردە ژووری میوانی پاشا، لەوێ لەسەر قەنەفەی تازە دانیشتین. خزمەتکارێك بەخێرایی باشترین جگەرەی پێشکەش کردین، یەکێکی تر قاوەی عەرەبی، سێهەم قاوەی تورکی، پاشان چا هات و چا هات... بەدەم قسەوە سێیەم چاشمان نۆش کرد. لەپڕ خزمەتکارێك دەرگای کردەوە، (بە کڕنووشەوە) خۆی دانەواندەوە. ئێمەش خێرا هەستاینە سەر پێ، پاشا بە هێواشی و لەسەرخۆ بە چەند هەنگاوێکی ڕێكوپێك هاتە ژوورەوە دەستێکی بەرز کردەوە بۆ(سلاّوکردن) ((اهلا و سهلاً))! (بەخێر بێن)، ماڵ ماڵی خۆتانە ((تفضل)) (بفەرموون). ئێمەش دانیشتینەوە، ئەویش هێواش هێواش بەرامبەرمان دانیشت، دەستێکی بە لاچاوانیدا هێنا، واتە جارێکی تریش بەخێر بێن. ئێمەش بە دەست نانە سەر دڵمان سوپاسمان کرد.

ئێستە هەموو میوانداریییەکی ئوسووڵیمان تەواو کرد کە دەبێ بۆ دۆست یا دوژمن بکرێ. خانەخوێ پرسیار دەکا: ئایا میوانەکان ((چۆنن)) هیچیان خواردووەتەوە؟ ئێستا دەتوانن چییان دەوێ بیلێن، هۆی هاتنیان بدرکێنن. لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبیمان بە تەواوی نەدەزانی، داوامان کرد ئیبراهیم ببێتە وەرگێڕ لە نێوانماندا، تا هەموو ئاواتەکانمان بێتە دی و لە وتە خۆشەکانی شێخ مەحموود تێ بگەین.

زانیی ئێمه دوو گەڕیدەی نووسەری ئەڵمانین، هاتووین ئەو شوێنە خۆشە سەرسوڕهێنەی کوردستان بناسین. ئێمه بە دڵنیاییەوە تائێستا هیچ شتێکی باشمان لەم بارەیەوە نەخوێندووەتەوە و نەزانیوە. لەگەڵ ئەمەشدا باس کراوە کە خەڵکی ئەوێ دزو جەردەو پیاوکوژن. مرۆڤ دەبێ بە سەردانێکی ناوەوەی ئەو وڵاتە ململانێ لەگەڵ مردندا بکا، بەڵام ئێمە ناتوانین بڕوا بەمە بکەین، بەڵکوو بە تاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە کە کورد نەوەی ئارین، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە شارستانێتی دوورن و لە ژیانێکی پڕمەترسی و زۆر دژواردا دەژین، کەچی زۆر مرۆڤێکی باشن، ئەگەر بێو بزانن مرۆڤ وەك دۆست لێیان نزیك دەبێتەوە. بە خوا حەزمان دەکرد ڕووی ڕاستی ئەم مرۆڤە باشانەمان بناسیایە.

پاشان ئیبراهیم درێژەی بە قسەکانی داو وتی: ئەمان دەیانەوێ پاش گەڕانەوەیان کتێبێك لەبارەی ئەم مرۆڤە ژیرو ئازایانەوە، بەتایبەتی لەسەر پاشا خۆی بنووسن، تا لەوڕێیەوە ڕاستی لەسەر خەڵکی ئەوێ و ئەو ناوچەیە ئاشکرا بێ، وەك ئەوەی خەڵکەکە لەڕاستیدا چۆنن، نەك وەك ئەو خراپی و دزی و جەردەیی و پیاو کوژییە زۆرە کە لە بارەیانەوە بڵاو بووەتەوە.

ئەم پیاوە. ماقووڵە بە ڕێزەوە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، بێ ئەوەی چاوێکمان لێ بتروکێنێ، نزیکەی دوو سەعات قسەی بۆ کردین، ئێمەش زۆر بەتاسەوە گوێمان لێ گرتبوو و سەرنجی ڕاکێشابووین.

پێش ئەوەی هۆی سەردانەکەمان دیاری بکەین، داوامان لە شێخ کرد لەو ڕووەوە قسە بکەین. حەزی دەکرد لە توانایی و هێزی نەتەوەکەی کە شانازیی پێوە دەکرد، بدوێ.

لەڕاستیدا حەزی دەکرد چی لە ناخیدا بوو، بۆ ئێمەی دەربڕێ، ئێمەش زۆر بە شەوق و سەرسوڕمانەوە تەماشای چاویمان دەکرد. پاشان شتێکی زۆر

www.zheen.org

**سەیر ڕووی دا، پاشا زۆر لە قسەکانیدا گۆڕا و لەگەڵماندا گەرم و گەرمتر بوو، لە کۆتاییدا وەها گۆڕا تا وەك یەکێکی خۆشەویست کەوتە قسە لەبارەی گەلە چەوساوە ئازادیخوازەکەی و سروشت و جوانیی وڵاتەکەیەوە.**

**بەم شێوەیە گوێمان گرت لە هەموو مێژووی کورد، چۆن جاران وەك خێڵێکی بچووکی هەزار ساڵە لێرە بوون. کوردەکان وا دەزانن بێ‌سێ‌ودوو لە نەوەی نووحن، لە هەموو دارستانە شاخاوییەکاندا، بەهۆی سروشتی سەختی ڕکێف‌نەکراوی ناوچەکەیانەوە ڕەوەند بوون و ئێستا هەندێکیان لە شارو گوندی بچووکدا نیشتەجێن. نزیکەی شەست هەزار شەڕکەریان هەیە. ئەمانە تەنیا بەشێکی کەمی (بچووکی) کوردن، کۆی هەموویان ئەمڕۆ لە چوار ملیۆن و نیو زیاترە، بەسەر کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە، پاشا وتی: سەردەمانێك کوردستان یەکپارچە بووە. بەڵام دوایی گەورەترین بەشی ئەم وڵاتە لەڕێی نەتەوە داگیرکەرەکانەوە سزا درا، ئەوان بە تازەترین چەکەوە هاتن و بەش بەش و لەت‌وپەتیان کردین. گەورەترین بەشی کوردستان درا بە تورکیا، کە بە ویلایەتەکانی دیاربەکر، بەدلیس، مەعمورەت ئەلعەزیز (معمورة العزین)[*] و بەشێك لە ئەرزڕوم دەناسرێ. بەشێکی خوارووی کوردستان بوو بە بەشێك لە سووریا کە لە سایەی سەرۆکایەتیی فەڕەنسادایە و بەشێکی کەوتە دەستی ئینگلیز کە عێراقە و ڕۆژهەڵاتیش درایە دەستی ئێران. چەند شوێنێکی دووریش لەنێوان وڵاتانی قەوقازو ئازەربایجاندا لە لێوارەکانی باکووری کوردستان دەژین.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ئێمە سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دوچاری جەنگێکی دژوار بووین. ئەوان دەیانویست ئەو پارچەیەی نیشتمانەکەمان بەتەواوی بخەنە**

---

[*] **معمورة العزیز لە تورکیای عوسمانی ولایەتی ئەرزڕۆمە. (فیرۆز)**

سەر عیراق، چاویان بڕیبووە ئاڵتوونی ئەم نیشتمانە ((ئەو نەوتەڵانە گەورەیەی کەرکووك)) تا ببنە خاوەنی. شێخ خۆی لە پێشەوەی پیاوە قارەمانەکاندا دژی زۆردارانی ئینگلیز و عەرەب لە پانتایی دۆڵ و نشێوی نێوان کەرکووك و سلێمانیدا کە ناوەندی ناوچەکەیە، جەنگاوە و دوژمنان زۆر زیانیان لێ کەوتووە. ئەو خۆی بە هیچ جۆرێك نەبەزیوە و جەنگی کردووە تا دوا جەنگاوەر. بەڵام ئینگلیزەکان داوای دانوستانیان (المفاوضات) لێ کردووە، کە خۆی و سەرکردەکانی بڕێکی زۆر پارەیان بدەنێ، بە مەرجێك واز لە دوژمنایەتیی ئینگلیز و عیراق بهێنێ و خۆی بچێتە بەغدا دانیشێ وحوکمەتە عەرەبییەکان پۆلیس و سەرباز بنێرن بۆ سلێمانی.

ئەو، بە ڕازیبوونی بەم پەیمانی ئاشتییە، تەنیا یەك ئاواتی لە دڵدا بوو، ئەویش سەربەستی و ئازادیی گەلەکەی بوو. شێخ ئەم پەیمانەی پەسند کرد، تا جەنگاوەرەکانی مۆڵەتیان هەبێ جارێکی تر خۆیان باشتر ڕێك بخەنەوە و کەمتر زیانیان لێ بکەوێ. جەنگاوەرەکان گەڕانەوە بۆ دێهاتەکانیان لە قووڵاییی شاخەکاندا، – وەك ئەو فەرمووی. جیهانی دەرەوە دەستیان ناگاتە ئەو شوێنانە. لەوێش سەرقاڵی ڕاوی خۆیان بوون و زەخیرەو چەکێکی زۆریان هەبوو، لە شەڕەکاندا دەستیان بەسەردا گرتبوو.

عەرەبی ئەم وڵاتەی عیراق پۆلیسێکی زۆریان هێنا، لەگەڵ چەند یەکەیەکی جموجووڵکەری عەسکەریدا، لە ڕێی ناوچە شاخاویەکاندا دایاننان، ئەمەش بۆ کورد شتێکی نابەجێ بوو. ئەوان هیچ متمانەیەکیان لای دانیشتوانی ناوچەکە نەبوو و نەیاندەتوانی بچنە ناویان، دانانی بنکەیەکی پۆلیس و سەربازی بێکەڵکە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە ئەوان خاڵی پشکنین و سەربازگەیان لێ داناون، زۆر شاخی بەرزیان تێدا نییە، جگە

لەوەی وا ڕێڕەوی باشیان نییە. دەتوانرێ تەنیا بە چەند چەکدارێکی کورد پارێزگاریی ئەو شوێنە بکرێ. دەبێ ئەم گەلە ئاوا بە ئازادی و بێ گاڵتەپێکردن بژین.

لەکاتێکدا دەبێ عەرەبی عیراق بڕێکی زۆر پارە بدەنە سەرۆکی کوردان و دەبێ سەرەنجام واز لەو هەموو ئامادەیی یە عەسکەریە بێسوودەی سەر سنووری کوردستان بهێنن، چونکە ئەو سێیەم لایەنە کە پێدەکەنێ تەنیا ئینگلیزە. عەرەبەکان کودەتایەکی خێرایان پاش داگیرکردنی عێراق بەسەر کورددا، کە لە سایەی فەرماندەییی ئینگلیزەکاندا دەجەنگین و دەکوژران، کرد. بەڵام ئینگلیزەکان بە مەبەستی خۆیان گەیشتن، ئەوان ئەو نەوتەڵانە گەورەیەیان داگیر کرد. بە درێژیی دوو هەزار کیلۆمەتر بۆریی نەوتیان دامەزراند تا گەیشتە (حەیفا) و لەوێوە دەریای ناوەڕاست. سەرەڕای ئەوە لوولەیەکی تر بەتەنیشتی ئەودا درێژ کرایەوە، تا بگاتە کەناڵی سوێس. ئینگلیزەکان بەم شێوەیە دەتوانن ئەم نەوتە، بە نرخێکی کەم و کرێکارێکی کەم بە پارێزگاریی پاسەوانی تایبەت، لە ڕێی دەریاوە بگەیێننە وڵاتی خۆیان، یاخود بینێرنە هیندستان. جگە لەوە، چەند شتێکی کەم دەگێڕنەوە بۆ ئیدارەی عیراق کە زۆربەی بۆ خەرجیی عەسکەرییە. بەو پێیە، عەرەبەکان تەماعیان لەوەدایە نەوتەڵانەکان لە چنگی کوردەکان دەر بهێنن و لە پارەی بەرهەمەکەشی پارە بدەن بە سەرانی کوردان.

وادیارە ئەم گاڵتەجاڕییە ئێستا زۆر بەگران لەسەر عەرەبی عیراق دەکەوێ و مەترسیدارە. مرۆڤ بیر دەکاتەوە چۆن لەم ڕێیە بنبەستە قوتار ببێ. بە هۆی زۆریی کوردانەوە، دەبێ بەشێکی پۆلیسی کورد لە جێگای ئەو پۆلیسە عەرەبانە کە لە بەرزاییەکانی سنووردان، دابنرێ و متمانەیان پێ بکرێ و دەبێ عیراق مووچەیان بداتێ، شا خۆی "شێخ مەحموود" تائێستا

www.zheen.org

ژیانێکی ئاسایی لە بەغدا دەباتە سەر، لەوێوە سەرپەرشتیی وڵاتەکەی دەکا. شێخ وتی ((ڕێیان داوە بگەڕێینەوە ناو نیشتمانەکەمان، بەو مەرجەی کە ئیتر هیچ شتێك نەکەین دژی عەرەب)). پاشا زۆر چاوەڕێی کرد و بێئەنجام بوو، لەبەر ئەوە ناچار بوو ئەم پەیمانە قبووڵ نەکا.

دەیتوانی تەنیا کەمێك چاوەڕوان بێ، چ بەڵێنێك درابوو، بەجێ بهێنرێ، یا بەغدا بەجێ بهێڵێ. عیراق وڵاتێکی وا دەوڵەمەند نییە تا ئەو شتانەی وا بەڵێنیان دابوو، لە ماوەیەکی دووردا جێبەجێی بکەن. شێخ مەحموود لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێ: ((جا ئەو کاتەی شۆڕش دەست پێ دەکەینەوە، هەموو مەردان و خۆبەختکەران لێمان کۆ دەبنەوە و شەڕێکی گەورە دژی دوژمنانمان دەکەین)). پاشان دەستی بە قسە کردەوەو وتی ((گەلەکەم لەدەست فارس و تورك و ڕووس و عیراق ئازاد دەبێ)).

پاشا بەرامبەرمان دانیشتبوو، چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری، لەڕاستیدا وێنەی کوردێك بوو، کە ئەو پرسیی: ((جا چوار ملیۆن و نیو کورد جارێکی دی گەورە دەبنەوە، کوردستانێکی ئازاد دروست دەکەن!)).

چەند سەعاتێك تێپەڕ بوو، بەڵام ئێمە لەبەر قسە بەپێزو سەرنجڕاکێشەکانی شێخ هیچ هەستمان بە کاتەکە نەکرد. پاش ئەوەی هیواو ئاواتەکانیی بە قسەکانی خۆی وێنا کرد و چی لە خەیاڵیدا بوو دەریخست، پاڵی بە قەنەفەکەوە دایەوە، وەك ئەوەی لە شوێنێکی بەرز و زۆر جوان و جیهانێکی دیدا بێ، کاتێك سەیری سەعاتم کرد، ئاخ – ئەوە سەعات نۆیە، ئێمە پێنج سەعاتە پێکەوە دانیشتووین، کاتێکی چاوەڕواننەکراوە، تائێستا ئەوەی وا دەمانەوێ، پێی نەگەیشتووین.

خزمەتکارەکان خواردنی ئێوارەیان بۆ هێناین،، ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ ئەو بەڕێزە خانەخوێیەدا خواردمان بەڕاستی پاشایانە بوو، ئێمە نائارام بووین، بە

هێواشی هەستم پێ کرد کە ئێمە چەندە ڕێزلێگیراوین و ئاوا ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکا. عەرزم کرد، تەنیا لەڕێی پەیداکردنی گوڵەباخەوە ڕێمان کەوتە ئێرە. هەروەها ئێمە زۆر بە تاسەوەین بۆ زانیاری لەبارەی کوردەوە، نەك هەر لەبەر ئەوەی ئێوە ئارین، ئێمە دەزانین کورد جەرمانین *، وایان پێ دەڵێن. لەبەر ئەوەی ئێمەش جەرمانین، حەز دەکەین ئەم جەرمانیانە بەچاوی خۆمان ببینین، جۆری ژیان و نەریت و خووڕەووشتیان بزانین. ئێمەش زۆر بەداخین بۆ بێبەختیی کوردان و بەختمان وەك ئێوە وا بوو، بەڵام سەرۆکمان ** هات و ئێمەی لە فەوتان ڕزگار کرد. بەڵام ئێمەشی ناتوانا کرد، کە ڕاستییەك لەبارەی کوردستانەوە بنووسین. گەر ئێمە بە چاوی خۆمان نەماندیایە و لەگەڵیان نەژیابایەن، بەتەنیا چوونە ناوەوەی کوردستان زۆر مەترسی دەبوو بۆ ژیان، وێنەی "عەلی بەگ"م لە خەیاڵدا دەهاتەوە بەر چاو. لەوانەیە ئەوان ئێمەیان بە ئینگلیز زانیبێ کە بووە هۆی ئەو هەموو خراپەکردنە لەگەڵماندا، بۆیە ئێمە داوای یارمەتیمان لە پاشا کرد، بۆ ئەوەی بە ئامانجمان بگەین و لەوانەشە بۆ ئەویش مایەی دڵخۆشی بێ.

لەجیاتیی وەڵام، پاشا لە ڕێی چاوترووکانێکی سەرسامەوە زانیی ئێمە چیمان دەوێ، ئێستا ئەو دەتوانێ وەڵامێکی ڕاستەوخۆمان پێ بدا بە بەڵێ یان نا، پاش دە دەقیقە بێدەنگی ئیشارەتی بۆ خزمەتکارێك کرد، بە زوویی ڕۆی و بە نێرگەلەیەکی فارسییەوە هاتەوە، بە کڕنووشەوە لەبەردەمی پاشادا داینا. شێخ مەحموود چەند خولەکێك بێدەنگ نێرگەلەی کێشا و پیشانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

* ئەم واتایە بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە هەوڵەکانی نووسەر بەتایبەتی مەبەستی گەشتەکەی بە بەشێك لە پلان و سیاسەتی ئەڵمانیای نازی بزانین بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتی بریتانیا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و عیراقیش بەتایبەتی. (فیرۆز)

** مەبەست لە ئەدۆلف هیتلەرە.

ئێمەی دەدا چۆن بیکێشین. لە ناکاو لوولەی نێرگەلەکەی لە دەمی لابرد و دەستی درێژ کرد و دایە دەستی من، منیش لێم وەر گرت. ئەم کاتە زۆر سەرم سوڕما لەم جۆرە نێرگەلە کێشانە کە لێم نەدەزانی. ئیبراهیم سەیرێکی کردم و فەرمووی لیٚ کردم، ئێستا من بە هێوری لەسەر قەنەفەکەم دانیشتووم و نێرگەلە دەکێشم.

تووتنی نێرگەلەی پاشا لە کوردستانەوە هاتبوو. من نەمدەزانی هۆی ئەم نێرگەلە پێشکەشکردنە چی بوو، لە ڕێی ئیبراهیمەوە پرسیارم لە پاشا کرد کە ئایا دەتوانم نێرگەلەکە بدەمەوە بە جەنابی، شێخ مەحموود ئاگاداری کردمەوە کە بیدەم بەوەی لەلامەوە دانیشتووە، "زێپ" ئەویش چەند ساتێك کێشای و پاشان دایەوە بە شێخ مەحموود، ئێستا هەست دەکەم ئەمە نێرگەلەی ئاشتی بوو، نێرگەلەکێشانی یەك لەدوای یەکی بەنۆرە بووە هۆی دروستبوونی دۆستایەتییەکی زۆر لەنێوان ئێمە و پاشادا. ئەمەش وەك مسۆگەر بووبیٚ وابوو. ڕازیبوون بە وەرگرتنی ئەو نێرگەلەیە زۆر ڕاست بوو، کاتێك پاشا خەریك بوو بە دەستی خۆی نامەیەکی کورتی دەنووسی بۆ کوڕەکەی "شێخ لەتیف" لە سلێمانی– شێخ لەتیف کە فەرمانڕەوای ئیدارەی هەموو ناوچەکەی لەجێی باوکی لە ژێردەستدا بوو. نامەکە زۆر کورت بوو، بەڵام زۆر مانادار بوو بۆ ئێمە، کە ئەم چەند دێرە بگەیێنینە کوڕەکەی –شێخ مەحموود نامەکەی دامیٚ. پاشان هەریەکەو وێنەیەکی خۆی پێشکەش کردین بە خەتی خۆی بە کوردی لێی نووسی، بە دەنگی بەرز وتی دۆستەکانم ئاغای میوللەر (Muller) هاگلایتور (ناسناوی Hagleituer بۆ ئاغای زێپ) کە هاتوونەتە لامان زانیاری لەسەر من و گەلەکەم بنووسن، ئەم وێنەیەی خۆمیان پێشکەش دەکەم، ئیمزاو ناوی "شێخ مەحموود". ئێمە خۆشحاڵ بووین بەم سەرکەوتنە، کە نازانین چۆن دەری ببڕین. ئەم سەردانە لە هەموو مەبەستێکمان گرنگتر بوو.

ئێستا هەموو دەرگاکانمان لێ کراوەتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە جەنگەڵی ناشارستانیی کوردستاندا، بەرێزەوە و زۆر لەدڵەوە سوپاسی پاشامان کردو و ماڵئاواییمان لێ کرد. پێشنیاری کرد پێش ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئەڵمانیا، سەرێکی لێ بدەین، بۆ ئەوەی بزانێ سەرنج و بۆچوونەکانمان لەسەر ئەوێ چۆنە و ئایا هیچ شتێکمان بۆ کراوە یان نا!؟

سواری ئوتومبیلە جوانەکەی پاشا بووین، ئێمەی بۆ بەغدا بردەوە، ئەو خزمەتکارانەی کە لەگەڵماندا بوون، چەند شتێکی گرنگیان بۆ درکاندین، وتیان گەورەمان تائێستا هێندە و بەم شێوەیە ڕێزی لە میوانی نامۆ نەگرتووە. ئێوە هیچ دەرمانێکی خۆشەویستیتان (ڕێزگرتن) پێ بووە وا کاری لێ کردوە؟ دەبێ ئێمە پێ بکەنین! خزمەتکارەکە دیسان وتی: بەڵێ ئێوە (ئەڵمانین)، ئێوە لەوانی تر ڕاستگۆترن. زۆر بە سەرسوڕمانەوە ئەمەی دەگوت. لەو ڕێیە ئەو بە شان وباڵی سەرۆکەکەی و هیواو ئاواتەکانیدا هەڵی دەدا، ئەوی ئێمە خۆمان دەتوانین لای کوردەکان بیسەلمێنین و (بە دڵنیاییەوە بیڵێین)، ئەوی سەرنجی ڕاکێشاین ئەوە بوو کە: شێخ لەلای کوردەکان واتاو چەمکێکی تر و جیاواز لە ماناو واتای فەلەستین و میسرو بیاباننشینەکانی هەبوو، هەموو پیرێك لای عەرەبەکان پێی دەڵێن شێخ، ئەمە لە کوردستان بە تەواوی مانایەکی تر دەبەخشێ. گەر کوردێك ناونیشانی شێخ هەڵگرێ، دەبێ باب و باپیرانی لە نەوەی محەمەد بن تا وەك سەرۆکێکی جەنگاوەر بۆیان مابێتەوە. مرۆڤی تر ناتوانێ ئەم ناونیشانە هەڵگرێ یا وەری بگرێ.

بنکەی ژین
www.zhen.org

ئەم پاشا ئازاو جەنگاوەرە "شێخ مەحموود" نەوەی ئەو قارەمانانەیە -مرۆڤ هەستی دەکرد- ئەمرۆ خوێنی سەرۆکێکی بەهێزی تێدا دەجوولێ. کە گەیشتینە بەردەمی ئوتێلەکەمان (نوعمان)، شتێکی مایەی سەرسامی ڕووی دا -کاتێك دابەزین ماڵئاوایی لە یاوەرە کوردەکان بکەین، یەکێك لە

خزمەتکارەکان شتێکی لە ئوتومبیلەکە داگرت بە جاجمێك داپۆشرابوو، دایە دەستی من. کە سەیرم کرد کڕنووشێکی برد و سواری ئوتومبیلەکەیان بوونەوە و ڕۆیشتن- یەك چەپکی گەورە لە گوڵەباخی بۆنخۆش لە باوەشمدا بوو، دەبێ فاتمە بچکۆل چەند بەم چەپکە گوڵە خۆشحاڵ بێ، چۆنیەتیی بەدەستهێنانی ئەم چەپکە گوڵەمان بۆ گێڕایەوە، ئەویش زۆری پێ خۆش بوو کە ئێمە ئەم چەپکە گوڵە جوانەمان بەم شێوەیە پەیدا کردووە.

## وەك هاوڕێی پاشا

## لە وڵاتە داخراوەکەیدا

بۆ جاری دووەم لە ڕێی شەمەندەفەرەوە گەیشتینە کەرکووك. جارێکی تر پۆلیسی عەرەب جانتاکانیان پشکنی و دەبوو بەپێی یاسا لە نزیکترین پۆلیسخانە خۆمان ناونووس بکەین، تا ئێمەیان لێ ون نەبێ.

بەڵام ئەمجارە دەبێ زیاتر بێباك نەبین. ئێمە دەبوو یا دەمانویست ئەوان بخەڵەتێنین. ئەگەر ئەو پاسەوانانەی لەوێ بوون، بە ڤیزا و پلانەکانمان بزانن و ئیدارەمان لێ تێ بگەیێنن، ئەوا ڕێسەکەمان دەبێتەوە بە خوری، هەموو نەخشەکانمان بەتاڵ دەبێتەوە. جا کەوابوو ئەم جارە دەبێ زۆر بەنەرمی و ڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین. سواری هەر ئەو شەمەندەفەرە بووین کە لە بەغداوە بۆ ئێرەی هێناین. دەمانویست گەشتێك، کە بەدەستی خۆمان نەبوو، بە دەوری هەموو عێراقی ئەفسووناویدا بکەین، ئەوەمان بۆ نەکرا، چونکە چەند ڕێنماییەك هەبوو بەرهەڵستی دەکردین، نەیدەهێشت گەشتەکەمان بە ئەنجام بگەیێنین.

www.zheen.org

ئێمه دەمانزانی ئێستا خێراترین بڕیار چاوەڕێمان دەکا، پۆلیسەکانی پشکنین بەتایبەتی لەگەڵ ئێمەدا بێمتمانەن، لەبەر ئەوەی پێش چەند هەفتەیەك لەم ڕێیەوە تێپەڕ بووین.

لەسەرخۆ یەکی جگەرەیەکمان داگیرساند و بەشی پۆلیسەکانمان دا، شتەکانمانیان بردە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حەزمان دەکرد لە کەرکووك هەندێك لەو شوێنە بەناوبانگانە ببینین. لەم کاتەدا ورتەورتێك پەیدا بوو، وادیار بوو مەبەستیان لەو جگەرە زیوی و ئاڵتوونییە بیانییەی گیرفان بوو، دەیانویست بیکڕن.

ئێمە دەمانەوێ ئەمڕۆ بڕۆینە مووسڵ. تا بەیانی لەڕێی هەولێرەوە بگەینە ڕەواندوز و لەوێوە بۆ ئێران. زۆر بە دڵنیایی و بەبایەخەوە وتمان: دەمانەوێ سبەی ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵین، چونکە مۆڵەتی مانەوەمان تەنیا تا دوو بەیانی ماوە، بەختمان هەبوو کە ڤیزەی ئێرانمان هەبوو، بەڵام ئەو فەرمانبەرە زیرەکانە نەیاندەزانی دەبوو لە ڕێی کرماشانەوە بچینە ئێران، بۆ ئێمەش زۆر ئاسایی بوو کە مافی مانەوەمان لە عیراق تەواو دەبێ.

ئەم شێوە خۆنواندنە کارێکی وای کرد مۆڵەتمان بدەنێ بچینە ناو کەرکووك، بە خێرایی چووینە لای شۆفێرێکی تەکسی و مامەڵەمان لەسەر کرێی کرد، ڕێك نەکەوتین. ئەمە تەنها نواندنێکی بەردەم ئەوان بوو. شۆفێرێك لە زووەوە کە دوێنێ خزمەتکارەکانی شێخ مەحموود بۆ ئێمەیان گرتبوو، چاوەڕێی دەکردین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەگەڵ یەکەم شۆفێردا ڕێك نەکەوتین و تەنها مامەڵەمان بە دەنگێکی زۆر بەرز کرد تا هاتینە لای دووەم کە ناوی "ئەحمەد" بوو. پاش چەند شێوە ساتوسەودایەك، دەرکەوت ئەو ئێمە بە (١٠) دە فلس هەرزانتر دەگەیێنێ. بە خێرایی سواری ئوتومبیلەکە بووین، ئوتومبیلێکی چاك بوو. لە یەکێك لە

گەڕەکە بنبەستەکانی کەرکووك وەستاین، خۆمان دایە دەست پیاوی جێمتمانەی پاشا "عومەری حاجی یووسف".

لە ماوەی چەند خولەکێکدا لە مرۆڤێکی ئەوروپییەوە گۆڕاین بۆ مرۆڤێکی ئاسایی کورد، ئەویش بە گۆڕینی جلوبەرگەکانمان بە جلوبەرگی کوردی. –تا پاشنیوەڕۆ لای ئەو ماینەوە، پاشان بە ئوتومبیل ڕۆیشتین و کەس لە سەرنشینانی ئوتومبیلەکە، جگە لە عومەر، نەیزانی ((دوو ئەڵمانییان لەگەڵدایە)). ئەمڕۆ هاتووین بۆ ئەوەی بچینە مووسڵ. پاش ئەوەی چەند جارێك وەستاین و سێ سەعاتمان پێ چوو، دووبارە (سلێمانی)مان بینییەوە، یادگارە تاڵەکانی دیداری پێشوومان بیر دەکەوتەوە.

کات بەرەو تاریکی دەچوو، بە خێرایی دابەزین و ئوتومبیلەکە بە بەتاڵی ڕێی خۆی کرد، پاش بڕینی بەشێك لە ڕێگەکە، تەنیا عومەر بە کوردی قسەی دەکرد، چونکە ئێمە ئەوەی دەمانزانی کەم بوو و شتێکی باشیش تێدەگەیشتین. گەیشتینە بەر دەرگایەکی گەورەی تەختە کە قوبەی ئاسنی پێدا داکوترابوو، عومەر هێندەی پێ نەچوو تا دەموچاوی زەلامێك لەدەرگاکەوە دەرکەوت، ئێمەی کردە ژوورەوە و چووینە ناو حەوشەیەك، خۆمان لە ماڵی شێخ مەحمووددا بینییەوە. کوڕە (٣٠) سی ساڵەکەی "لەتیف" ئا لێرەوە گەورەترین دەسەڵاتدارە بەسەر ناوچە کوردیەکاندا –بەبێ دەنگی ئێمەی بردە دیوەخان، لەوێ دەمانتوانی بە ئاشکرا پێکەوە قسە بکەین.

شێخ لەتیفی لاو سڵاوی لێ کردین، ئێمەی میوان لای باوکی بەڕێزیەوە هاتووین، دۆستی ئەوانین و بە بەخێرهاتنێکی زۆر گەرم دڵنیای کردین، کە چیمان بوێ بۆمان بکا.

شیخ داوای لێبوردنی کرد کە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کوردستانەوە خۆی ناتوانێ بە خۆشی و شادییەوە لەگەڵماندا بێ بۆ ئەو

شوێنانه، یا دەبێ لە ڕێیەکی مەترسیدارەوە وەك ((دزێك لە شەودا)) بە نێوان شوێنە داگیرکراوەکاندا تێپەڕمان بکا. وایە ((خوا گەورەیە، یارمەتی دەدا!)) ((پشت بەخوا))، ئێمەش ئاوامان پێ وت. پاش خواردنێکی چەور، هەر زوو خەوتین، چونکە سبەینێ ڕۆژێکی ناڕەحەت چاوەڕێمانە.

پاش خەوتنێکی زۆر باش، بەیانی زوو لە خەو هەستاین، چاوەڕێی زۆر شتمان دەکرد و هەستمان دەکرد ئارام نین، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین تا خۆر دەگاتە نیوەڕۆ و زۆر گەرم دەبێ، ئەوجا کاری ئێمە دەست پێ دەکا، چونکە ئەم کاتە کەم کەس هەیە لە دەرەوە بێ و زۆربەی پیاوان لەم کاتە گەرمەدا کات لە چایخانەکان بەسەر دەبەن.

کوڕی پاشا فەرمانی دا بەو دوو خزمەتکارەی وا لەگەڵماندا بوون، هەروەها "عومەری حاجی یووسف" کە ئەو پلانەی هەبوو بۆ دەرکردنمان، جێبەجێی بکەن. دەمانچەش کرا بە بەرۆکماندا، لەژێر ئەو پارچە قوماشەوە کە بە پانی بە دەوری ورگماندا پێچایان، واتە پشتێن، پاشان بە نهێنی لە دەرگای پشتەوەی ماڵی پاشا دەرچووین، لەڕاستیدا ئەم شتە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، لە قرچەی نیوەڕۆدا بەسەر ئەم بەردو لمەدا بڕۆین، بەڵام دەبوو وابێ، دەبێ سوور بین بۆ ئەوەی بەئەنجام بگەین و نەکەوینە داوێك. لەو کاتانەدا خزمەتکارەکان ئاگاداری هەموولایەك بوون، بۆ ئەوەی بزانن ئایا پاسەوانی پۆلیس لە سەر ڕێن یان نا *. لەگەڵ عومەری زیرەك و لاودا قسەمان دەکرد، زۆر وشەی کوردی لەوەوە فێر بووین. ئەمە زۆر گرنگ بوو بۆ ئێمە، چونکە لەگەڵ

www.zheen.org

* وەك دەردەکەوێ لەم باسەی نووسەردا دەبێ شێخ لەتیف هەروەکوو شێخ مەحموود لە سلێمانی دەستبەسەر بووبێ، بۆیە بەم ترس و لەرزەوە ئەم میوانانەی بەڕێ کردووە. (فیرۆز)

زۆرترین کەسدا دەدوێین و ڕەنگە زۆر شتی خۆشمان بۆ باس بکەن. بەم شێوەیە لەو کاتە گەرمەدا ڕێمان دەکرد.

لای ڕاستی ئێمە گردۆڵکەی گۆیژە بوو، لای چەپمانەوە شاخی سەرکەشی بە بەفر داپۆشراوی (پیرەمەگروون)مان لێ نزیک دەبووەوە. هەر لوتکە بوون لە نێوانیاندا دەیانویست بگەنە ئاسمان. ئێمە ئێستا ماوەیەکی زۆرە لە سلێمانی دوور کەوتووینەتەوە و لای ڕاستمانەوە دێیەکی پیس وپۆخڵی بچووك زۆر لە دوورەوە دیارە، چەند خانوویەکی ناڕێك وپێك و چەند کۆڵیتێك دەبینرێ. توانیمان بەتەنیشتی جۆگەیەکی وشکەوەبوودا بە ئاسانی بگەینە ئەوێ. عومەر لەپێشمانەوە ڕۆیشت، دەستی بۆ هەڵتەکاندین بەرەولای ئەو بچین.

چەند کەرو هێسترێك لەوجێیە ئامادە کرابوون بۆ گواستنەوەمان. شتومەکەکانمان پێش خۆمان نێردرابوون و کەڵەکە کرابوون. ئێستە زیاتر دڵنیاترین کە بەرەو پێشتر دەچین، گەر ئەو خۆرە بەتینە کەمێك تیشکی کەمتر بوایە. ئا ئێستا ڕێزو شکۆی مشکی و جامەدانە بەڕاستی دەزانم، ئەو چەند پێچانەوەیە هەموو تیشکی خۆر دەشکێنێتەوە.

زۆر جار چاومان بە چەند کاروانێك دەکەوت بە کەر، یا ئەسپ بەڕێوە بوون و شتومەکیان بۆ سلێمانی دەبرد، وەك دار، یا خوری یا بەروبوومی کشتوکاڵی و لەوێش پێداویستیەکانیان پێ دەکڕی. چاك و چۆنییەکی ئاسایی یان لێ دەکردین، وادیار بوو لەبەر شێوەی جل وبەرگەکانمان ئێمە لە چینێکی خوارەوەی کۆمەڵ بووین، بەوە زۆر خۆشحاڵ بووم، نەماندەویست بناسرێینەوە. ئەمڕۆ تەنیا یەك جار پشوومان دا، ئەویش لە خانوویەکی قوڕدا، خاوەن ماڵەکە کورد بوو، چاو قاوەی بۆ ئامادە کردین. ئەمە ناسراوێکی چاکی عومەری حاجی یووسف بوو، لەبەر ئەوە جێی متمانە بوو،

www.zheen.org

زۆر خۆشحاڵ بوو بەو پلانەی کە هەمانە و حەزی دەکرد ئەویش لەگەڵماندا بێ، سوودمان لە ڕێنماییەکانی وەرگرت، جارجاریش دەیگوت ((نامەخوا چاکە زۆر چاك)).

چی بڵێم: ئێوەی ئەڵمانی مرۆڤێکی زۆر زۆرچاکن!

نزیکی سەعات حەوتی ئێوارێ دەکاتە سەعات یەك بەکاتی عەرەبی، سوار بووین بەرەو جێیەکی کەنار. (کانی بەردینە) لە بەرزییەکی بەردەڵانیدا خۆی نیشان دەدا، لە ڕێی بێشەیەکی چڕەوە دەچووینە ناو دێکە. ناوی ئەم دێیە لە چییەوە هاتووە؟ (کانی بەردینە) (ئەو کانیەی کە بەردی تێدایە، یاخود لەناو بەرددایە). لێرە چاوەڕوانمان بوون، چونکە یەکێك لە خزمەتکارەکانی سلێمانی هەموو شتێکی ئامادەکردبوو و هەواڵی بە هەموو لایەك دابوو، دەیانزانی هەفتەی داهاتووش بۆ کوێ دەچین. واتە پێشدەستی کرابوو، هەروەك ئەوەی لای پیاوکوژانی عەلی بەگ ( بیرمان کەوتەوە). لێرەش هەموو پیاوان لە سەربانی دێ کۆبووبوونەوە، ڕیش سپیی دێ ئامادەی بەخێرهاتنمان بوو. پاش بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕ، لەگەڵ پیاوەکاندا دانیشتین، وەك ڕێوڕەسم چایان هێنا، هەرچەندە خانوەکانیان زۆر شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام ئەم دێیەم زۆر زۆر لەلاخۆش بوو، شێوەیەکی ڕۆمانسیی جوانی پێ دەبەخشیم، وەك چۆن بەفر لەنێوان قووڵایی ئاسماندا دەبینی، ئێمەیش لەنێو بەردەڵانێکی سەختداین. لێرەش ژیان هەبوو و ئەوان لەسەر ئەو جۆگەیە دەژیان کە خوڕەی لێوە دێ و زۆر جێی سەرسوڕمانە کە ئێرە جێی ژیانە.

ئێمە جارێکی تر –لەڕاستیدا– لەناو سروشتێکی بێشارستانیداین (کانی بەردینە)*. پێشنیارم ئەوەبوو بەناو دێکەدا بگەڕێین، بە خۆشییەوە

---

* (کانی بەردینە) دێیەکە نزیکی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی یە (وەرگێڕ)

پێشنیارەکەم پەسند کرا، لە دۆڵەکەوە سەرکەوتین تا بەرزاییەك، لەوێوە هەموو شتێك بە باشی دەبینی.

لەم ڕێڕۆیشتنەدا چەندەها شتی ناوازەو سەرسوڕهێنمان لێرەو لەوێ بەرچاو دەکەوت، ژووری چوارگۆشەیی کە بەرد لەسەر بەرد بوو (وەك سەنگەر). پرسیم ئەمە چییە؟ ئاغای دێ وتی: ئەم جێیانە بۆ ئەوەن خۆمان دژی جەردەو دزو یا خێڵەکانی تر بپارێزین و بە سەرکەوتوویی شەڕیان لەگەڵدا بکەین.

ئێستا شوانەکان مەڕومالاتەکانیان بەرەو دێ دەگەڕێننەوە، بە باڕەو قاڕە هەریەکە بۆ گەوڕ و جێی خۆی دەگەڕێ، ئەمە هەموو ئێوارەیەك دووبارە دەبێتەوە، چونکە ئەم ئاژەڵانە تاکە دەرامەتی ئەم خەڵکەن و شەو لێرە لە ئاژەڵی دڕندە و دزو جەردە دڵنیان. مەڕ و بزن بەخێوکردن و فرۆشتنی ئاژەڵی زیندوو و خوری و پێستە و قاڵی دروستکردن، ئەمانە هۆی سەرەکیی ژیانی کوردانن.

سەرەڕای ئەوە، فرۆشتنی سێو، کە قەبارەیەکی زۆر بچووك لەو چیایانە سەوز دەبێ. ئەم کوردستانە وڵاتێکی لە ساماندا دەوڵەمەندە! بەلام دانیشتوانەکەی هەژارن، مرۆڤ ڕاست دەکا، لەوانەیە لێرە زۆر نەوت هەبێ و بدۆزرێتەوە، تائێستا دەستکاری نەکراوە. چەندەها شەڕوشۆڕی سیاسی لەنێوان تورکیاو عیراقدا، بەفێڵی ئینگلستان هەڵگیرساوە. هەروەها چەندەها کانزای تر هەیە وەك –زیو، مس، یا خەڵووز تائێستا وەبەر نەهێنراون و بە مفتی نەبراون.

پاش ئەوەی بە خۆشحاڵییەوە کاتمان بەسەر برد و بەپێ دەڕۆیشتین، لەبەردەم ئاشێکدا وەستاین. ئەمە ئاشی دێیەکی کوردییە، جۆگەیەکی پەنگخواردوو بەر دەدەنەوە سەر بەرداشەکە، لە ڕێی سووڕاندنەوەی دارێکی درێژەوە کە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە دێ و دەچێ (چەقنەی ئاش). دەنکە گەنمەکان ورد یا درشت دەهاڕێ. ئەم ئاشە لەلایەن هەموو خەڵکی دێکەوە بەکار دەهێنرێ.

www.zheen.org

هەموان لە دروستکردنیدا بەشدار بوون و بۆیان هەیە بەکاری بهێنن. ئەمە کارێکی هەرەوەزیی کوردەوارییە، هەروەها شتە پێویستیە کۆمەڵایەتیەکانی لادێ هەر بە شێوەی هەرەوەزی لە خزمەتی گشتیدایە و ئەنجام دەدرێن.

پاک و تەمیزیش، وەک جۆماڵکردنی جۆگەیەک، بەبێ پێ وتن هەموویان ئامادە دەبن. هەروەها دروستکردنی ئەستێرێك كە بۆ دەستنوێژگرتن بەکار دێ، پێش سەردانی مزگەوت، دەبێ هەموو کەسێك خۆی پاك بکاتەوە، دەستنوێژ بگرێ.

وا تاریك دادێ، دەگەڕێینەوە بۆ ماڵی کوێخا. کاتێك چووینە ماڵەوە، لای ڕاستمان ژوورێکی بچووکی دووکەڵاوی بوو، دیمەنێکی جوان نەبوو: ژنێك خەریکی نانکردن بوو، لە ئاگردانێکی ئاوەڵادا بە سەنێری کەر و ولاخ گەرم کرابوو. بەردێکی کەوانەییی تەنك لەسەر ئاگردانێکی بەرد دانرابوو، هەویرەکە زۆر تەنك دەکرایەوە و دەخرایە سەر ئەم بەردە گەرم کراوە، پاش تۆزێك دەبوە نان، بە ئەڵمانی (نانە پانکە)- بە عەرەبی (خبز)ی پێ دەڵێن.

ماوەیەکی درێژ لەگەڵ پیاوانی دێدا بەدەوری ئاگرێکی ئاوەڵادا دانیشتین، شتی خۆشیان بۆ دەگێڕاینەوە. ئەو دیوارەی وا بەرامبەر دێ بوو، بە فەرشێکی بچووکی پێدا هەڵواسراو داپۆشرابوو. من خۆم نزیکی دەرگای ژووری ژنان دانیشتبووم، چوار ژن و منداڵ لەوێ دەنگیان دەهات.

دەمتوانی جاروبار لە درزی دەرگاکەوە بە چاو سەرنجێك لە ژووری ژنان بدەم، دەتوانم بڵێم لەو ژوورە تەنگ و زۆر بچکۆلەیە، ژنێك شیر دەدا بە منداڵەکەی، ئەوی تر دروومان دەکا، یەکێکی تر خەریکی خواردنی پاشماوەی خواردنەکانی ئێمەیە. وەك لەم ناوچەیەدا باوە، خانوەکانیان لەسەر زەوی و ناوماڵیان لەسەر خۆڵەکەیە کە بە قاڵیی پیس داپۆشراوە، مرۆڤ لەسەر چۆك هەموو کارو فەرمانەکانیان دەکەن.

www.zheen.org

ئێمە زۆر ماندوو بووین، کە دیمان خزمەتکار نوێنمان بۆ دێنن، خۆشحاڵ بووین. پیاوانی تریش ماڵئاواییی‌یان دەکرد، ئاگرەکەیان کوژاندەوە بە خۆڵەمێشی کۆن دایان پۆشی. ((شەو باش)) (شەوی ئێوە خۆش) کوێخا ئەمەی وت و خۆی ون کرد (ڕۆی).

ئایا ئێمە باش دەخەوین؟ بۆ من ئاسایی بوو، هەموو شەوەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات باش خەوتووم، پاش چەند ساتێك چووینە ناو جێگەوە بۆ خەوتن. هەموو گیانم کەوتە خورین، من پرسیار لە خۆم دەکەم و دەستی ڕاستم لەناو جێگەکەدایە، دەستی چەپم خستوەتە سەری، دەگەزن و دەجووڵێن لە هەموو لەشمدا. من دەمەوێ بخەوم و ددانم بەخۆمدا گرت، تا وای لێ هات نەمتوانی لەبەر خۆخوراندن خۆم ڕابگرم.

من لەو باوەڕەدام تائێستا زۆر شتم ئەنجام داوە و خۆڕاگر بووم، هەرچۆنێك بوو لەکاتی سەرلەبەیانیدا خۆم ڕاهێنا کەمێك بخەوم، چونکە کەمتر پێوەیان دەدام، بەڵام لێرە بە هیچ شێوەیەك بیر لە خەوتن ناکەمەوە. ئێرە ئۆردووگای کێچ و ئەسپێ و مێشوولەیە. هەروەها بەهۆی نەخەوتنی هاوڕێ کوردەکەمانەوە، زانیمان هەر ئێمە نین، من و زێپ هەوڵمان دا بەهۆی دووکەڵی جگەرەوە ئەو جڕو جانەوەرانە دوور بخەینەوە، ئەمەش بێ‌سوود بوو.

ئەم خوێنمژانە ئەوەندە بەهێزن، سڵ لە هیچ شتێك ناکەنەوە، زۆرترین خۆشیی ئەم شەوە ئەوەبوو کە کەڵەشێرێك بەرامبەر بە ئێمە لەگەڵ چەند مریشکێکدا لەسەر دارێك هەڵنیشتبوون، لە سەعات دوودا دەستی کرد بە خوێندن، پاش ئەو، هەموو کەڵەشێرەکانی دێ لە دوور و نزیکەوە دەستیان کرد بە خوێندن.

www.zheen.org

ئەوەی ئاوا شەوێك بەسەر نەبا، جەستە و ڕۆحی بەو شێوەیە ماندوو نەبێ، ناتوانێ بزانێ ئەو ژیانە چۆنە. مرۆڤ لەوانەیە شێت ببێ کە یەك خولەك خەوی نەبێ، بەیانی ڕێگەیەکی زۆر سەخت چاوەڕێمانە، ئەمە زۆر خۆش دەبێ!

بەیانی زوو هەستاین، پاش نانخواردنێکی چاکی بەیانی و چەند چایەك، جەستە خەواڵوەکەمان ئاگادار بووەوە، لێرە داب و نەریتێکی زۆر جوانی کوردیم بەدی کرد.

خانەخوێکەمان بێدەنگ بە جگەرەکێشانەوە پێش ئێمە دەڕۆیشت تا چیای بەجێ هێشت و گەیشتینە سەر سنووری دێکەی تر، لەپڕدا وەستا و دەستی خستە سەر تەوێڵی و دڵی و وتی: خواتان لەگەڵ و خۆی زۆر چەماندەوە، ئێمەش هەمان شتمان کرد. ئەویش هەروەك چۆن هات، ئاوا بە هێواشی گەڕایەوە بۆ دێکەی خۆی. ئەم ڕێزلێنانە تایبەتە زۆر بەدڵ و بەگیان بوو، ئێمەی تا سنووری دەسەڵاتی خۆی دوور لە ناحەزان گەیاند، بۆ ئەوەی لەلایەك دڵی سەرۆکەکەی ڕازی بکا و لەلایەکی تریشەوە ئەمە شتێکە نەریتە لەنێوان کویخای دێکاندا کە میوانێك بە سەلامەتی بگەیێننە سنووری دێی یەکتری.

لای کورد میوان پیرۆزە و ئازادە، بەتایبەتی گەر دۆستیان بێ، بەڵام ئێمە لەلایەن سەرۆك و پاشایانەوە "شێخ مەحموود" هاتووین. ئەوە بۆ ئەوان بەتایبەتی جێی ڕێزە -چۆن چاویان بڕیبووە ئێمە، کاتێك ئێوارە وێنەی پاشامان پیشان دان کە بە دیاری دابوویە ئێمە و بە چ خۆشییەکەوە ئێمەیان لە دڵ دەگرت. ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، ئەو پێوەندییە بەهێزە بوو کە لەنێوان سەرۆك و گەلدا هەیە.

www.zheen.org

دۆڵەکە لە ڕاست و چەپماندا تەنگتر و تەنگتر دەبوو، لوتکەی چیاکان بەفر دایپۆشیبوون، هەروەها بەردەممان. ئەم دۆڵە یەکێکە لەو شوێنە چۆڵە پڕ لێرەوارە بەرداوییە سەختەی کە چەند دەوەنێکی تێدا بوو، پاشان چەند ساتێك

چاومان بە بەشێکی دێیەکی بچکۆلەی پەڕپووت کەوت، دانیشتوانی کەم بوون، ژیانیان لەسەر مەڕ و بزن بوو، کەمێك زەوییان هەبوو گیای لێ بڕوێ.

لەکاتێکدا بە سواری دەڕۆیشتین، لە نزیکمانەوە گوێم لە دەنگی غارغارێن بوو. سەیرم کرد چەند پۆلیسێکی سوارە بوون، بەبێ سڵاو و قسە لە ئێمەی (کوردی فەقیر) تێپەڕ بوون.

لە دڵەوە دەترسام ئەوان بە (ئەوروپی)مان بزانن، ئێمە نەچووین بۆ مووسڵ و بەدواماندا بگەڕێن، لەوانەیە ئەمە بزانرێ. سوپاس بۆ خوا کە ئەم پێگەیشتنە بە بەرچاوی یاساوە بێ زیان بوو.

زۆر جار کۆمەڵە بەردی (گۆڕە جوولەکە) گەورەی چەند مەتر درێژمان لەم دۆڵەدا دەبینی، من لەوبارەیەوە پرسیارم کرد، عومەر وتی: ئەو جێیانە جێی بازرگانیی جوولەکەکانن، وەختی خۆی بەسەریاندا داون و ڕووتیان کردونەتەوە و کوشتوونیان. تائێستاش داب و نەریتە ئەوی بێرەدا تێ پەڕێ، دەبێ بەردێك پەیدا بکا و بیدا بە سەریدا –تا بەزوویی بگاتە ئاواتەکانی ئەو دنیا.

کاتێك ئەمەیان پێ وتین، عومەر لە ئەسپەکەی دابەزی و بەردێکی هەڵگرت و گرتیە کۆمەڵە بەردەکە، کوردەکانی تریش هەمان شتیان کرد. واتە گۆڕە جوولەکەکەیان بەردباران کرد.

شاخەکان نزیك دەبوونەوە، عومەر پێی وتین ئێستا سێ سەعات غارکردنی زۆر سەختمان لەپێشەوەیە، یا دەگیرێین یان دەگەینە شوێنێکی دڵنیا. کەمێك لای چەپمانەوە چەم و دۆڵێکی سەخت بوو، پشتیەوە بنکەی پۆلیس بوو، چاودێریی ناوچە ڕزگارکراوەکەی کوردیان دەکرد، ئێمە نەماندەتوانی لەم ڕێوبانەوە بڕۆین.

www.zheen.org

تەنانەت گەر ئێمەشیان بە کورد بزانیایە، لەوانە بوو بمانپشکنن بۆ چەك و شتی تر، بەهۆی ئەوەوە کە زمانە کوردیەکەمان کەم دەزانی، بۆیان دەردەکەوت ئێمە کورد نین.

ئەو، ڕێیەکی ترمان پیشان دەدا، تێپەڕبوون بەوێشدا بەبێ مەترسی نییە، ئەم شاخە بەردینە سەختە لە بەردەمماندایە، پێویستە خۆمان و وڵاغەکانمان زۆر بەخێرایی پێیدا تێپەڕ ببین، بەڵام گەر ئازا بین و گێژ نەبین لە بەرزیدا، عومەر دەتوانێ ڕێنماییمان بکات، ئێمەش وتمان ئامادەین کەرو ئێسترەکانمان بۆ بەرزایی بەرین. ڕێگەکە زۆر هەوراز و سەخت بوو، بەڵام دەبوو ئەم کارە ئەنجام بدەین تا هیوامان بێتە دی. چەند خۆشحاڵ بووین بەوەی جاروبار لێژییەکی تێ دەکەوت –شاخە بەردەڵانەکە لەپاشمانەوە بوو و زۆر سەرکەوتبووین، ئارەق تەنانەت لە سکمانەوە دەردەچوو.بە خێرایییەکی نائاسایی دەڕۆیشتین، بەڵام لەگەڵیاندا ڕۆیشتین و ناچار بووین، زۆر جار کوردەکان ئاوڕیان لەدوای خۆیان دەدایەوە، ئەوە ئێمەی نائارام دەکرد.

ئەگەر پۆلیس پێی بزانینایە، ئێمەی دەگێڕایەوە، یاخود تەقەیان لێ دەکردین. خۆشاردنەوە لەم پارچە شاخە ڕووتەدا نەبوو، بە پێچەوانەوە لەم شاخە بەردینەدا زۆر دیار بووین.

پاش دوو سەعات، سەرکەوتن بۆ هەر هەنگاوێك دەبوو ئێمەی سەرەوخوار بکردایەتەوە. لە کۆتاییدا گەیشتینە سەرەوە و ئێستا بەرامبەر بەو شوێنەین کە دەمانویست بیگەینێ.

ئەو ناوچە ئارامە شاخاوییەی کوردستان لە بەردەمی ئێمەدایە. ئا لێرەوە کوردستان دەست پێ دەکا، کە ڕۆژهەلاتناسە ئەوروپییەکان بەم ناوچانە یا لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زۆر نامۆن، یاخود زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان

www.zheen.org

ژیانیان لەدەست داوە. ئەم تابلۆیە لەسەر ئەم بەرزیی لوتکەیە کە ڕێگا شاخاویەکان لە پشتیەوە بە بەفر داپۆشراون، باسی جوانیی ناکرێ.

ئەو هەموو کێڵگەیەمان لەبەردەمماندا دەبینی، بە پێچەوانەی ئەو دیوەوە کە ڕووتە و هیچ ناڕوێ، تەنها شاخێکی بەردینە، سەرەوخوار دەبێتەوە بۆ ناو دۆڵەکە. بەختەوەر بووین، کە بێ گیروگرفت لەو خاڵانەی پشکنین ڕزگارمان بوو. ئەو شتەی وا دەمانویست، پێی دەگەین، ئێستا دەتوانین دانیشتوان و ناوچەکە ببینین. تائێستا لەوانەیە کەسێکی نامۆ ئاوا بەختەوەر نەبووبێ. سەرکەوتوانە توانیمان وەك دۆستی گەورە پاشای کوردان بچینە ناو کوردستان و ناوچەکەیان، بە حیساب لەوێ تەنها ڕووتکردنەوەو کوشتن چاوەڕێ دەکرا *.

ئا لەم شوێنە بەرزەدا کە مرۆڤ تییدا گێژ دەبێ، چووینە خوارەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆش نییە، بەڵام بەئاسانی توانیمان بچینە خوارەوە. من بڕوام نەبوو ئەم کارە ملشکێنە ئاوا بەئاسانی ئەنجام بدەین. پاش تاوێکی تر بە سەلامەتی دەگەینە دۆڵێکی زۆر پێچاوپێچ، کە چەند تاشە بەردێك لەنێوانیدا بەرز بووەتەوە، زۆر جار ڕێگرە. ئا لێرەدا چەند چاڵێك هەن زۆربەیان وردو بچکۆلەن و زۆر تاشەبەردی گەورەی لە مەترێك زیاتر لەم ناوە بڵاو بوونەتەوە، بوونەتە هۆی بەرگری لەوەی کە زوو بڕۆین و ڕێ بکەین، بەڵام ئەم وڵاغە زیرەکانە کە ئێمەیان هەڵگرتبوو بەئارامی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن، هونەرمەندانە لەم جێوڕێ سەختەدا ڕێیان دەکرد.

www.zheen.org

* ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ناڕاستیی ئەو قسانەی کە لەبارەی پیاوکوشتن و جەردەییی کوردانەوە کراون.

لە دوورەوە گوێمان لە سەگوەڕ بوو. دەبێ لادێیەك لەپێش ئێمەدا بێ، ئەوەی کە هێشتا نایبینین، هەروەك چۆن بۆی چووین ئاوابوو، خزمەتکارێك بەغار دەهات بەرەو پیرمان، شێخ لەتیف لە هاتنی ئێمەی ئاگادار کردبووەوە. کاتێك ئێمەی دی (دەمی زۆر کردەوە کە پێکەنی) دەمی بستێك کرابوەوە لە پێکەنیندا و بانگی کرد خۆمانین.

(سوپاس بۆ خودا) کە ئێوە دەرباز بوون. پێی وتین لە نزیکی دێ خواردنمان ئامادە کردووە، هەروەها ئەسپتان بۆ ئامادە کراوە. "شێخ مەجید" ئاگاداری هاتنەکەتانە و زۆر بەتاسەوە چاوەڕێی ئێوەیە .

لە کاتە مەترسیدارەکان و ناخۆشەکاندا بیرمان لە هەموو شتێك دەکردەوە، نەك خواردن، بەڵام ئێستا خۆشحاڵین بەوەی کە خواردن بخۆین، چونکە هەست بە برسێتی دەکەین. ئێستا کات دوای نیوەڕۆیە.

چووینە سەر خوانێك، خانەخوێ کوردەکان ئامادەیان کردبوو، بەباشی خواردنەکەمان خوارد، بەڵام کات زۆر کەم بوو، دەبوو پێش تاریکی بگەینە دێی (هەڵەدن)[*]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەسپەکانمان ئامادە بوون و خۆیشمان تێر بووین، بەهێواشی بەرەو پێش دەچووین، زۆر جار دۆڵەکە وا تەسك دەبووەوە تەنیا جێگەی ئەو جۆگە ئاوانەی تێدا دەبووەوە کە بەرەو چەمەکە ڕێی خۆیان دەکردەوە، تا بڕژێنە خوارەوە. هیچ توانایی‌یەکمان نەبوو جگە لەوەی کە لەسەر لا بەزۆر بەو شوێنە تەسکانەدا بچینە خوارەوە. دەبوو لەکاتێکی کەمدا ئەنجامامان بدایە، من سەرم لە لێهاتوویی ئەو ئەسپە کوردیانە سوڕ دەمێنێ. کاتێکمان زانی، دوان دەنگیان بەرزبووەوە، زۆر نزیکی هەڵەدن

www.zheen.org

---

[*] (هەڵەدن) ئەم دێیە لە باکووری شاری سلێمانی یە لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی، نزیکەی ٤٥کم دوورە.

بووین، نزیکی بارەگای شێخ مەجید. دێکە نزیکەی سی ماڵ دەبوو، لە دێکانی تری کوردەواری جیاواز نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەجید پیاوێکی ناودار بوو و سەرۆك چەتەیەکی** (چەکدارێکی) لێهاتووی شێخ مەحموود بوو، سی تا چل هەزار شەڕکەر لەژێر فەرمانیدا بوو.

ئێمە و ئەوان غارێکی خێرامان کرد تا لەبەردەمی حەوشەی خانەخوێی تازەماندا خۆمان دییەوە. ئەو لەگەڵ بەتەمەنترین پیاوانی دێ و نزیکەی سێ خزمەتکاردا لەسەر سەربانی (میوانخانەکە) ڕاوەستا بوو، چاوەڕوانی بەخێرهاتنی ئێمەیان دەکرد.

هەر کە لە زین دابەزین، شێخ مەجید لەبەردەمماندا وەستابوو، سڵاوی لێ کردین؛ هەروەك چاوەڕوان دەکرا، زۆر برادەرانە ڕێزی لێ گرتین، وتی: (ئێوارەتان باش) (ئێوارەی گەشتەکەتان بەختەوەر بێ) (سوپاست دەکەم) سڵاومان کردو وەڵاممان دایەوە.

لەو شەوەدا نە مێشوولە برسیەکان نە کێچ نەیانتوانی من لە خەو بکەن، هەموو ماسوولکەکانم لەبەر ماندووبوون و ناخۆشیی ڕێگا ڕۆژی داهاتوو دووبارە دەستیان بە ئێش کردەوە.

من و زێپ تۆزێك جومناستیکمان کردو و یەکترمان شێلا، ئەوانەی وا لەگەڵماندا بوون، زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردین، کاتێك بۆمان باس دەکرد ماسوولکەکان چۆن کار دەکەن، زۆر کەم لەوبارەیەوە تێ دەگەیشتن.

خۆر تۆزێك بەرز بوو کاتێك چووینە سەربانەکە بۆ خواردنی بەیانی، ئەمڕۆ جلوبەرگی ئەورووپیمان لەبەر کرد، لەبەر ئەوەی جلە کوردیەکان زۆر خراپ بوون، هەرچەندە زۆر سوودمان لەو جلانە وەرگرت.

www.zheen.org

* چەتە، لەو کاتەدا بە پێشمەرگە وتراوە.

وا ئێستا خواردنی بەیانی دەخۆین، کە زۆر چاکە (چەورە)، بریتییە لە (چا، هێلکەو ڕۆن، کولێرە و ماست (شیری مەییو). کە تەواو بووین، دیمان شێخ مەجید بەرەو لامان دێ، دوو خزمەتکاری چەکدار بەدوایەوە بوون. لە مزگەوت نوێژی خۆی کردبوو. دەبێ موسڵمان لەکاتی نوێژکردندا کەس نارەحەتی نەکا، پاش نوێژ هات بۆ ئەوەی لە خزمەتی ئێمەدا بێ.

یەکەمجار جلوبەرگی کوردیی بۆ هێناین، بریتی بوو لە خۆڵەمێشی و شین و سەوزێکی کاڵ لەگەڵ چاکەتدا، لەکاتێکدا ئەمەمان لەبەر کرد، چەك و تەقەمەنی (فیشەکلغ) و دەمانچەو خەنجەری کوردیشی پێ داین، مرۆڤ لە ڕێگەی چەکەوە دەبێتە پیاوماقووڵ، دەیانگوت گوایە شێخ مەجید هەروەك شێخەکانی شێخ مەحموود گوللەنەبڕە، یا بە هیچ جۆرێك بریندار نابێ و بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەو لە چەندەها شەڕو بەگژداچوونەوەدا هیچی بەسەر نەهاتووە. ئەم سەرۆکە جەنگاوەرە ئێمەی لەگەڵ خۆیدا بردە ناو دێ، بە هەموو کۆڵانەکانیدا گەڕاین. خاوەن ماڵ و کۆلێتەکانی پێ ناساندین، لێرە چەخماخسازێك* دەژی، ناوی مستەفایە، لەوێ گۆرانیبێژ و بەندبێژ، لەو ژوورەوە مەلای دێ!! پیرێك و چەند دەروێشێکی زیکرکەر و هەروەها چەند پیاوماقووڵێکی دێ.

ئەم دێیەی شێخ مەجید جێگەیەکی زۆر ستراتیجییە لەنێوان سێ شاخی گەورەدایە کە وەك دیوارە بەرد بەرز بوونەتەوە، چوارەم لای کە بە جۆگەیەك کۆتایی دێ، بە هیچ جۆرێك ڕێگا نییە بۆ ئەم شوێنە. لێرەش هەندێك دانەوێڵە دەچێنرێ و ئاژەڵداریش دەکەن. ئەوەی تازە بوو بەلامەوە لە

www.zheen.org

* (چەخماخسان) ئەمە پیشەیەکە لە کۆندا بە یەکێك دەوترا کەکاری چاککردنەوەی ئامێرو دەزگاکانی بزانیایە بەتایبەتی چاککردنی تفەنگ ودەمانچە.

هەڵەدن: چەند کەپرێك لەبەر خۆرەکەدا هەبوو، وەك بۆیان باس کردم، ئەم کەپرانە بۆ دارمێو نەبوو، بەڵکوو وشککردنەوەی ترێ بوو بۆ بە مێوژکردن. ئیسلامەکان بۆیان نییە شەراب بخۆنەوە. ئێستە دەمەوێ بزانم ئەم خانووە قوڕانە، کورد چۆن دروستی دەکەن. لە شێوەی لاکێشەیەکدا کە چوار مەتر بە شەش مەتر دەبێ، دەچن چوار کۆڵەکە لە زەویدا دەچەقێنن، بەو دیرەگانەی وا بەسەریدا دایدەنێن، پێکەوەی دەبەستن.

دیوارەکان بە بەرد کە لەوناوە پەیدای دەکەن، پڕ دەکرێنەوە و چۆن بەدەستیانەوە هات، بەقوڕ پێکیانەوە دەنووسێنن، زۆربەیان بە تێهەڵکێشی یەکترکردن شێوەیەکی جوانترو باشتریان دەبێ.

سەربانەکەی بە دار دارەڕا دەکرێ و دوو ڕیز لق و پۆپ و هەژگی بە پێچەوانەی یەکترەوە لەسەر دادەنرێ، پاشان بە خۆڵ دایدەپۆشن و تەڕی دەکەن و دەیکوتنەوە. کاتێك باران دەبارێ، جارێکی تر ڕێکی دەکەنەوە و باش دەکوترێتەوە تا سەربانەکە دڵۆپە نەکا. دەرگایەکیش بۆ ڕۆشنایی دادەنێن. خانوەکە ئاوا دروست دەکرێ. بەبێ ئەوەی ناوی خانوەکە چیمەنتۆ یان کاشی بکرێ، قاڵی لەسەر خۆڵەکە دادەخرێ، مرۆڤ چەند بە ئاسانی و بە هەرزانی دەتوانێ خانویەکی تۆکمە لەم وردە بەردانەی کە لەم ناوە زۆرن، دروست بکا، بەڵام ئەمە بۆ ئەم کوردە زیرەکانە زۆر ناڕەحەتە.

کاتێك ئێمەیان بە کۆڵانەکانی(هەڵەدن)دا دەگێڕا، سەرنجمان دا کە نزیك دەبووینەوە، هەموو پیاوو منداڵانی دێ زۆر بەخێرایی هەڵدەستانە سەرپێ و خۆیان بۆ ڕێزلێگرتنمان دەچەماندەوە و بەپێوە دەمانەوە تا ئێمە تێدەپەڕین. جارێکیان پیرە پیاوێکی ڕیش سپی وا ((واقی وڕمابوو))، کە ئێمەی دی، بیری چووەوە لەبەرمان هەستێ. شێخ مەجید بە دەنگە نێرەکەی

ئاگاداری کردەوە، ڕاست بووەوە و بەخێرایی کڕنووشی بردو لەژێر لێوەوە داوای لێبوردنی لیٚ کرد.

پاشنیوەڕۆ هەموو دانیشتوانی دیٚ لە دەشتەکە داوەت کران، تا ئاهەنگێکی کوردی ساز بدەن، چەند جۆلانەیەك ئامادە کرابوو بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بوو، (ئێمەش ئەو جۆلانانەمان بەکار هێنا و زۆر خۆش بوون). ژنان نەدەبوو لەم ناوە نزیك بکەونەوە، دەبوو لە ماڵەوە کار بکەن.

کوردەکان یاریی شەڕی بەرامبەریان دەکرد، ئەوی لە باپیرانیانەوە بۆیان مابوەوە. پاش ئەم نواندنانە، پێشنیارم کرد یاریی ئەوروپییان پیشان بدەم. زۆر بەم قسەیە خۆشحاڵ بوون. ئاوا شێوە بازنەیەکمان دروست کرد، پیاوێك لە ناوەڕاستیدا بوەستیٚ و شتێك هەڵدەی، ئەو کاتە لە بریی تۆپ تاکە پێڵاو بوو، ئەگەر گرتیەوە، ئەوا ئەوی تر لە جێی دادەنریٚ، ئەمە یاریی منداڵان بوو بۆ ئێمە.

ئاهەنگ لە کوردستان تەنیا لە شوێنێکی ئاوای وەك لای شێخ مەجید دەتوانریٚ بگێڕدریٚ. ئێمە بەهۆی ئەم یارییە ئاساییانەوە، بەتایبەتی ئەگەر پیرێك لەگەڵ گەنجێکی تازەکاردا نۆرەی بوایە. لەگەڵ ئەم کوردە ژیرانەدا پیٚ دەکەنین.

بەمجۆرە کاتەکەمان زۆر بەخۆشییەوە بەسەر دەبرد. وا خەریکە ئێوارە دادیٚ، پاش شێوکردن، دانیشتین، کاتمان بە قسەکردنەوە بەسەر برد. زۆر خۆشحاڵ بووین کە زۆر وشەی کوردی فێر بووین، نەك هەر گوێگرتن لەوان، بەڵکوو قسەشمان پیٚ دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی وشە کوردیەکانمان بە تەواوی نەدەزانی و ڕێزمانمان زۆر بە هەڵە بەکار دەهێنا.ئەم (ئێوارە ساتانە) زۆر بایەخدار بوون بۆ زانیاریی ئێمە، زۆرمان بیست سەبارەت بە جەنگ و هێرش و پەلاماردانەکانی ڕابوردوو، سەرنجمان لە داب و نەریتی ئەوان دەدا و زۆر شت لەسەر ژیانی کوردەواری فێر بووین.

ئێمە ئەو ئێوارەیە لەبەردەم ئاگرێکی کراوەدا بووین، چایەکی زۆرمان خواردەوە و جگەرەی زۆر چاکی درێژمان کێشا، چەند خۆش بوو کە دەبوو زۆر جار لە وڵاتەکەمان بدوێین. لەگەڵ ئەوەشدا کورد هەموو دەرگایەکی لێ داخراوە، بەڵام حەز دەکا هەموو شتێك لەسەر ئەم زەویە بزانێ. ئێمەش باسی شتە گرنگ و گەورەکانی (جەرمەنیا)مان دەکرد، زۆر بە سەرسوڕمانەوە گوێیان بۆ قسەکانمان شل کردبوو، واقیان بەو باس‌وخواسانە وڕ دەما.

سەعات نۆی ئێوارە بوو، بازنەیەکی زەردی ئاڵتوونی لە سەرووی ئەو چیاو دارستانەوە دیار بوو، ئەویش مانگی ناوچەی ڕۆژهەڵات بوو، تیشکێکی زیوینی دەبەخشی بە چیاو دۆڵی ناوچەکە. لە دوورەوە لوورەی گورگ و چەقەڵمان دەبیست، جاروباریش حەپەی توولە سەگێك لەوێوە دەهات. لە ناکاو گوێمان لە غاری ئەسپ، پاشان لە سەگوەڕێکی زۆری ناوچەکە بوو، ئەمەش کەم نەبوو. کە لە دەرگا هاتینە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانین چییە، سوارێك لەبەردەمی ئەو خانووە کە ئێمەی تێدا بووین، وەستابوو، پاش ئەوەی دابەزی، هاتە ژوورەوە، زۆر بە هێواشییەکی کوردانە لەگەڵماندا لەبەردەمی ئاگرەکەدا دانیشت.

پاش ئەوەی وەك باوە بەخێرهاتنی لێ کرا، هۆی هاتنەکەی لەسەرخۆ درکاند: لەلایەن کوڕی پاشاوە نێردراوە، تا هەواڵی ئەو دوو ئەڵمانییە بزانێ، ئەم پیاوە دوو شەو و دوو ڕۆژ بە سواری بۆ ئەم مەبەستە هاتووە، تا ئەم فەرمانە بەجێ بهێنی*.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* ئەمەیان هەڵەیەکی گەورە و دژایەتیی لەگەڵ وتەکانی تری نووسەردا هەیە، چونکە مەودای نێوان شاری سلێمانی کە شیخ لەتیفی لێ ژیاوە، لەگەڵ گوندی هەڵەدن دا لە هەموو حاڵەتێکدا بە سواری لە سێ سەعاتێك تێپەڕ ناکا، بەڵام نووسەر باسی دوو شەوو دوو ڕۆژ دەکا کە ڕاست نییە. (فیرۆز)

پاشان هۆی هاتنەکەی بە تەواویی ئاشکرا کرد، بەکورتی ئەمە بوو: ((سەروەرەکەم، کە دووعا دەکەم خوا تەمەنی هەزار ساڵ درێژ بکا- سڵاوی هەیە، ئەملاوئەولاتان ماچ دەکات، تەندروستیتان بۆ دەخوازێ و هیوادارە کات بە خۆشی لە ناوچەکەیدا بەسەر بەرن، چونکە پێی وایە ئێوە زۆر بیری وڵاتی خۆتان دەکەنەوە، ئێوە هیچ شتێك لەبارەیەوە نابیستن. منی ناردە لای ئێوە، تا هەواڵێکتان لەبارەی وڵاتەکەتانەوە (دۆچلاند) پێ بگەیێنم))

لەم قسانەدا بوو کە ڕۆژنامەیەکی چرچکراوی کوردیی لەبەر باخەڵیدا دەرهێنا-پێش دەرچوونی لە شار بەتایبەتی بۆ ئێمەی کڕیبوو- خوێندیەوە، لە بارەی ئەڵمانیاوە نووسرابوو، توانیمان تێ بگەین چیی خوێندەوە. نەیدەتوانی ناوێك بخوێنێتەوە، (بە وتن دەرپیڕی)، خەریك بوو زمانی بشکێ، بۆی نەدەهات. لە ناکاو مەبەستەکەیم زانی و لە جێیێ خۆم ڕاپەڕیم و هاوارێکی دۆستانەم کرد.

" گارمیش پارتن کیرشن Garmisch parten Kirchen"

هەموو بەسەرسوڕمانەوە تێم دەڕوانن ئەم وشە قورسە چ مانایەك دەبەخشێ؟ کاتێك هاتمەوە سەر خۆم، پەردەم لەسەر مانای ئەم وشە گەورەیە هەڵدایەوە، باسی ئەو وەرزشەم بۆ کردن، کە ئێستا لەم دۆڵە خۆشەدا دەکرێ، ئەو یارییە ئۆڵۆمپییە زستانییە کە (٢٨) دەوڵەتی تێدا بەشدارە لە (گارمیش پارتن کیرشن). چ شتێك لەم ڕۆژنامە کوردیەدایە تا پیاوێکی چەکدار دوو شەو و دوو ڕۆژ بە سواری ئەمە بگەیێنێتە ئێمە؟! چەند سەرکەوتنێکی ئەڵمانیەکانی لەو بەفرو سەهۆڵبەندانەدا تێدا بوو، ئەویش نووسینی- گرێنتز و ماکسی هێربا- بایرن (Granz und Maxie Herban" Baiern) بوو.

ئەو ئێوارەیە ماوەیەکی درێژ پێکەوە دانیشتین. من باسی زنجیرە شاخە جوانەکان و جوانیی خانوەکانی دارستانی سەرو و سنەوبەر و جۆرەکانی یارییە زستانیەکانم کە لەوێ کێبڕکێی لەسەر دەکەن، بۆ کردن. شتێکی خۆش بوو بۆ ئێمە، پێویست بوو ئەم وشە نامۆیە بڵێمەوە. ئێمە زیاتر خۆشەویست و خۆشەویستتر دەبووین و دەکەوتینە بەر دڵیان. ئەم خۆشەویستییەی نێوانمان زۆر کاری کردە سەر خانەخوێ نامۆکەمان، بە شێوەیەکی وا پێی خۆش بوو داوای لێ دەکردین زوو زوو دووبارەی بکەینەوە.

ئەو شەوە هێندە بیرم لە وڵاتەکەم دەکردەوە نەخەوتم. بەیانی کە نیوە خەو بووم، خەونم بە گارمیش پارتن کیرشن و ئەڵمانیاوە دەبینی.

چەند هەفتەیەکی بەرودوا ژیانێکی زۆر خۆشمان بردە سەر، ئەو ڕۆژە درێژانە پێکەوە لەسەر سەربانی خانەخوێ دادەنیشتین، شەویش لە دیوەخان پێکەوە قسەمان دەکرد، یا بەیانیان زوو دەچووینە ڕاو. ئەم شوێنە کە خەڵکێکی کەمی تێدا دەژی، نێچیری زۆری وەك کەمتیار، چەقەڵ، گورگ، ڕێوی، بەرازە کێوی، کەڵە کێویی...، تێدایە. شاخە بەرزەکانیش مرۆڤ ڕێی لە ورچی گەورە، جاروباریش پڵنگ و وێز دەکەوێ، ڕاوکردن زیاتر بۆ باڵندەی کێوییە، بەتایبەتی "کەو" کە وەك مریشکە کێوییە و جوانترین و ناسکترین و خۆشترین گۆشتی هەیە. مرۆڤ ماکەو بۆ ڕاوی ئەم باڵندە خۆشەویستە و خۆشە بەکار دەهێنێ، لە قەفەسێکی بچووکدا بەندی دەکا. ڕاوکەر ئەم قەفەسە لە شوێنێکی گونجاودا دادەنێ بۆ ڕاو. ماکەو دەست دەکا بە خوێندن و هاوار دەکا، تا باڵندەکانی هاوڕەگەزی لە خۆی کۆ بکاتەوە. ئەو شوێنەی کە تێیدا دانراوە، چەند دانەیەکیان لە ماوەیەکی کورتدا لێ دەکوژن.

ڕاوێکی تر کە بە لایانەوە خۆشە، هیی بەرازە کێوییە و لێرە زۆر زۆرە. بەتایبەتی لە دۆڵەکان و شوێنە نزمەکاندا، لەسەر بەروبوومی ئەوێ دەژین.

زۆر جاریش بەرازەکان دەدەن بەسەر ئەو زەوییە تۆوکراوانەدا، کە زۆر کەمن و لەم شوێنە رووتانەدا زۆربەی سەوزایی لەناو دەبەن. گەر بۆ ڕاوە بەراز بچین، چەندەها کەس کۆ دەبنەوە، بۆ دۆڵێکی دیاریکراو دەچن، سەدان خزمەتکار بەکار دێنن بۆ هەستاندنی بەرازەکان. ئەم قاڵەقاڵ و دەنگەدەنگە بەرازەکان دەتۆقێنن و چوار تا شەش ڕاوکەر ئامادەی گاڵاندنی بەرازەکانن. بەو پێیەی کە تەنیا من و زێپ مافی فەرمانی تەقەکردن و ڕێنوێنیی کوردەکانمان پێیە، تائێستا لەبەر باری سەلامەتی نەمانتوانیوە کارێك بکەین. ئەگەر کوردێك ببینیێ بەراز بە بەردەمیدا ڕا دەکا، هێرش دەبا، زۆر بە خێرایی لە ئەسپەکەی دادەبەزێ و ڕا دەکا و خەنجەری بەدەستەوەیە. سەرنجی ئەم ئاژەڵە کە زۆر ڕقیان لێیەتی، لەم قاڵەو هاوارەدا بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، ئەوانیش (بەرازەکان) زۆر بەقینەوە بە خێرایی هێرش بەرەو ڕاوکەرەکان دەبەن.

چۆن بڕوا دەکەن ئەو شفرەدارانە بەرەو ڕاوکەرەکە دێن، دەبێ بە پەلە خۆی لابدات و خەنجەرەکەی تا مشتوەکەی بکاتە پشت ملی و بە خێرایی سواری ئەسپەکەی ببێتەوە تا ئەم دیمەنە خوێناوییە ببینێ و خۆشحاڵ بێ بەوەی کە ئەم ئاژەڵە ئازار دەبینێ، تا دەتۆپێ، گەر هاتوو بەرازێك بەم لێدانە نەمرد، ئەوا یەکێکی تر گورج هێرشی بۆ دەکا. دەمانوت دەبێ بە شێوەیەکی مرۆڤانە بکوژرێن، باشترە بە سواری ئەسپەکە بە فیشەکێك کوشتنی مسۆگەر بکا.

لە ڕۆژە ڕاوێکی ئاوادا نزیکەی دە تا بیست بەرازە کێوی دەکوژرا، ئەوجا خۆشحاڵ و ئاسوودە دەبوون بەرامبەر بەو خوێنڕشتنە کە زۆر تینووی بوون، دواتریش دەگەڕانەوە، بەرازەکانیان بەجێ دەهێشت، چونکە ئیسلام خواردنی گۆشتی بەرازی قەدەغە کردووە. ئێمە هەردوکمان، بە پێچەوانەی ئەوانەوە،

جوانترین و باشترین گۆشتمان لێ دەکردنەوە، دەمانبرژاند و سوورمان دەکردەوە و قسەی خۆشمان بەدەم خواردنەوە دەکرد.

هەرچەندە شێخ مەجید هەموو ئاواتەکانی ئێمەی دەهێنایە دی، بەڵام هاوڕێ کوردەکانمان هەوڵیان دەدا خۆیان بدزنەوە لەوەی کە ئێمە باسی ڕاوی ورچمان دەکرد، دەیانوت ئێستا کاتی ڕاوەورچ نییە، پاشان زانیمان پێچەوانەی ئەو قسانەیان دەکرد.

زانیمان ئەوان دەیانەوێ نەمانخەنە ئەو مەترسییە گەورەیەوە، چونکە پاشا فەرمانی پێ داون ئێمە بە سەلامەتی بپارێزن، وەك لەقلەق بێچووەکانی دەپارێزێ، لەبەر ئەوەی ئەوان لە ژیان و خۆشگوزەرانیی ئێمە لێپرسراون. کوردەکان ڕاوی ورچیان لەلا زۆر مەترسیدارە، چونکە پێش هەموو شتێك باوە کە ورچ زۆر گەورەیە، بۆیان ناکوژرێ. باسکردنی ئەمە بێئەنجام بوو، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنە سەرچیا سەرکەشەکان بێ مەترسی نییە. گەر مرۆڤ شوێن پێی ئەم ئاژەڵە هەڵبگرێ، دەبێ ئاوا نائارام و سەغڵەتی بکا، تا پەلامار دەدا.

گەر مرۆڤ توانیی وای لێ بکا پەلامار بدا، ڕاوکەر ئەو کاتە ئامادە دەبێ، هەڵمەت دەباتە سەری و ئەویش دەگەڕێتەوە و دەبێ لەو کاتەدا ڕاوکەر بەتەواوی بیپێکێ و لە شوێنێکی وای بدا کاریگەر بێ.

زۆر ڕاوکەر لەم شێوە ڕاوەدا کوژراوە. پیاوێك کە لەم نزیکانە دەژی، زۆرترین ڕاوی ورچی لە ژیانیدا کردووە، (٤٧) چلوحەوت ورچ کەمتری نەکوشتووە. ئاوا ڕاوکەرێکی بەختەوەر لە نەریتی کوردەواریدا سەرکەوتوو بووە (ئەم شتانە پاش ئەوەی خواردنێکی زۆر باشمان خوارد، باس کران) هەروەها باسی شتی تریش کرا، چیرۆکێکی سەرسوڕهێنیان لەبارەی ڕاوی ورچەوە بۆ گێڕاینەوە، زیاتر لە ئەفسانەو چیرۆك دەچوو، بەشێکیشی شێوە ڕاست بوو.

پێش نزیکەی دوو ساڵ دوو ورچی نێر و مێ لەم ناوچەیە بینراون، ئەمانە زۆر جار پەلاماری زەلامیان داوە و کوشتوویانە. شتێکی زۆر سەیر ئەوەیە کە نێرەکە هەرگیز هێرشی نەکردووەتە سەر ژن، مێیەکەش هەرگیز هێرشی نەکردووەتە سەر پیاو. لەمە زیاتر دەیانگوت، ئەم دوانە جاروبار چاوبڕکێیان لەگەڵ ژن و پیاودا دەکرد. مرۆڤی ئەوێ پێیان وابوو ئەم دوانە خۆبەخۆ پاشا بوون و ئەفسوونیان لێ کراوە یاخود کوڕ یا کچە پاشا بوون، لەبەر ئەوە کەس نەیدەوێرا ئەمانە ڕاو بکا. تا ڕۆژێك هات خۆیان لەم ناوە نەمان. چیرۆکێکی ئاوا زۆر سەیر کە دوو ورچ مێبازییان کردبێ، وا بڵاو بووەتەوە کە ئەم چیرۆکە لەمە زیاتر ڕاستیی تێدایە، ئەمە لەسەر یاسایەکی سروشتی داڕێژراوە، زۆر ئاشکرا لە سەگ و ئەسپدا دیارە.

خەڵکی ڕۆژئاوا، بە سەردانی ڕۆژهەڵات، ئەگەر ببینن ئەم دانیشتوانە بیرو باوەڕی ئیسلامێتی کاری تێ کردوون، زیاتر لەسەر شتە دیارەکان سوور دەبن، ئەوان پابەندی ئەو باوەڕەن. مرۆڤ، گەر سەرنجێکی تەواو بداتە ناوەوەی داب و نەریتی ئەم ناوچەیە، سوود وەر دەگرێ، ئەوجا مرۆڤ تێدەگات، تەنیا باوەڕێکی بەهێز دەتوانێ ئەم مرۆڤە بێئاگایانە دوور بخاتەوە و ڕێگریشیان بێ لە کاری خراپ، دەتوانرێ کاتی دیاریکراوی خواپەرستی لە شارە گەورەکاندا ڕەچاو نەکرێ و ڕێك بخرێ، بە پێچەوانەوە، لە گوندە بچووکەکاندا زۆر بەتوندی و چڕوپڕی پێڕەو دەکرێ*. وەك من تێگەشتبم، ئەم شتە لای کوردان جێی شانازییە.

www.zheen.org

---

* ئەم دیاردەیە تایبەت نییە بە تەنیا گوندنشینەکانی کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری جیهاندا پابەندبوون بە بنەماکانی ئایینەوە لە لادێکاندا زۆر بەهێزترە تا لە شارەکان. (فیرۆز)

بۆیان باس کردین، هەر پیاوێك یا ژنێك لەسەریەتی ڕۆژانە ئەو پێنج فەرزەی بۆی دیاری کراوە، جێبەجێی بکا. هەروەها جومعان کە ڕۆژی پشووی ئیسلامە، پێویستە سەر لە مزگەوت بدا. هەموو نوێژێك، پێشتر پێویست بە دەستنوێژ هەڵگرتن دەکا.

پێش و پاش هەموو نانخواردنێك، پێویستە دەست بشۆردرێ. ناشیرنترین و ناجۆرترین شت ئەوەیە کە جاروبار ڕوو دەدا، یەکێك ڕێنمایی‌یەکانی قورئان لەبەرچاو نەگرێ، ئەو کەسە بێ ئاگاداری دەکوژرێ. منداڵان پاش شازدە ساڵی دەست دەکەنە نوێژکردن. ئەگەر منداڵێك ئەوە نەکا، لەلایەن مەلاوە ئاگادار دەکرێتەوە. ئەگەر ئەم ئاگادارییەش بێبەرهەم بوو، دەبێ بێئەملاوئەولا بمرێ، هیچ شتێك بەبێ باوەڕ ئەنجام نادرێ، هیچ هێزێك و توانایی‌یەك لە هینی خوا گەورەتر نین، کە داخوازیەکانی لە ڕێی پێغەمبەرەوە (محەمەد) نێردراون، زمانی سەرەکیی موسڵمانەکان ئاوای پێ دەڵێ: ((لا اله الا الله، محمد رسول الله))، ((هیچ خوایەکی دیکە نییە و محەمەد پێغەمبەری خوایە)).

جارێك گفتوگۆم لەگەڵ خوێندەوارێکدا دەکرد سەبارەت بە باوەڕو ئاین، وتی ئاین ڕاستەوخۆ پێش ئیسلام لە کوردستان هەبوە، کۆنترینیان مامۆستای فارسی‌زان "زەردەشت" بووە، نیشتمانپەروەران دەیانەوێ لە ڕێی دەستپێکردنێکی هێواشی لەسەرخۆوە کوردستانەکەیان لە باوەڕدارانی نامۆی حیجازی ئیسلامی ڕزگار بکەن و بگەڕێنەوە بۆ دینە کۆنەکەی مامۆستاکەیان.

www.zheen.org

وەك لەو ناوچانە و ناو ئەو خەڵکانەی وا لە سەردانەکەمدا دیومن، هەرگیز بڕوا ناکەم ئەوە سەر بگرێ و ئەمە شتێکی زۆر مەترسیدارو درێژخایەنە. ئەوان زۆربەیان وەك توندڕەوێکی ئیسلامی بیر دەکەنەوە، ئەمە

وەك ئەوەیە بڵێین ئاینی کریستیانی (مەسیحی) بەزۆر بسەپێنین، کە دەبێ زۆر پارەو خوێن بۆ هەر پەلامارێکی لەم جۆرە بدرێ.

کۆمەڵە تاقمێکی دیکەی نهێنی لە کوردستان هەیە، تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەی لەسەر نییە، ئەویش شەیتانپەرستەکانە، بەکارهێنانی ئەم باوەڕە لە زۆر شوێن قەدەغە دەکرێ.

خەڵك زۆر گفتوگۆ لەسەر ئەم شتە سەرسوڕهێنە دەکەن، بەڵام تائێستا کەسێك تەواو بە ڕێکی باسی بنچینە و شێوەیی نەکردووە، هیوام ئەوە بوو جارێکی دیکە سەر لە کوردستان بدەمەوە، بەختەوەر دەبم ئەگەر لەم ڕووەوە ببێتە مایەی لێکۆڵینەوەیەك بۆم.

پرسیارێك سەبارەت بە ئافرەتان لە قووڵاییی ئەم بۆچوونانەی موسڵماناندا هەیە، ئەم بێدەرەتانە خواکردانە لە ڕۆژهەلات و لای ئیسلام کەمترین و کەمتر شارستانین، تەنیا وەك ئاژەڵ کار دەکەن. لەبەر زۆر مانەوەم لە کوردستان، ئەم پرسیارەم لە خۆم دەکرد: ئاخۆ پاش گەڕانەوەم بۆ کولتووری ڕۆژئاوا بتوانم جارێکی تر وەك یەك بڕوانمە توخمی مێ؟ لێرەش پیاو هەروەك هەموو وڵاتە ئیسلامیەکان دەتوانێ چوار ژن بهێنێ- پیاوە پایەبەرزەکان لەمە زیاتر. من یەکێك لە کوردە ئاغاکانم ناسی، لە بیستوپێنج ژن کەمتری لەلا نەبوو. ئەمە ناسناوی خۆبەزلزانی و گەورەیی بوو.

ئەگەر پیاوێك نەتوانێ ژن بهێنێ، دەبێ چی مەڕوماڵات یا زەوی یا شتی تری هەیە بیفرۆشێ تا ژنێك یا زیاتر بهێنێ، بە بۆچوونی ئەوروپایی، وەك منداڵێك شت بکرێ وایە، کیژۆڵە لە دوازدە تا سیازدە ساڵی پێگەیشتووە و لەوپەڕی لاویدایە. ئەم تەمەنە هەرەتی لاوی و خۆشەویستییە، دەچن دەیانکڕن، زۆر جار مامەڵەو گۆڕینەوەیان لەگەڵ کچ یا

خوشکی خۆیان پێ دەکەن (ژن بە ژن). ئەم کڕینە لە ئەسپ و مەڕو بزن زیاتر لەسەریان دەکەوێ.

خۆم لەگەڵ "شەهاب" (شێخ مەجید)ی خانەخۆیکەمدا بەشداریم لە خوازبێنیی کچێکدا کرد. ئێمە لە ڕاو بووین و ڕێمان کەوتە دێیەکی بچووك. شێخ مەجید چاوی بە کیژۆڵەیەکی بچووکی ئەم دێیە کەوت، بەرەو دوازدە ساڵی دەچوو، زۆر بەدڵی بوو، یەکسەر دابەزین، شوێنمان دیاری کرد. خزمەتکارێکی ناردە لای باوکی مناڵەکە، ئامادە بێ و مامەڵەی خوازبێنیی لەگەڵدا بکا. کاتێك پیاوەکە هات، زۆر دڵخۆش بوو بەوەی وا گەورەی چەکداران "شێخ مەجید" زۆر دڵی بە کچەکەیەوەیە و دەیەوێ بیهێنێ. باوکی کچەکە لە مامەڵەکەدا منداڵەکەیی بەشانازییەوە و بەبێ هیچ شتێك بەدیاری پێشکەش کرد، بەڵام شێخ مەجید قبووڵی نەکرد، پەنجا مسقاڵی بەدەستی دایە باوکی، نزیکەی (٦٠٠) مارکی دەکرد، هەموو کەسێك بەو بڕە پارەیە* خۆشحاڵ دەبێ.

ئەم ژنە تازەیەی درایە دەستی یەکێك لە خزمەتکارە بڕواپێکراوەکانی، تا بیباتە (هەڵەدن)، بۆ دیوەخانی ژنان لای شەش ژنەکەی تری**.کاتێك پیاوەکان سەرقاڵی ڕاو نەبوونایە، واتە کاتی بێکاری، غار و ڕمبازی و شەڕو گەمەیان دەکرد. ژنەکان دەبوو خەریکی کار بوونایە، وەك جلشتن و پاککردنەوەو چاککردنەوەو دروومان و چاندنی دانەوێڵەی پێویست و خزمەتکردنی ڕەزەکانیان، بە کورتی چ کارێك هەبوو بەشی ئەوان بوو.

* بەپێی ئیسلام مارەیی ئافرەت (١٩) نۆزدە مسقاڵ ئاڵتوونە، نەوەك پەنجا مسقاڵ وەك نووسەر دەڵێ. ئەمەش هەڵەیەکی تری نووسەرە. (فیرۆز)

** ژن‌گواستنەوەش لە کوردەواریدا بەم شێوەیە نییە کە نووسەر باسی دەکا، بە واتای کڕین و فرۆشتن نییە. (فیرۆز)

شتێکی ئاسایی‌یە ژنێك خۆی پیشانی هیچ پیاوێکی تر نەدا، ئەو خۆداپۆشینەی، وەك لە بەغدا و وڵاتە ڕۆژهەڵاتیەکانی تر هەبوو، بە هیچ شێوەیەك لەم شوێنە بچووکە نییە. ئەگەر پیاوێك بگاتە لای ژنێك، دەبێ ڕووی تێ نەکا، ژن لە بنچینەدا هیی پیاوەکەیەتی، کەسی تر نا، کەس بۆی نییە بە هیچ شێوەیەك لەو بکەوێ. بڕوا بەوە ناکرێ ڕۆژهەڵاتییەك تا ئەم ڕەدەیە دڵی لە ژنەکەی پیس بێ، هەرچەندە لەوانەیە ڕۆژانە چەند جارێك لێدان بخوا تا قسەیەکی خۆشی بۆ بکا. ژن زۆر ناتوانایە، وەك سەگێکی ماڵیی خۆڕاگرە.

ئەگەر پیاوێك مرد، ژنەکەی منداڵی نەبێ، پیاوێکی تر دەتوانێ بیخوازێ؛ ئەگەر منداڵی هەبوو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك نابێ شوو بکاتەوە. سەرباری ئەوە، دەبێ کار بۆ منداڵەکانی بکا، تا بەخێویان بکا. پیاو دەتوانێ هەموو کاتێك ژنەکەی تەڵاق بدا. هەروەها پیاو بەپێی یاساو ڕێساکانی ئیسلام لە ماوەی سێ مانگدا دەتوانێ ژنەکەی بانگ بکاتەوە و پاش ئەو سێ مانگە بەپێی ئاین ئازادە و سەڵتە. شتێکی زۆر نامۆیە پیاو واز لە ژنەکەی بهێنێ بۆ پیاوێکی تر، بۆچوونی ژن و پیاوی کوردی ئەمە قەدەغە دەکا! ئەگەر ئەم جۆرە شتانە لەنێوان باشترین هاوڕێدا ڕوو بدا، ئەنجامێکی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، نەك تەنیا بۆ پیاوەکە، بەڵکوو بۆ ژنیش، گەر زانرا زۆر بە خێرایی لەناو دەبرێ.

شتێکی زۆر تایبەت: ڕۆمانێکم لەبارەی نامرۆڤانەترین نەریتی تۆڵەی خوێنەوە دی. کاتێك پێکەوە بێدەنگ لە سەربانێك دانیشتبووین، کوردێکی لاو بە تیژڕۆیی هات بەرەو ڕوومان، لە کۆڵانەکانەوە ڕایدەکرد، لە ئارەقی خۆیدا گەوزابوو. پاش تاوێك لەبەردەمماندا وەستاو لە بەردەمی شێخ

www.zheen.org

مەجیددا خۆی چەماندەوە، ماچی زەویەکەی کرد. شێخ مەجید فەرمووی لێ کرد دابنیشێ و چای پێشکەش بکرێ و هۆی هاتنەکەیی لێ پرسی.

بە ورتە و چاوهەڵهێنانێکی نائارام داوای لە شێخ مەجید کرد یارمەتی و داڵدەی بدا. ((هەتا تۆ لە هەڵەدن بی)) سەرۆکە چەکدارەکان ئەم ڕستەیەی دووبارە کردەوە، ((دەبێ تاڵە موویەك لار نەبێتەوە))، من بەدەستی خۆم ژیانت دەپارێزم.

ئەم کوردە هێندە ڕەتێندرابوو، وەك ئاژەڵێکی کێوی وابوو، خەریك بوو دەمرد، ئێستا دەستی کردە قسەکردن، لەگەڵ دراوسێییەکیدا کە زۆر پارەی لەلایە، دەمەقڕەیان بووە و بووەتە شەڕیان.

-خوا شایەتە- بەم جۆرە بوو: قەرزارەکە وا بەدبەختانە شت بەر سەری کەوتووە، بە توندی بریندار بووە و لەهۆش خۆ چووە و مردووە، لەو کاتەوە کە نۆ ڕۆژ کەمتر نییە لە ترسی برای مردوەکە کە دەیەوێ تۆڵەی ئەوم لێ بکاتەوە، خۆم شاردووەتەوە.

زۆری نەخایاند داڵدەدراوەکە لای ئێمە بوو، کە ئەوی دوای کەوتبوو گەیشتە ئەوێ. سەگە بۆنکەرەکان ئەویان گەیاندبووە ئێرە، تا ئێرە بەدوایەوە بوون. ئەو ناتوانێ لە هەڵەدن هیچ شتێك لە دوژمنەکەی بکا و ئەمەش بەڕوونی کرا. من زۆر سەرسام بووم... ئاخۆ ئەم شتە بەچی دەگا. خزم و کەس‌وکاری هەردوولا لە چەند سەعاتێکی داهاتوودا پێك گەیشتن، بە خێسەوە بەرامبەر بەیەك دانیشتبوون و هیچ شتێکی دیکەیان لێ چاوەنواڕ نەدەکرا. دەست بە مامەڵەیەکی ئاسایی کرا لەگەڵیاندا، سەرۆکی چەکدارەکان زۆر بەبێ دەنگی گوێی لێ گرتبوون.

لایەنی کوژراو لە تۆڵەدا داوای هەشتا مسقاڵ زێڕ دەکەن، پاش ئەوەی ئەو پارەیە لەلایەن بکوژەکەوە درا، ئەوا گرفتەکە کۆتاییی دێ. ئەم لاوە

داماوە کە ناتوانیٚ ئەو پارەیە بدا، بۆی دەرکەوت ژیانی زۆری نەماوە، ئەگەر ئەو مامەڵەیە بەبیٚ ئەنجام کۆتاییی بیٚ. بۆیە ئەوی ئەو بۆی هەڵدەسووڕا، دیاریی کرد، پازدە مسقاڵ زێڕ بوو. وەڵام لەسەر ئەمە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانە بوو، ئەو زەویانەیش کە هەیبوون خرانە سەری و ڕەت کرانەوە.

شێخ مەجید، بیٚ ئەوەی قسەیەك بکا سەیری هەردوولای دەکرد. مامەڵەکردنەکە ئەو ئەنجامەی بوو کە بکوژەکە خوشکێکی زۆر جوانی هەیە، لایەنی کوژراو جارێك چوونەتە خوازبێنیی، بەڵام بکوژ ڕازی نەبوە، چونکە داواکەرەکەی بە زەلامێکی زۆر شەڕانی و نامەرد ناسراو بووە، کوڕە جوانە کوردەکە زۆر بە ئاگادارییەوە هەوڵی دەدا شتەکە بەم ئاقارەدا بەریٚ و بە توندی و تووڕەیی‌یەوە وتی: ((نا)). هەموو شتەکان تێك چوون و واتە چی دەبیٚ بابیٚ. پێم خۆشترە بمرم، نەك ئەو خوشکە جوانەم لە تۆڵەی خوێندا بدەمە ئەو کابرا نالەبارە. من سەرنجی شێخ مەجیدم دەدا، زۆر بە وردی دەیڕوانیە دوا مامەڵەکەی و زۆر بە تاسەوە ئاگاداریی دەکرد. من زۆر سەرسام بووم کە گەنجێکی وا هەوڵ بۆ پارێزگاریی خوشکەکەی دەدا.

ئەگەر شتێك لەسەر ناموس بیٚ، تەمەڵترین زەلامی ڕۆژهەڵاتی هەڵدەستێنێتە سەر پیٚ، سەرۆك هێزەکان ئەمە باش دەزانن. شێخ مەجید مۆڵەتی دان هەر کۆمەڵە و لە دوو ماڵی جیادا بمێنێتەوە، خۆی بووە کەفیلی بکوژەکە کە نایەڵیٚ ڕابکا.

لەم نێوانەدا کات بووە ئێوارە، هەموویان هاتنەوە بۆ ئەو ماڵەی کە لێی بوون. تەنیا ئەم لاوە "کازم" ناوە بکوژە بە چەند قسەیەکی توندوتیژ پێی وترا لە جێی خۆی بمێنێتەوە لە دیوەخان.

www.zheen.org

پاش ئەوەی هەموویان ئامادە بوون، شێخ مەجید بە خۆشحاڵی و دڵنیایی‌یەوە بە چپە قسەی لەگەڵ کازمدا دەکرد. ئێمە هیچ لەو قسانە

تێنەدەگەیشتین. ئەوەی کە بەدیمان دەکرد ئەوەبوو، ڕوخساری سەرۆك چەکدارەکان زیاتر دەگەشایەوە. لە کۆتاییدا دەستێکی بە شانی کابرای داواکاردا هێنا –تەنانەت عومەریش نەیدەتوانی بزانێ هۆی ئەم خۆشحاڵییەی شێخ مەجید چییە. پاش ئەوەی کازم خۆی بۆ دواوە کێشایەوە، کابرای داواکەر ڕووی پرسیاری کردە شێخ مەجید سەبارەت بەو ڕەفتارەی کە بەرامبەر بە کازمی پیاوکوژ نواندی!

پاشان سەرۆکی چەکدارەکان داوای کرد هەریەکە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە و جگەرەی پێشکەش کردین و نەخشەکەی خۆیی ئاشکرا کرد.

(برادەرەکەم)، پیاوی دووەمی لای سەرۆکی چەکدارەکان، شێخ محەمەد کە ئاشکرایە زۆر دڵی بەو کچە جوانەوەیە. کازمیش خۆی کە زۆر جوان و قۆزە، پێی وتم لەبەر ئەوەی خوشکەکەی زۆر جوانە، دەیتوانی زوو بەشووی بدا، بەڵام چونکە چواردە ساڵە، نایەوێ ئاوا زوو ئازادی بکا، دایك و باوکی لە زووەوە مردوون و بۆ یارمەتیدان لە کارکردندا تەنیا ئەوی هەیە. ئەم خوشك و براییە بەهێز و تۆخ و پێکەوەبوونە بۆ شێخ مەجید شتێکی زۆر تازەیە و زۆری بەدڵە. لەبەر ئەوە حەز دەکا ئەو کچە جارێك ببینێ و گەر قسەکانی کازم وابوو، ئەوا شێخ محەمەد کە هاوڕێیەکی زۆر چاکی منە، لەم مەبەستەی ئاگادار دەکەمەوە.

لەوانەیە لەم ڕێگەیەوە بتوانین خوازبێنیی بکەین لە کازم، تا ڕزگاری بکا و یارمەتیی بدا، دەڵێ هەر ئەمشەو خۆم بە دەمیەوە بڕۆم، دەیویست تەنیا یەك خزمی کازم و زێپ و عومەر و من لەگەڵیدا بڕۆین.

شێخ محەمەدیش زۆر لێمانەوە دوور نییە، چونکە لە ڕاوە، هەرچەندە دەمەوێ لە چەند هەفتەیەکی داهاتوودا سەری لێ بدەم، نایەوێ ئەو شتە پشت گوێ بخرێ و خێرا کۆتاییی پێ بهێنێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

((ئافەرین)) بە زێپ م وت: ((ئەمە دەبێتە شتێك)).

شێخ مەجید فەرمانەکانی خۆی دایە دەست پیاوێکی بڕواپێکراوی خۆی تا هاتنەوەی لەم گەشتەدا کە چوار تا پێنج ڕۆژ دەخایەنێ. دەبوو هەردوو عەشیرەتەکە تا گەڕانەوەی ئەو لێرە بمێننەوە، نابێ هیچ کەسێك لە ئاوایی بچێتەدەرێ– بەخێرایی ئەسپ زین کرا و پێویستیەکانیان بار کرد. بەوپەڕی پۆشتەو پەرداخیی جەنگەوە بە نهێنی غارمان دا.

ئەو شەوە ئاسمان زۆر ساف بوو، ئەستێرەکان دەبینران و خەرمانەی مانگ تیشکێکی ئەوتۆی پێ دەبەخشین کە ئێمە زۆر باش دەڕۆیشتین و غارمان دەکرد. ئەم ئەسپە شارەزایانە لەم شوێنانەدا زۆر جێی متمانەن و کوردەکان هەموو توولەڕێ و شوێنێك لە دوورو نزیك و ئەملاوئەولا زۆر باش شارەزا بوون. دەبوو لە هێرشکردنە سەرمان دڵنیا بین –کەس لەم ناوچە کوردییە بڕوا ناکا شێخ مەجید خۆی ئەم کارە نهێنییە ئەنجام بدا، بۆیە سێ دانە لە سەگە ڕاوکەرەکانی خۆیی لەگەڵ خۆدا هێنابوو، زۆر لە تانجیی فارسەکانەوە نزیکن. ئەم سەگانە هەر شتێکی نامۆیان هەست پێ بکردایە، ئێمەیان ئاگادار دەکردەوە، هەموو شتێکی دەوروبەری ئێمەیان دەپشکنی و زۆر جار ئەوانمان بۆ ماوەیەك نەدەدی، واتە لێمان دوور دەکەوتنەوە. تا لەپڕدا دەماندی یەکێك یا زیاتریان بە کلك ڕاوەشاندنەوە لە نزیکمانەوە خۆی پیشان دەدا. تەنیا فیکەیەکی هێواشی خاوەنەکەی بەس بوو تا لە ماوەیەکی کورتدا هەموویان بگەڕێنەوە. ئەم ئاژەڵانە وا ڕاهێنرابوون، هەموو فەرمانێك بە تەواوی و مسۆگەری بەجێ بهێنن.

www.zheen.org

هەموو شەوەکە بەبێ پشوودان و بەبێ ترس لە کارەساتێك غارمان دا، تا لەناکاو داوامان لێ کرا بوەستین. پاش چەند ساتێك توانیم بزانم شێوەی چەند ماڵێکی بەقوڕ دروستکراو لە دوورەوە دیارە، هەموو شتێك وەك مردوو

بێ دەنگە، ئێمە ڕوو بە هەوا غارمان دەدا. وادیار بوو سەگەکانی دێ هەستیان بە ئێمە نەکردبوو، چونکە –هەروەکوو هەموو شوێنێك– لێرەش لە کوردستان هەموو دانیشتوان لەبەر حەپەی سەگ خەبەریان دەبێتەوە.

لەو کاتەدا کە شێخ مەجید خزمەکەی کازمی ناردە ناو دێ، ئێمە جێیەکمان دۆزییەوە، پشت بەرزایی‌یەك بوو، ئامادە و چاوەڕوان بین چی ڕوو دەدا.

ئەم نێردراوە هەروەك پشیلە کێوی ڕووی کردە کۆلیتەکەی ماڵی کازم، ئەو شوێنەی کە بە تەنیا ئەم خوشکە خێرنەدیوەی کازمی لێیە. پێش ئەوەی سەگە خەوتوەکان خەبەریان ببێتەوە، گەیشتە بەردەمی خانوەکە، بە دەنگێکی نزم بە ناوی خۆیەوە بانگی کرد.

ئەو کاتە ئەم ئاژەڵە (سەگە) زیرەکانە وەك هەست بە شتێك بکەن، دەبوو بەرپەرچی بدەنەوە، ئەڵقەڕیزی دەرگای کردەوە و توانیی بێ‌دەنگ بچێتە ژوورەوە و کچەکەی لەو خەوە نائارامە کە لەوانەیە خەوی خراپی دیبێ، خەبەر کردەوە. سەگەکان زۆر جار نزیکی دەرگاکە دەبوونەوە و دەگەڕانەوە بۆ لای خاوەنەکانیان، تا کچەکە بە تەواوی خەبەری بووەوە و زانیی چییە.

کاتێك باڵای بۆرە زەلامێکی لە ژوورەکەیدا بەدی کرد، خەریك بوو لە ترسا ببوورێتەوە. کە بە چپە ناوی خۆی بۆ ئاشکرا کرد، کچە چووە ناو ژوورەکە، هەموو گیانی دەلەرزی و نەیدەزانی ئەم سەردانە چاوەڕواننەکراوە چ ئەنجامێکی هەیە، ئایا هەواڵی مردنی برا خۆشەویستەکەی پێ دەگەیەنێ، یا هەواڵی ڕزگاربوونیەتی؟! بەڵام خزمی کچەکە زۆر پەلەیەتی و زۆر شتی بۆ ڕوون کردەوە و باسی کرد چی بووە و ژیانی براکەی وا لەدەستی ئەمدا.

www.zheen.org

((من هەموو شتێك تەنیا لەپێناوی ئەوەدا دەکەم کە کازم بژی و بمێنێ، ئاوا وەلأمی دایەوە– گۆزەیەکی خاڵی هەڵگرەو بە ئەسپایی و نهێنی شوێن من بکەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە بۆی دەڕۆم، گەورەم لە قەراخی دێ چاوەڕێتە. شێخ مەجید دەیەوێ خۆی بتبینێ و شایەدی جوانیی تۆ بێ.

هەرچەندە ئەمە لە نەریت و دابی ئەم ناوچەیەدا نییە، دەبێ تۆ دوای من بکەوی، چونکە ئەمە لەپێناوی ژیانی کازمدایە!)). بە خێرایی وەلأمی دایەوە ((من دێم)). ئێمە پاشان دەڕۆین بۆ لای شێخ محەمەد.

تۆ ئێستا دەچیتە کانی بۆ ئاوهێنان –کەس لەم دێ و ناوچەیە شتێك لەبارەی ئەم هاتنەمانەوە نازانێ. ((تا مردن لەم شتە بێدەنگ بە!)). زیاتر لە چارەکە سەعاتێك چاوەڕوان بووین و گوێمان گرتبوو و نائارام بووین، ئایا یەکێك نزیك دەبێتەوە، ئاگای لەم کەین و بەینە دەبێ، کە پەلاماردانێکی خێرای ئێمەی دەویست.

لە کۆتاییدا دیمان دوو تارماییی ڕەش بەرەو لای ئێمە دێن، خەریك بوو سەگەکانمان هێرش بکەنە سەریان. فەرمانێکی خاوەن سەگەکانمان وایکرد سەگەکان بێدەنگ بن. ئێمەش کەمێك خۆمان کەنار گرت، تا نزیك بووینەوە لە خوشکە جوانەکەی کازم و خزمەکەی. ئێمە، لە شێوەی نیوە بازنێکدا ڕاوەستابووین. شێخ مەجید بۆ ئەو کچە (نیو لەچك بەسەرە)ی ڕوون کردەوە بۆچی هاتووین و فەرمانی دا لەچکەکەی لابەرێ.

وەك ڕۆژ لەبەردەمی ئێمە هەڵبێ وابوو، ئەو بەژن و بالأ ڕێك و جوانە وەك گوڵە میلاقەیە، ئەو ڕوخسارەی وەك خونچەی گوڵەباخێکە ئاونگ لێی دابێ. وا دیار بوو شێخ مەجید دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەبوو ئایا ئەم منالە ناسکە بۆ خۆی بهێڵێتەوە؟ یا بیداتە هاوڕێیەکەی "محەمەد"؟ پاش بیرکردنەوە ڕووگرژکردن وتی ((بڕۆین!)).

ئەم وتەیەی لەدەم دەرهات. چەند ساتێکی کورت بە پێچەوانەی ڕێی ڕوو بە دێ و بەرەو ڕۆژهەڵاتی دێکە غارمان دا. هەوڵێکی زۆری لەگەڵ خۆی داو گینگڵی خوارد، پاشان سەرۆکی چەکدارەکان لەسەر بەڵێنەکەی خۆی سوور بوو، دەیویست شێخ محەمەدی برادەری بەو کیژۆڵەیە خۆشحاڵ بکا. پاش چەند ساتێکی درێژ و بێدەنگی و غارێکی خێرا سەرلەنوێ دەست کرایەوە بە قسەکردن و بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی بێدەنگیی پێشوو پڕ بکاتەوە، جاروباریش دادەبەزین، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی وا لەگەڵ خۆماندا هێنابوومانن، بیخۆین. پاشان گەڕاینەوە بۆ دێیەکی زۆر کەنار، تا ئەم ئاژەڵە داماوانەیش لەوێ پشوویەك بدەن و شتێکیش خۆیان تێر بکەن. لە هەموو لایەکەوە لەو پاشنیوەڕۆیەدا دەمانپرسی ئایا ڕاوکەر بێرەدا تێپەڕیوە، یا کەستان دیوە؟ تەنیا وەڵاممان بە نەخێر دەدرایەوە.

کاتی ئێوارە، پیرەمێردێك لەسەر ڕێمان بوو، هیوامان زیاتر بوو. کە هەواڵمان پرسی، وتی: چەند ساتێك لەمەوپێش لە سەرووی ڕۆژهەڵاتەوە گوێم لە تەقەیەکی زۆر بووە، ئەم هەواڵە ئێمەی سەرلەنوێ ئاگادار کردەوە و ئامادە بووین. سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژێکی زۆر ئاسایی بوو، بەڵام بووە هۆی ئەوەی کە زۆر ئاگادار بین.

هەرچەندە ئەم شوێنە شاخێکی ڕووت بوو، لە هەموو لایەکەوە دەوری ئێمەی دابوو، هیچ شتێکمان بەدی نەدەکرد. لەپڕ سەگێکی شێخ مەجید دەستی کردە وەڕین و مووشە لەو ناوەدا. وا دیار بوو جێپێی زەلامێکی هەڵگرتبوو، بە ڕاکردن دوای کەوتبوو، دوای ئەوان کەوتین.

پاش نیو سەعاتێك سەیرمان کرد خوارووی ئێمە دێیەکە، سەگەکە بە خێرایی بەرەو ئەوێ دەچوو، سەگەکەمان گەڕاندەوە، تا زۆر باش ئاگاداری خۆمان بین. چوونەخوارەوە لەو شەوە تاریکەدا مەترسیدار بوو. کاتێك چووینە

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوارەوە، بە خێرایی چووینە ناو دێیەکە، دێی سەر بە شێخ مەجید بوو. لە ناوەڕستی دێدا وەستاین. پاش تاوێك کوردە چەکدارەکان زانییان شێخ مەجیدی سەرۆکیان لەناو دێدایە، بە هەموو کۆڵانەکانی دێدا بلاّو بوونەوە. گەیشتینە ماڵی شێخ محەمەد، ئەم شڵەژان و خرۆشانە لەناو دێدا، بووە هۆی ئەوەی کە شێخ محەمەد واز لە خواردنی ئێوارەی خۆی بهێنێ و بێتە دەرەوە.

کاتێك ئەم دوو سەرۆك خێڵە پێك گەشتن، زۆر خۆشحاڵ بوون و یەکتریان ماچ کرد. ئێستاش ئێوارەیەکی خۆش و خواردنێکی باش چاوەڕوانمان دەکا، چونکە شێخ محەمەد حەزی لە ڕاوە و ئەمڕۆش زۆری ڕاو کردووە، دەیویست سەرێك لە شێخ مەجید بدا و ئەم سەردانەی بە شێوەیەکی زۆر لەسەرخۆ و بەدەم ڕاوکردنەوە و هیوایەکی خۆی بوو، دەیویست بەدیی بهێنێ.

لەکاتێکدا ئێمە لەگەڵ دانیشتوانی دێدا، کە زۆربەیان لاوی زۆربڵێ و دانیشتبوون، حەزیان لە باس‌وخواسی ئەو ئەفسانانە بوو کە دواجار ڕوویان دابوو، هەروەها گوێیان بۆ یەکتری شل دەکرد و سەریان لەم دوو گەشتیارەی کە لە دوورەوە هاتوون، سوڕ دەما؛ هەردوو (پیاوە گەورەکەش) بە تەنیا دوور لە ئێمە دانیشتبوون، لە هۆی هاتنمان بۆ ئەم شوێنە دەدوان. من و زێپ ویستمان ئەو لەو گفتوگۆ درێژە نەبڕین، نیوە شەو لەگەڵ مەلای دێدا ڕۆیشتین بۆ ماڵی ئەوان و شەوێکی زۆر خۆشمان بەسەر برد، زۆر ماندوو بووین. هەر زۆر زوو و زۆر بە قووڵی خەوتین، بە شێوەیەك کە هەزاران کەسی خەڵکی ئەویێ نەیاندەتوانی لەم شوێنە خەبەرمان بکەنەوە.

بەیانی زوو بێ ئەوەی هیچ حیسابێکمان بۆ بکەن، ئێمەیان لە خەو کرد. خوانێکی زۆر باش ئامادەبوو، لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی شێخ محەمەددا سواری ئەسپی ئامادەی حەساوەو هێستریش بووین. نیوەڕۆ لە



www.zheen.org

کورتترین ڕێوە گەیشتینە ئەو دێیەی کە کیژۆڵە جوانەکەی خوشکی کازمی (پیاوکوژی) لێ دەژیا. ئەمڕۆ ڕێمان درابوو بە ناو دێدا غار بدەین و لە دەرەوەی دێش جێی حەوانەوە دیاری کرابوو. هەموو دانیشتوانی دێ بەشەرمەوە تەماشایان دەکردین، لە پێش دەمی شێخ مەجیددا خۆیان دەچەماندەوە و خاکی بەردەمی ئەویان ماچ دەکرد. ئەویش ئەوانی داوەت دەکرد بۆ خواردن، بۆ ئەو هیچی تێ نەدەچوو ئەوان خواردنێکی باشیان لەگەڵدا بخۆن. ئەو کەسەی کە چاوساغمان بوو، خەڵکی ئەم دێیە بوو، دەچوو گوێی هەڵدەخست بۆ ئەوەی بزانێ کەس هەواڵێکی کازم دەزانێ، یا لەبارەی ئەوەوە کە هەڵهاتووە.

بەڵێ، واباس دەکەن هەردوولا نزیکی دوو تا سێ ڕۆژە ون بوون. دەبوو من بە دزییەوە پێ بکەنم، چونکە دەمزانی هەردوولا لە (هەڵەدن) دەستبەسەرن. شێخ مەجیدو عومەر و من دەمانویست بەرەو هەڵەدن بگەڕێینەوە. لەوکاتەدا سەرخێڵ ئاگاداری هەموو پیاوەکانی دێی کردەوە کۆ ببنەوە، لەبەر ئەوەی من ئاغاو بەرپرسی ئێوەم و مردن و ژیانی ئێوە بە دەستی منە، بۆیە هاوولاتیان، بڕیارم داوە، خوشکی کازم بدەم بە ((هاوڕێ و برام)) شێخ محەمەد بە شێوەیەکی شەرعی کە ببێتە (هاوسەری) و مارەیییەکەی دەدرێتە کازمی برای، هەر کاتێك دۆزرایەوە. پیاوەکان بێ هیچ وەڵامدانەوەیەك فەرمانەکەی ئاغایان قبووڵ کرد، پاشان بە خێرایی غارمان دا، ئەو شارەزایەی کە لەگەڵماندا بوو، برازی کازم بوو، چەند ساتێك پێش ئێمە خۆی و ئەم ژنە بەشوودراوە لەگەڵ شێخ محەمەددا ڕۆیشتن، هێشتا ئەم کچە ئەوی نەدیوە.

ئێمە زۆر بە دەگمەن جارێك وەك ئەم شەوەی کە بەرەو هەڵەدن دەچین، ئاوا بە وردی بەرەو دێ غارمان داوە، وامان بەیاددا دێ خۆمان دەخەینە گێژاوەوە. نوێنەری سەرۆکی فەرماندە یەکسەر هات و خۆی نیشان دا و

ئاگاداری کردینەوە کە هیچ ڕووی نەداوە، هەموو ئیشێکی زۆر بەباشی کردووە بە شێوەیەك کە کەس نەیتوانیوە سنووری دێکە ببەزێنێ. تەنیا لایەنی کوژراوەکە ناڕەحەتیی خۆیان دەربڕیوە و چەند وتەیەکی نابەجێیان کردووە، دەبێ پیاوی گەورە لەسەر ئەوە حیسابیان لەگەڵدا بکا.

شێخ مەجید ئاوا خۆشحاڵ بوو، تەنانەت بۆ ئەو توانجانەش وا خۆی پیشان دا هیچی نەبیستووە. نیوەڕۆی دوایی داوای هەردوو عەشیرەت کرا بۆ ئاشتبوونەوە، هەردوولا بەرانبەر بە یەکتر دانیشتن، سەروچاویان تووڕەو مڕومۆچ بوو، هیچ کەسێك لەمانەی کە ئامادەی ئەم دانیشتنەن، ئاگادار نین چەند ڕۆژێك و سەعاتێك لەمەوپێش چیمان دیبوو. کازمیش زۆر بەوردی چاوی بڕیبووە سەروچاوی شێخ مەجید و چاوەڕێی دەکرد.

"شیخ مەجید" لە نێوان هەردوو تاقمی دوژمندا دانیشتبوو. جێی لای ڕاستی ئەو بۆ من دیاری کرابوو، لای چەپیش بۆ زێپ. بڕیاری مامەڵەکردنی نەدابوو تا ئەو توانجە لەو ببیستێ، کەس نەیدەتوانی خۆی ببزوێنێ (هەموان بێ دەنگ چاوەڕێ بوون).

پاش ساتێك شێخ محەمەد دەرکەوت، دوو پاسەوانی لەدواوە بوون، هەموو لە سەربانی ئەو ماڵە بوون کە لێی مابوونەوە. لەبەردەمی ئەم گەورە میوانە ناوەختەدا هەستانە سەرپێ. زێپ کە لەلای شێخ مەجیدەوە بوو، جێی بۆ کردەوە. جا ئێستا مامەڵەیەکی یەکجار گەرم دەستی پێ کرد و زۆری خایاند. جارێکی تر کازم هەموو هەوڵێکی دا دوژمنەکانی بە پارەو شتومەك ڕازی بکا. یەکێك لەو مەسەلەیەدا مەبەستی هەیە تەنگ بەم هەژارە هەڵچنێ و بە تەواوی دەیزانی کازم زۆر کەمدەستە، ئەوی داوای لێ دەکرا نەیدەتوانی بیدا. ئەوەی کە داوا کرابوو هەشتا پاوەند بوو، هیچ قسەیەکی لەسەر نەکرا.

www.zheen.org

لەپڕ شێخ محەمەد هەستایە سەر پێ و لەسەرخۆ و بە ڕێز و دەنگێکی وەك شێرو برووسکەوە وتی: ((ئەمڕۆ ئافرەتێکم کڕی*، برای ئەو کچە لەبەر تۆڵەی خوێن هەڵهاتووە، خوشکی کازمە! ئەو سەد دینارە بگرە!)).

لە هەردوو لاوە دەنگەدەنگ دێ، کازم لە هیچ ئاگادار نییە، چۆن ئەمە واخێرا ڕووی داوە!! بەڵام دوژمنەکانی لەبەردەمیدان، بەئاگان و دەیگرن. تا ئەو ڕقەی کە لە چاویدا بوو، بیشارێتەوە، هەوڵی دا ددان بەخۆیدا بگرێ. کاتێك کازم لەم شاگەشکەیە بووەوە، خەیاڵێکی قووڵ و لەبن نەهاتوو بردیەوە: دەبێ هەمیشە دەستی ئەم زاوا تازەیەی ماچ بکا، چونکە دۆستی شێخ مەجیدە، خوشکە خۆشەویستەکەی جێیەکی باش و بەرزی دەبێ (ئەگەر لای ئەو بێ).

پاشان سەرۆك خێڵ هەشتا پاوەند (دینار)ی لەبەردەمی هەموو دانیشتواندا وەك پارەی خوێن بۆ کوژراوەکە ژمارد لە هەقی تۆڵەکەی. ئەوانیش پارەکەیان وەرگرت. ئەم خوێنە ئاوا خۆش کراو کۆتاییی پێ هات.

کازمی خۆشبەخت ئازاد کرا. چ خۆشییەك بوو بۆ کازم و خوشکەکەی، مرۆڤ هەستی پێ دەکرد و زیاتر خۆشحاڵ دەبوو، کاتێك شێخ محەمەد ناوی برد و بانگی کرد و پەنجا پاوەندی خستە دەستی.

لە هەمووی خۆشتر و گرنگتر ئەوە بوو، وتی: کازم بە ڕەزامەندیی شێخ مەجید دەتکەمە پاسەوانی تایبەتی خۆم، تا ئەو بتوانێ زۆر نزیکی خوشکەکەی بێ، ئەویش داوای لە گەورە تازەکەی کرد دوو ڕۆژ پشووی پێ

* جارێکی تر نووسەر دەکەوێتە هەڵەوە، لە کوردەواریدا هیچ کاتێك ژن نەفرۆشراوە، ڕاستە ئەوە باو بووە کە کچ بەزۆر و بەبێ ئارەزووی خۆی دراوە بە شوو، مەبەست بەدەستهێنانی بەرژەوەندییێکی ماددی یان مەعنەویی تر بووە. ئەمە هەمووی لە چوارچێوەی بە شووداندا بووە نەك کڕین و فرۆشتن. (فیرۆز)

بدا، به خۆشحاڵییەوە پەسندی کرد، بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێك بە خۆشی و بەختەوەری بەسەر ببا و لە کاتی خۆیدا بگەڕێتەوە.

پاش چەند ڕۆژێك پیاوێکمان دوواند، جێگەی چەند زامێك لە دەست و دەموچاویدا بەدی دەکرا، گوایە وەختی خۆی لە ئەسپ هەڵدێراوە. وتی ئەوانەی لە ناوچە دوورەکانەوە هاتوون، دەڵێن گوایە لاشەیەکیان دۆزیوەتەوە و لاشەکە بە هۆی ئاژەڵی کێوییەوە زۆری خوراوە و ناناسرێتەوە.

لەوە زیاتر باسی هیچ نەکرا، بەتایبەتی لەبارەی کازمەوە. ئەم ڕووداوە زۆری بەسەردا نەچوو کە نێردراوێك بە سواری بەدوای ئێمەدا دەگەڕا، نامەیەکی بۆ هێنابووین، دەبوو عومەر بۆمان بخوێنێتەوە، ئێمە تائێستا شارەزای نووسینی کوردی نین و کاتیشمان بۆ ئەو مەبەستە نەبوە. ئەو نامەیە بۆ داوەتکردنمان بوو لای (ئاغایەکی کورد) "ئاغا باسار"، لە نامەکەدا نووسرابوو: بۆ ئەفەندییانی ڕێزدارم لە وڵاتی ڕۆژئاواوە، پێویستە ناوتان لە هەموو سووچێکی کوردستان ببیسترێ، وەك تیشکی خۆری سەر لەبەیانی کە هەموو زەوی ماچ دەکا، وەك بۆنکردنی بۆنی خۆشی نێرگس...

من دەمەوێ بە توانایی و شارەزایی و پسپۆڕیتان ئاشنا بم، لە میوانداریيە دەوڵەمەندەکەتان بێبەش نەبم. جا داوامە ڕەزامەند بن، خزمەتکارانم لە سنووری ناوچەکەمدا چاوەڕێتانن، بە دڵنیایی‌یەوە دەتانگەیێننە ئێرە.

هەرچەند وادیاربوو ئەم میوانداریيە زۆر جێی سەرسوڕمان بێ، بەڵام لەم کاتەدا بەباشم نەدەزانی، لەبەر ئەوەی دەمویست چەند ڕۆژی داهاتوو لەگەڵ زێپ و عومەردا بڕۆین بۆ سەردانی (ئەشکەوتی زێڕین)، تا بزانین چیی تێدایە. جارێکیان عومەر باسی کرد و پێی وابوو ئەگەر مرۆڤ تەنیا هێندێك چاڵ هەڵکەنێ، ڕێی لە زێڕێکی تێکەڵ (پیس) دەکەوێ. لەوانەشە ئەوە ڕەگی ئاڵتوون بێ، لەبەر ئەوەی تێکەڵە، لای کوردەکان بێنرخە.

دەڵێن سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئەشکەوتە خێوی تێدایە، هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بچێتە ناوی، دەکرێ مرۆڤ بەردە بەنرخەکانیش بدۆزێتەوە، ئەوانیش هەر بەو شێوەیە تێکەڵەن.

هەرچۆنێك بووە دەبێ سەردانی ئەم ئەشکەوتە جێبەجێ بکرێ. ئێمە دەتوانین بە تاقیکردنەوەیەکی جیۆلۆجی بە تەنیا بیکەین، ئەگەر شتێکمان دۆزییەوە، ئەوا کەس هاوبەشمان نییە. پاشان ئەم ئەشکەوتە زێڕینە کە زێڕی تێکەڵی تێدایە، جارێکی تر دەبێتە جێی متمانە. بەڵام نێردراوەکەی ئاغا "باسار" نەیدەویست بەبێ ئێمە بگەڕێتەوە، بۆیە سەردانی ئەم ئەشکەوتە زێڕینەمان دوا خست بۆ دوای گەڕانەوەمان. داوامان لە شێخ مەجید کرد دووسێ هەفتە ڕێمان بدا.

ڕۆژێکی پێش گەشتەکەمان، ئاهەنگێکی مۆسیقا و سوارچاکییان بۆ ڕێزلێنان بۆ ساز کردین. ئەو ئامێرە بچکۆلەیەی کە شادیبەخشە (ئۆکۆردیۆن "ڕیگینا") ئەویش بەشداری ئەم شادی و ئاهەنگە بوو، ناوی ئەم ئامێرە تا شوێنانی دوور ڕۆیشتبوو، چەندەها دەستی ناشارەزای دیبوو، ئازاریان دابوو، خەریك بوو لەناو دەچوو. کەسێك نەیدەزانی دەنگێك لەم سنووقە هەژارە دەربێنێ، دەیانگوت ئەمە کاتێك پیاو لەسەر سکی لێی بدا، توانایی دێوێکی گەورەی تێدایە، دەست دەکاتە گریان یا پێکەنین.

هەموو دەروێش و پیاوانی دێی هەڵەدن میوانداری کرابوون بۆ ئەم ئاهەنگی ماڵئاواییکردنە ، تا لەو سوارچاکییەدا بەشدار بن. شێخ مەجید کە سواری ئەسپێکی ڕەسەنی کوردی بوو، بە شێوە غارێکی هونەری لەپێش هەموویانەوە بوو. من ماوەیەك خەریکی ئۆکۆردیۆن لێدان بووم بۆ ئەو میوانانەی وا بەلامدا تێ دەپەڕین، ئەمە دڵخۆشییەکی زۆر بوو. زۆربەیان ناوبانگی ئەم ئۆکۆردیۆنەیان "ڕیگینا" بەر گوێ کەوتبوو، بەڵام ئاوازییان

نەبیستبوو. بەم شێوەیە دوا ڕۆژی مانەوەمان لە هەڵەدن کۆتایی هات، پاش ئەوەی پێنج هەفتە بە خۆشی و شادی لەوێماینەوە. پاش چەند کارێکی سوارچاکی و یاری، نۆرەی نانخواردن هات، زۆر بەلەزەت بوو، چونکە ڕۆژی پێشوو ڕاوێکی چاك بۆ ئەو مەبەستە کرابوو.

شێخ مەجید و شێخ محەمەد تا زۆر دووری ناوچەکە لەگەڵماندا هاتن بۆ ڕێزگرتن و بەڕێکردن. پاش چەند ڕۆژێك گەیشتینە سنووری ناوچەی "ئاغا باسار"، لێرە ماڵئاواییمان لە یاوەرەکانمان کرد، زۆر بەتاسەوە و بەگەرمی داوایان کرد پاش سەردانەکەی ئاغا باسار لە چەند هەفتەیەکدا بگەڕێینەوە. شێخ محەمەد دەیویست وەك میوان سەر لەویش بدەین. جگە لە نێردراوەکانی ئاغا باسار، تەنها ئێمەو عومەر و دوو پاسەوان کە کوڕی پاشا "شێخ لەتیف" لەگەڵماندا ناردبوونی، مانەوە بۆ پاراستنمان. پاش تاوێك کە ئێمە لەو هاوڕێیانە جیا بووینەوە، لە دوورەوە چەند کۆمەڵێك جەنگاوەری پڕ چەکمان دی، ڕاست و چەپی ڕێیەکەیان گرتبوو، ئەسپەکانیان لە نزیکی خۆیانەوە بەستبوەوە. کاتێك گەیشتینە نزیکی پیاوەکانی ئاغا باسار و زانییان ئێمەین، گوێمان لە هاوارێکی بەرز بوو. ئەو کاتە هەموو ئەوانەی وا ئامادە بوون، کەوتنە جووڵە و تا نزیك بووینەوە ئەوان سواری ئەسپەکانیان بوون– ژمارەیان نزیکەی پەنجا کەس دەبوو، لە ڕاستی ڕێیەکەوە بە پۆل وەستابوون و چەکەکانیان لە دەستی ڕاستیاندا بوو. سەرکردەکەیان هاتە خوارەوە، دەستی ماچ کردین و ئاگاداری کردینەوە، کە ئاغا باسار بۆ پێشوازیی ئێمەی ناردوون.

لە پاشدا فەرمانێکی دا کە ئێمە تێ نەگەیشتین، هەروەك برووسکە لەیەك کاتدا لە پەنجا تفەنگەوە تەقە کرا. ئەمە وای لێ کردین پێمان وابێ وەك بیرکردنەوەیەکی نوێی ئەوروپی بوو بۆ میوان.

www.zheen.org

پاش دوو ڕۆژ غارکردن، بەتایبەتی بەناو شوێنێکی زۆنگ و سەوزاییدا، چووینە ناو نێرگزەجاڕ، پاشان گەیشتینە گوندی (گاپیلۆن). بەمانای کوردی (ملوانکەی گا) * .

یەکسەر ئێمەیان بردە ناو ماڵێکی گەورە، ژوورەکانی فەرشیان تێدا ڕاخرابوو، ڕازاوەو ئامادە بوو بۆ بەخێرهاتنمان. لەوێ ئەم سەردارە کوردە چاوەڕێمان بوو، ئەو لە بەژن و باڵاو ڕوخساریدا دیار بوو پیاوماقووڵ و ژیرو و خەمخۆر بوو، جێی شەڕەکانی دژ بە فارس بەڕوخساریەوە دیار بوو.

دانیشتین، ئەویش ڕووبەڕووی ئێمە لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو، ئەم جۆرە لەسەرچۆك دانیشتنە بۆ دەربڕینی ئەوە بوو کە ئێمە چ میوانێکی ئازیزین و بۆ ڕێزلێگرتنمان بوو. پاش ئەم میوانداری و ڕێوڕەسمانە، دیمان کەمێك هێور بووەوەو بەتەواوی کرایەوە.

ئەوەی خۆشحاڵی کردم کوڕە مناڵەکەی حاجی ئاغا باسار[1] * بوو کە نزیکەی چوار ساڵ دەبوو، بەخۆوە بوو. پاش گەیشتنمان کوڕە ئاغا هاتە ژوورەکەو چەپکێك گوڵی نێرگزی کێویی پێ بوو، هەریەکە گوڵێکی پێشکەش کردین، زێپ و من و عومەر– بەشێکی چەپکەکە، ئەوەی تری دا بە

---

* گاپیلۆن لەوە ناچێ ڕیشەیەکی کوردیی هەبێ، زیاتر لەوە دەچێ ڕیشەیەکی یۆنانیی هەبێ. چونکە کوردستان– وەك بەشەکانی تری ناوچەکە– ماوەیەك بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەی سلووکییە یۆنانیەکان. (فیرۆز)

[1] ئەو سەردەمە، هێندەی بزانین، حاجی عەباس ئاغای سەلیم ئاغا لە ئاغایانی میراودەلی – برای بابەکراغای سەلیم ئاغا– گەورەی دێی گاپیلۆن بووە. بۆیە بێگومانین کە ئەوە هەر حاجی عەباس ئاغا بووە. ئەو منداڵەیش، دەبێ ئەحمەد ئاغای کوڕی بووبێ. لەوبارەیەوە بڕوانە: سدیق ساڵح، بەشێك لە بیرەوەریەکانی ئەحمەد ئاغای حاجی عەباس ئاغا، "پەیڤین" (گۆڤار)، ژ٣، ئۆگۆستی ١٩٩٨. (بنکەی ژین)

بنکەی ژین www.zheen.org

باوكی. پاشان بە تێڕوانینێكی سەیرەوە لەلای چەپی باوكیەوە دانیشت، شتێكی سەرسورهێن بوو بۆ من، ئەم منداڵە چۆن ئاوا پەروەردە دەكرێ. من لە كوردستان فێر بووم كە مرۆڤ دەبێ لەبەردەمی پیاوی بەتەمەندا هەستێتە سەرپێ، تا ئەو فەرمانی دانیشتنی پێ دەدا. چۆن هەموان لە بەردەممماندا هەڵدەستان كە پێكەوە دەچووینە شوێنێك. ئەم نەریتە لای ئەم بچكۆلەیەش هەبوو، تەنانەت باوكی لەبەردەمیا هەڵدەستا. ئەوجا تێگەیشتم كوڕە میر لە كوردستان چەند جێ و ڕێی بەرز و گرنگە.

پاش خواردنێكی تێروپڕی ئێوارە و لە پێویست زیاتر لێی ڕاكشاین، ئاغا باسار چووبوو بۆ مزگەوت بۆ نوێژی (خەوتنان)، نزیكی سەعات نۆ هاتەوە و لەگەڵماندا دانیشت، داوای كرد دەرمانی بدەینێ، لەوەی كە بۆمان هێناوە. بە سەرسورمانەوە سەیری زێپم دەكرد. چی بكەین، ئەو دەرمانەی بدەینێ كە بۆمان هێناوە؟ خەریك بوو پێ بكەنم –بەبێ چاوەڕوانی وتی: خوا لە ڕێی ئێوەوە دەرمانی بۆ مامم ناردووە. دەبوو بە خێرایی خۆ لەگەڵ ئەو وەزعەدا بگونجێنم، بۆیە وەڵامم دایەوە: ((ئەو دەرمانانە! بەڵێ بەڵێ، پێمانە، دەبێ پێش هەموو شتێك ئەو نەخۆشە ببینین.

من و "زێپ"یان بردەماڵێكی بەرامبەریان. كاتێك چووینە ژوورەوە،ماینێك لچی پێدا هێنام. پاشان لە ڕێڕەوێكی تەسكەوە گەیشتینە ژوورێكی گەورەی بە دووكەڵ ڕەش، ئاگرێكی كز لەناوەڕاستیدا دەگڕا. جێگەیەكی ئاسایی لەوێ داخرابوو. هەستمان بە گرنگیی ئەو جانتایە كرد كە دزەكان خاڵییان كردەوە و دووبارە پڕمان كردبوو لە دەرمان و پێویستیی پزیشكی. ئەوەی پێمان بوو –لە دكتۆر تواناترە– ڕێكوپێكمان كردبووەوە.

ئەو پەنجەرە داخراوەمان كردەوە، تا هەوایەكی پاك بێتە ژوورەوە، زەلامێك لە سووچی ژوورەكەدا لەناو لێفەدا پاڵ كەوتبوو، لەو جێگایەی وا ئەو پیاوەی

لیٚ بوو، چەند ژنێکیش کە نزیکەی پێنج دەبوون، دەگریان و دووعایان دەخوێند. ئەوانمان کردە دەرەوە. ئێستا بەوردی تەماشایەکی نەخۆشەکە دەکەین، تەوێڵی گڕی لیٚ دەباری. لەکاتێکدا لێدانی دڵم دەژمارد، زێپ سەعاتەکەی دەستیی داکەند و فەرمانی دا ((ئاگاداربە، تەواو، دەست پیٚ بکە)). ئەگەر خۆم ئەوەم نەکردایە، هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەم نەخۆشە دڵی (١٤١) جار لە یەك خولەکدا لیٚ دەدەا. ئایا ئەوروپاییەکی شارستانی دەتوانیٚ بەرگەی ئەم تایە بگریٚ، بە هیچ شێوەیەك بڕوا ناکەم، (١٤١) لێدانی دڵ لە خولەکێکدا... قسەم لەگەڵ زێپ کرد، ئەمە وەزعێکی زۆر خراپە، ئەگەر ئەم نەخۆشە دەرمانێکی بدەینیٚ و بمریٚ، دەبینە هۆی مردنی و لێمان خۆش نابن.

دەبوو لە هەموو حاڵەتێکدا شتێك بکەین، تا لە شارەزایی و لە توانایییە گەورەکانمان کەم نەبێتەوە. کە پرسیمان چەند ڕۆژە ئەم نەخۆشە لێرە کەوتووە؟ -چوار ڕۆژە- چۆن وای لیٚ هات؟ پێیان وتم ئەم مامە باشەم سەری دابوو لە یەکێك لەم دیٚ نزیکانە، بارانێکی باش لە گەڕانەوەیدا تەڕی کردبوو و ڕەشەبایەکی ساردیش بوو. پاش هاتنەوەی بە تاقێك، خوا ئەم دەردەی بۆ نارد و لەوساوە لە جێدا کەوتووە. ژنەکانی بۆ ئەوەی دوور بیٚ لە ترسی جنۆکە و خێو، هەمیشە لە تەنیشتیەوە چاودێریی دەکەن و لە ڕێی دوعاوە ئەو جنۆکە (خراپانەی) لیٚ دوور دەخەنەوە، ئەمە بەسە بۆ من، پرسیم، چەند جار دەچێتە سەر ئاو؟

تا شتەکان ببەمەوە سەر باسەکەی خۆی. ئەو لەوکاتەوە سەرئاوی نەکردووە و تائێستا خواردنی نەدراوەتیٚ. ئەمەش لە وەڵامی پرسیاری مندا بوو، ئایا هیچ دەرمانێك یا چایەکی (چاککەرەوەتان) داوەتیٚ ؟ پرسیارم دووبارە کردەوە. ئەوان زۆر بە ساویلکەیی و گێلی دەیانڕوانییە من و ئەم

www.zheen.org

وەڵامەیان دامەوە: ((ئێمە خواردنمان دایێ؟ نا- بەڵام نایخوا!)). ((خوا وای ویست، خوا نەخۆشی خست، ئەوە بەشی خوایە)).

ئێستا ئەم پیاوە فەقیرە چوار ڕۆژو چوار شەوە بەمجۆرە پاڵ کەوتووە، نەخۆشە، بێ ئەوەی تۆزێك بخوا، یا دەرمانێك وەربگرێ، یان دەسماڵێکی تەڕ بخەنە سەر نێوچاوانی کە گڕی گرتبوو، چونکە ((خوا وای دەوێ)). ئێمە لێرەدا لە جێگەیەکی سەیرداین و حەپەساوین، من تۆزێك (کنین)م لا بوو کە دژی تایە، خۆم و زێپ بۆ چارەسەری مەلاریا پێمان بوو. منیش ڕوونم کردەوە بۆ ئەو پیاوانەی کە لە دەورمان کۆ بووبوونەوە، لەوانەیە ئەم مامە پیرەیە بمرێ، چونکە نەخۆشیەکەی کاریگەرە، بەڵام من هەموو توانایی یەکم دەخەمە کار، ڕەنگە بتوانم شتێك یارمەتیی بدەم، یەکەم حەبم بەپێی ئەم ئاگاداریانە دایێ.

ڕۆژی دوایی ئاگاداریان کردینەوە زۆر باشتر بوو لەڕاستیدا کاتێك لێدانی دڵیمان گرت، ١٢٠ لێی دەدا، حەبێکی ترمان دایێ و وتمان دەبێ تێروپڕ شۆربایەکی مریشك بخوا تا ئەم نەخۆشە برسییە بژێیتەوە. ئەو ڕۆژە لەگەڵ حاجی ئاغا باساردا سوار بووین، دەیویست ناوچەکەی دەسەڵاتی خۆیمان پیشان بدا، زۆر درەنگ گەڕاینەوە.

تازە گەیشتبووینە دێ، کاتێك بەبەردەم ماڵی مامیدا دەڕۆیشتین دیمان ژنە لەچکدارەکانیان دەگرین و هاوار دەکەن و دەستیان ڕادەوەشاند. ویستمان بزانین چییە. بە چپە بە زێبم وت: ((مردووە)) ئەمەش دەبێتە گرفتێك بۆ ئێمە. کە دیم ئەو نەمردووە، خەریك بوو پێ بکەنم، ئەو تەنیا وەزعی خراپ بووبوو. دەمانگوت گوایە وا دەزانن ئێمە (حەبی مردنمان) داوەتێ! کەس وکاری وا لە ئێمە تێ دەگەیشتن.

www.zheen.org

بەم پێیە تەنیا ئەوەم وەبیر هاتەوە کە لەمەوپێش وتم: لەوانەیە مامی بمرێ جارێکی کەش هەوڵ دەدەم، لەوانەیە ڕزگاری بکەم. جارێکی کە حەبم دایێ. دڵی ١٣٠ جار لێی دەدا، کەواتە وا زۆر خراپ نەبوە. دڵنیام کردەوە کە ڕۆژی داهاتوو چاکتر دەبێ، هەرواش بوو، نزیکەی یەك هەفتە ئەم نەخۆشەمان چارەسەر کرد، تا بە تەواوی هاتەوە سەر خۆی. گەر چاوەڕوانی پاداشت بوومایە، ئەوا دڵەڕاوکێیەکی زۆرم دەکرد، ئایا مامی چیمان پێ دەڵێ، هەستم کرد تەنیا ئەو دەرمانانەی ئێمە بوو یارمەتیی دا.

وەڵامی ئەو چی بوو؟ ((شیفا لەلای خوایە))، تەنها دەست پانکردنەوەیەك بوو بۆ ئاسمان. ئێمە ئێستە زانیمان کە شیفا لای خوایە، ئەو هەموو توانایی و هێزێکە لە ڕۆژهەڵات، لە ئاخەوە بۆ ئۆف.

بەسەرهاتێکی تر ئەوەبوو، کە دەبوو وەك دکتۆر هەڵسوکەوتمان بکردایە، ئەمە پاش ماوەیەك لە چاکبوونەوەی مامە پیرەکە. درەنگەشەوێك لە قسەکردندا گوێمان لە دەنگی پێی زەلامێك بوو، خێرا بوو، دەنگی دەهات. خزمەتکارێك بە پەلە پەیدا بوو، وتی: زەلامێك بە سەختی بریندارە. کاتێك ڕێمان دا بێتە ژوورێ، پیرە پیاوێکی لاواز پەیدابوو، باڵابەرزی ڕیش سپی، هەموو سەری خوێناوی بوو. تێمان ڕوانی، دیمان شکاوییەکی نزیکی دە سەنتیمەتر درێژ لە سەرو تەوێڵیدایە. ئێستا ئەو وا دەڵێ: ((من شوانم، لەبەر ئەوەی بەرانێکم دزرابوو و لای ڕانێکی کە دۆزیمەوە –(بە خوا)–، لەگەڵ شوانی ڕانەکەی تردا بووە شەڕمان. دەمویست مەڕەکەم بهێنمەوە، بەڵام دزەکە، خوا دەزانێ و (خوا یار بێ) خوا تۆڵەی لێ دەکاتەوە، زمانی بەرانەکەی بڕیبوو و ناردبوویە لای (شەیتان) و نەیدامەوە، جنێوی پێ دام و بەردی تێ گرتم، یەکێك لەو بەردانە بەرم کەوت و سەری شکاندم...)).

www.zheen.org

ئێستا نەریت لای کوردان وایە: گەر یەکێك لە شوێنێك بریندار بێ و خوێنی لێ بێ، تاوانکەرەکە لە هەمان ناوچەی دەسەڵات بێ، پێویستە باجێکی وا بدا کە پێنج پاوەندە، دەکاتە نزیکەی شەست مارکی ئەڵمانی. خۆ ئەگەر خوێنی تێدا نەبوو، ئەوا لە ڕاستیی ڕووداوەکە دەکۆڵنەوە.

پاش ئەوەی زانرا ئەمە ڕاستە، حاجی "ئاغا باسار" دە پیاوی چەکداری خۆی نارد بۆ شوێنی دێی ڕووداوەکە، بۆ ئەوەی تاوانبارەکە بهێنن. سوارەکان زۆر بەخێرایی سوار بوون و بەرەو دوور ڕۆیشتن. ئێستا نۆرەی ئێمەیە (دکتۆرەکان)، پێش هەموو شتێك سەریمان بە ترشەلۆکێك شت، تا لە خۆڵ و خاشاك پاکی بکاتەوە. ئەو کاتە سەرشکاوی پیر قسەی زلی دەکرد، دەیوت ئێوە ئەو شتە بدەنە دەست من، بە جارێك هەمووی پاك دەکەمەوە، مەبەستی لۆکەکە بوو.

بێهیوا چاوەڕێم، چونکە هیچ مەڵحەمێکی شکاوی یا برینداریم لا نییە، هیچ چارەیەك نییە یۆد نەبێ کە بۆ سارێژ بەکاری بهێنین. ئاگاداری سەرشکاوم کردەوە کە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە، ڕەنگە زۆر ئازارو سووتاندنەوەی هەبێ، وشەی ((قەیناکە))ی دووبارە کردەوە، ئەوە ((گرنگ نییە)). کاتێك برینەکەم بە یۆد سارێژ دەکرد، ئەم کوردە چەند ئازاری پێ دەگەیشت، کەچی چاوێکی نەدەترووکاند. پاش ئەوە وتی: هەروەك خەنجەر لە سەرمدا ڕادەن وابوو.

ئەو خزمەتکارانەی کە نێردرابوون، نیوەڕۆی دوایی هاتنەوە، بێ ئەوەی شوانەکەیان لەگەڵدا بێ. بەڵام -لەجیاتیی ئەوە- پازدە مەڕو بزنیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. وتیان لە ماڵەوە نەبوە و ئەمڕۆش خۆی شاردووەتەوەو خۆی دەرنەخستووە، لەبەر ئەوە چووین و پازدە ئاژەڵمان هێنا، نرخیان دەیکردە پێنج پاوەند. پاش ماوەیەك خۆی ئامادە بوو، وەك چۆن چاوەڕوان دەکرا، ئەو مامەڵە دوورودرێژە لەگەڵ خزمی تاوانکارەکەدا دەستی پێ کرد.

لێرە، لە گاپیلۆن، چەند ڕۆژێکی خۆشمان بەسەر برد، ئێواران لە میوانخانەکە لەگەڵ چەند هونەرمەندو یاریزانێکدا خۆمان تاقی دەکردەوە و توانایی و هێزی یەکتریمان لە ئازایەتی و لێزانیدا نیشان دەدا، جگە لە کوڕە گەورەکەی حاجی ئاغا باسار و برازاکەی کە بۆ ڕێزلێنانی ئێمەی میوان دەهاتن، چەندین جەنگاوەر ڕێیان دەدرا بەشداربن.

ئەو دوو شەوە ئێمە لە یاریی هێز و بازوودا دۆڕاو بووین، بەڵام لە یاریی خێرایی و مەکربازیدا (هونەر) باڵادەست بووین، دەمانتوانی گەمەکە چەندین سەعات بە یارییەکی ئاسان گەرم بکەین، پێشنیارمان کرد هەر جارێك یەکێك بدۆڕێ و زرمەیەکی لێ بدرێ.

کاتێك وتمان ئێمە ماندووین و دەمانەوێ بخەوین، نۆرەی گۆرانی چڕینی گۆرانیبێژ هات، دەنگە دووبارەکان تا دەهات بەرزتر دەبوەوە، ئەوەندە گۆرانیی وت تا هەموو خەوتین. ئێمە لە ناوچەی دەسەڵاتی حاجی "ئاغا باسار"دا ڕەچاوی ڕێكوپێكیی دەسەڵاتەکەیمان دەکرد و پیاوانی شارەزا و زانای تێدابوو، لەڕاستیدا ئاگایان لە هەموو شتێك بوو، بەڕادەیەك لێمان ڕانەدەبینین.

بەوە نائارام بوو کە خەڵك لە ناوچەکەیدا نەخوێندەوارن و نازانن بخوێنن و بنووسن، لەبەر ئەوە دەیەوێ ئێستا چەند کەسێك لەسەر حیسابی خوێ بنێرێ بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی فێری خوێندن بن، کە گەڕانەوە بە ناوچەکەدا بگەڕێن و هەموو خەڵك فێری خوێندن بکەن.

میرنشینەکەی کە نزیکەی هەشتا هەزار جەنگاوەرە، هەمووی لەژێر دەستدایە، وا نەبوایە، نەیدەتوانی پێش چەند ساڵێك بەشێك لە وڵاتی فارس داگیر بکا و لەوێ نیشتەجێ بن. ئەم ڕاستییە لە هیچ شوێنێك ئاشکرا

www.zheen.org

**نەکراوە، میرێکی کورد چەند شوێنێکی داگیرکراوی لە وڵاتی فارس هەبێ – ئێستا کوڕە گەورەکەی ئەوێ بەڕێوە دەبا.**

**ئێمە لەلایەن ئەم کوڕەیەوە میوانداری کراین، بۆ ئەوەی ماوەیەکی زۆر درێژ لە ناوچەکەیدا کە لە ئێرانە، بمێنینەوە، بەڵام باوکی وا زوو دەستبەردارمان نەدەبوو. سەرەڕای ئەوە، شێخ مەجید و شێخ مەحەمەد چاوەڕێی گەڕانەوەمان بوون. ئا لێرەدا بیر لەوە دەکەینەوە مانەوەمان لە کوردستان لانی کەم نیو ساڵی* تر درێژ بکەینەوە، چونکە زۆر خۆشەویستین و زۆر هاوڕێیەتیمان دروست کردووە.**

**هەروەها هەلمان بۆ ڕەخساوە زانیاری لەسەر ناوچەکە و خەڵکەکەی کۆ بکەینەوە، ئەوە بۆ کەسی تر نەڕەخساوە. زۆر ئاشکرا و ڕوون بووەوە بۆمان کە زۆر جار دەمانبیست کوردەکان هەر غەوارە یا ئەوروپییەك لەم ناوچە شاخاویانەی خۆیاندا ببینن، دەیکوژن، یا ڕووتی دەکەنەوە. هەموو جارێك بیرمان لەو"عەلی بەگ"ە قێزەونە دەکردەوە کە هەمان بۆچوونی ئێمەی هەبوو. ئەم شتە ئێستا لە کوردستان شتێکی ئاساییە. لە زۆر کۆنەوە هەر غەوارییەك بە چاوی دوژمن تەماشا دەکرێ و پێویستە دوژمنیش ون بێ. ئێمە خۆمان لە ڕێی ئەو مۆڵەتەی پاشاو جێنشینەکەیەوە، بە زمان زانین و جلە کوردیەکانمانەوە، لەم ناوچە کێوییەدا وەك هاووڵاتییەکی کورد، نەك بێگانە، تەماشامان دەکرا، لەبەر ئەوە لە هیچ نەدەترساین.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

*** بیرکردنەوەی نووسەر بۆ درێژەدان بە مانەوەکەیان لە کوردستان بۆ (٦) مانگی تر، ئەوە دەسەلمێنێ کە نووسەر ئەرکێکی لە ئەرکی ڕۆژنامەنووسێك گەورەتری لە ئەستۆدا بووە، واتە کارەکەیان زیاتر کۆکردنەوەی زانیاری بووە لە سەر دانیشتوانی کوردستانی خاوەن سامانی نەوت و کەرەستەی خاوی تر. (فیرۆز)**

ئەوەی بەتایبەتی کوردەکانی دڵنیا دەکردەوە، ئەوەبوو ئێمە وەك هاوڕێ و یارمەتیدەر هەڵسوکەوتمان دەکرد. مردن و نەخۆشی لێر زۆرن و کەس یارمەتیدەر نییە، چونکە نەفام و بێهۆشن، هەمووشتێك بە چاك یا خراپ دەدەنە پاڵ خوا و هەمووی لای خواوە نێردراوە. ئەوان وابیر دەکەنەوە هەمووشتێك لەلای خواوەیە. نابێ پێچەوانەی ئەمە هیچ شتێك لەدژی بەکار بهێنرێ.

چەندە خۆشیمان خستە دڵی ئەم بێدەرتانانە، بەڵام مانەوەمان لێرە گرفتێکی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك شتومەکمان پێیە، جگە لەوە نە فیلم، نە دەرمان و شتومەکی پزیشکی، هەموومان لە سلێمانی لەلای شێخ لەتیف داناوە. چەند خۆش دەبوو گەر ئێمە، لەم شوێنەی ناوەوەی کوردستان، هەموو جارێك دیارییەکی پچووکمان پێ بوایە بۆ ئەوانەی کە تازە لەدایك دەبن. ئەمەم زۆر لەگەڵ زێپ و عومەردا دەوتەوە، تا وای لێ هات بڕیارمان دا بەدزییەوە بچینەوە بۆ سلێمانی، تا هەموو شتێکی پێویست بۆ ماوەی نیو ساڵ لەگەڵ خۆماندا بهێنین.

وەك چۆن لە ڕابردوودا شەیدای سەگبازی بووم، زۆر خۆشحاڵ بووم، کە بە سواری لە گاپیلۆنەوە بە نێو دێکانی هەوشاردا بڕۆم. ئەم شوێنە لە کوردستان بە سەگی دڕو و ئازا بەناوبانگە. هێشتا چەند دانەیەك لەو سەگە بەناوبانگانە لەم ناوچانە ماون، پێیان دەڵێن (سەگی هەوشار)، ئەمانە وا گەورە دەبن وەك کەرێکی بچووك و زۆر دڕن، بە سەرکەوتوویی بۆ ڕاوی (ورچ و پڵنگ) بەکاریان دەهێنن. کەسێکی بێگانە ناتوانێ بەبێ یاوەرێکی کورد بچێتە ناو ئەم دێیانەی هەوشار، چونکە ئەم سەگانە پارچەپارچەی دەکەن.

مرۆڤ دەبێ بەلای کەمەوە دوو مانگ لەوێ بمێنێتەوە، تا ئەو سەگانە بیناسن و پەلاماری نەدەن. چەند بەختەوەر دەبووم، گەر بمتوانیایە جووتێك

لەم سەگە جوانانەم بۆ زیادکردن ببردایە بۆ ئەڵمانیا، بەڵام بەداخەوە ئەمە ناکرێ.

ئێمە چەند ڕۆژێکە بەڕێوەین و لە هەموو لایەکەوە بە خۆشحاڵییەوە کاتمان بەسەر دەبرد و پێشوازیمان لێ دەکرا. جارێکیان لە شوێنێکی بەرزەوە نوختەیەکی پشکنینی پۆلیسمان بەدی کرد، زۆر لە خوارەوەی ئێمەوە بوو. دەبوو زۆر بەکەوانەیی بە دەوریدا بڕۆین، تا لە مەترسیی ڕزگار ببین -پاش چوونە خوارەوەیەکی مەترسیدار بەرەو دۆڵی گەورەی سلێمانی، ئێوارە گەیشتینە دێیەکی ئەو ناوە.

## ئێرە دوا شەوی مانەوەمان بوو

لێرە ئەم شتە تراژیدییە ڕووی دا وەك هەموو شوێنێك، ئێمە لێرەیش میوانی پیاوماقووڵی دێ بووین، جێی خەوتنیان بۆ ئامادەکردین و خەوتین. لەپڕ زۆر بەتوندی لە دەرگا درا، ئێمە هێشتا لە خەودا بووین. دەنگێکی ئاڵۆز لە خوارمانەوە دەهات، عومەر هەستا و بەخێرایی ڕای کرد بەرەو خوار. هەموو دەورمان گیرابوو، چونکە دڵنیا نەبووین، خۆمان فڕێ دایە خوارەوە، بەدوای ئەودا ڕامان کرد، عومەر ئیشارەتی کردین بمێنینەوە.

زۆر بەترسەوە گوێمان گرتووە، تا بزانین لە خوارەوە چییە. بەڵام لەم سەرلێ شێوانەدا هیچ وشەیەك تێ نەگەیشتین. پێما وایە، هەموو شتەکان لەبارەی ئێمەوەیە. عومەر زوو هاتەوە و بە چاوتروکاندنەوە پێی گوتین: ((ئێمە خەبەرمان لێ دراوە و دەورمان گیراوە)) چرکەیەك بێدەنگی بوو. پاشان ئەو وتی و وشە بە وشە ددانی پێدا دەنا: ئەم دێیە بچووکە بە پۆلیس دەوری گیراوە.- ڕاکردن مەحاڵە- دەبێ هەموویان بکوژین! من ئەوەم نەدەویست، ئەمەم بەخێرایی وت: ((نا ئێمە، کریستیانین (مەسیحین))، تەقە

له کەس ناکەین! دەمانەوێ بە جوانترین شێوە بژین و چی دەبێ بۆ ئێمە با ببێ، خوێن نارێژین)).

ئەم عومەرە ژیرە زۆر خەمخۆر بوو، بە هیچ جۆرێك لە مەبەستمان تێنەدەگەیشت، لەو چەند هەفتەیەدا ئێمەی وا چاك دەناسی کە هەموو سەرکێشییەکمان لەگەڵدا دەکرد، تەنانەت گەر هێرشیان بکردایەتە سەرمان، بە چەك پارێزگاریی دەکردین تا مردن– ئیستا ئاوا بە ئاسایی ئەم پەلامارە ڕەت دەکەینەوە.

لەخوارەوە گوێمان لە دەنگێك بوو، تووڕە بوو، وەڵامم دانەوە، خەمی ئێمەتان نەبێ، هیچ ڕوو نادا، ئێمە ئەڵمانین. ئەمەم وت بۆ ئەوەی ئەوان ئارام بن. بە عومەریشم وت ((ئیستا لەگەڵیاندا دەچین بۆ سلێمانی و ئەگەر نەمانتوانی بگەڕێینەوە بۆ ناوچە ئازادەکان ، سڵاو بگەیێنە بە هەموو ئەو هاوڕێیانە –هەروەها شێخ لەتیف!! ((خوات لەگەڵ)).


زۆر مامەڵە لە سلێمانی چاوەڕێی دەکردین، ئەوان دەیانویست زۆر ئازارمان بدەن و لە سنوورەوە دەرمان بکەن، بەڵام دەبوو لە سلێمانی دوور نەکەوینەوە. توانیمان لە ڕێی ئەو تاکتیکانەوە کە فێریان بووبووین، یەکێك بدۆزینەوە بمانگەیێنێتە بەغدا.

حەبێکی تاڵ بوو من و زێپ قووتمان دا، پاش ئەو هەموو ڕۆژە خۆشانەی کە لەناو کوردستان بەسەرمان بردن. هیچ گومانێك لە دڵماندا نەما سەبارەت بەوەی کە لەوانەیە سەرەڕای هەموو بەرهەڵستییەك لە کاتێکی زۆر نزیکدا سەر لەم ناوچەیە بدەینەوە. چۆن بگەڕێینەوە بۆ ئەم وڵاتە نەناسراوەی کە زۆر بیری دەکەینەوە، کوردستان!


www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org


www.zheen.org



نووسەر لەبەردەمی هەرەمەکانی جیزەدا




چاوخشاندنێك بە بەغدادا



**شێوەی چایخانەیەکی بەغدا، کە ژمارەیان زۆرە**



**ژیانی ناهەمواری کۆلیتەکانی پێش چوونە ناو شاری بەغدا**



**نیگاره جوانەکانی مزگەوتی پیرۆزی کازمییە**



**نیگایەك لە ناوەوەی مزگەوتی پیرۆزی کازمییە**



**بەدوویەك لەكاتی نوێژكردندا**



**شاری سلێمانی كە پایتەختی كوردستانە**



شێوەیەکی ڕێگەوبانی کوردەواری



وێنەی دێیەکی کوردی



**وێنەیەکی شێخ مەحموود کە خۆی بە دەستی پێشکەشی میوللەری کردووە**



ڕێوبانی ناو چیاکانی کوردەواری



سەرلەشکری کوردان، شێخ مەجید

## وێنەی دێیەکی کوردی



نووسەر و هاوڕێکەی"زێپ" لە سەربانی ماڵی شێخ مەجید نیوەڕۆژە دەکەن



**کوردەکان**


بنکەی ژین
www.zheen.org

**سەردانی مەلای گەورەی کوردستان**



سوارچاکیی شێخ مەجید،
نووسەریش بە ئۆکۆردیۆنە (ڕیگینا) ناوەگکەیەوە مۆسیقا دەژەنێ



نووسەر وەك میوانی "ئاغا باسار؟"، یەکێك لە سەرۆکەکانی کورد



**کوردەکان لە ناوچە شاخاویەکەیاندا وەك پاسەوان**



**بنکەی پۆلیسی عەرەبەکان لە ناوچە دەشتاییەکان**



**نووسەر لە ناوەوەی کوردستانی داخراو**




پرووبەرگی چاپی یەکەمی کتێبەکە